ژمارە (537) دووشەممە 2019/1/7 – 17ی بەفرانبار 2718 (750) دینار

## لە دوو فەرمانگەی دهۆک 60 ملیۆن دینار دەدزرێ

**ڕووداو– دهۆک**

دوو باڵەخانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی دهۆک کە هێشتا ڕادەستی حکومەت نەکراون، بایی 60 ملیۆن دینار کەلوپەلیان لێ دزراوە، لێژنەیەکیش بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە پێکدەهێنرێ کە کەلوپەلی ئەو دوو باڵەخانەیان بردووە. ئەو دوو باڵەخانەیە یەکێکیان لە سەنتەری شاری دهۆکە و ئەوەی دیکەیان لە کۆمەڵگەی تەناهییە لە دەرەوەی شاری دهۆک.

عەبدولخالق ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پرۆژانە کە هەندێکیان تەواو نەکراون، ساڵێکە بەڵێندەر جێیهێشتوون، بەهۆی ئەوەی 100% تەواو نەبوون، ئێمە ناتوانین وەریانگرین. پرۆژەکانیش پاسەوانیان نییە، بۆیە پێش دوو هەفتە زانیمان دزی لە پرۆژەکاندا کراوە، ئێستاش لێژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە". ئەو کەلوپەلانەی دزراون گەورەن و بە دەست هەڵناگیرێن، سیڵنگ و بارهەڵگر بۆ دزینیان بەکارهاتووە. بە گوتەی عەبدولخالق ئەحمەد، ئەو کەلوپەلانەی دزراون بایی زیاتر لە 60 ملیۆن دینار دەبن. جگە لەوەش چەندین دەرگە و جامی باڵەخانەکانیان شکاندووە. عەبدولخالق ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لەلای پۆلیس سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام هێشتا کەس لەسەر دزینی ئەو کەلوپەلانە دەستگیر نەکراوە.

2«

کوردی ڕۆژئاڤا مکوڕن لەگەڵ ئەسەد ڕێکبکەون

5

**یەکێتی:**
پارێزگاری کەرکووک بەرامبەر بە سەرۆکی هەرێمە

3



**عارف قوربانی:**
بەرپرسیارێتی یەکێتی لە مەسەلەی کەرکووکدا

19

ژنان 12

کچێکی کورد لە 100 کەسە کاریگەرەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە



ڕاپۆرتە هەواڵ 2

نرخی خانوویەک لە هەولێر دەگاتە 20 ملیۆن دۆلار

ئابووری 8

خەرجی یارییە ئاگرینەکانی شەوی سەری ساڵ 400 هەزار دۆلار بووە



کۆمەڵایەتی 13

بە هاوکاریی پیاوێک، مێردەکەی خۆی دەکوژێت



### یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتی بارزانی و کۆسرەت ڕەسوڵ کۆدەبنەوە

# یەکێتی پرۆژەیەکی نوێ دەداتە پارتی

**ڕووداو – سلێمانی**

یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی داهاتوویدا لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستان پرۆژەیەکی نوێ دەداتە پارتی و ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتیش دەڵێت پرۆژەکە چارەسەرێکی مامناوەندی تێدایە بۆ پرسی پێکهێنانی حکومەت و دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووک.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کە ڕۆژی یەکشەممە 2018/1/6 لە سلێمانی کرا، تاوتوێی چەند پرسێکی جیاوازی کرد، لەوانە: وردەکارییەکانی دانانی وەزیرە کوردەکەی بەغدا، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەکی نوێ کە لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتییەوە ئامادەکراوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی کە بەشداری لە نووسینی پرۆژەکە کردووە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەو پرۆژە نوێیەمان داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی. بەپێی پرۆژەکە خاڵە جیاوازەکانی نێوان پارتی و یەکێتی کەمدەبێتەوە و چارەسەری ناوەندی دۆزیوەتەوە، لە دانیشتنی ئەمجارەی پارتی و یەکێتی، پێشکەش بە پارتی دەکرێت و ئەوکات دەردەکەوێ کە ئاخۆ ڕێکدەکەون یان نا".



سەرچاوەیەکی ئاگاداری پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی کۆبوونەوەی داهاتووی پارتی و یەکێتی ئاشکرا کرد و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو شاندی یەکێتی و پارتی لە پیرمام کۆدەبنەوە و پێدەچێت بارزانی سەرپەرستی کۆبوونەوە هاوبەشەکە بکات، یەکێتی 5 وەزارەت و گۆڕان 3 وەزارەتیان بەردەکەوێت و دەبێت پرسی سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکلا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر لەو مانگەدا حکومەت پێکبهێندرێ". هەروەها ئەندامەکەی سەرکردایەتیی یەکێتی دەڵێت: "ئەمجارە شاندی یەکێتی لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵەوە سەرۆکایەتی دەکرێت".

3

## سەرمایەدارانی کوردستان ڕوو دەکەنە ئێران

**ڕووداو– هەولێر**

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێت ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار و وەبەرهێنەری گەورەی کورد بۆ سەرمایەگوزاری و کڕینەوەی پرۆژە و کارگە ڕوویان لە ئێران کردووە.

مەلا یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، کارکردن لە زۆربەی پرۆژەکانی کوردستان وەستا، بەم هۆیەشەوە پاشەکشێیەکی گەورە لە وەبەرهێناندا ڕوویدا، بەشێکی زۆر لە وەبەرهێنەران ڕوویان لە تورکیا و ئێران و عێراق و هەندێ وڵاتی ئەورووپی کرد".

بە گوتەی مەلا یاسین، سەرمایەدارانی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردوودا بایی نزیکەی 7 ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە تورکیا و ئێران و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و هەندێک وڵاتی ئەورووپی کردووە. 20%ی ئەوە لە ئێران بووە.



مەلا یاسین ئاماژەی بەوەدا کە هەرێمی کوردستان نەیتوانی سوود لە گەمارۆکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران وەربگرێ و کارێک بکات وەبەرهێنەرانی ئێران ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن "بە پێچەوانەوە، حکومەتی ئێران زیرەکانە لەڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی یەک پەنجەرە کە بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕۆتین و ئاسانکاری، توانیویەتی سەرنجی بەشێک لە سەرمایەدارانی کوردستان و عێراق ڕابکێشێ، ئەمەش سەرەتایەکی مەترسیدارە بۆ پاشەکشێی زیاتری وەبەرهێنان لە کوردستان".

8

## وەزارەتی ناوخۆ پرۆژەیەکی پۆلیسی هۆڵەندا ڕەتدەکاتەوە

**ڕووداو– هەولێر**

بە هەوڵی پەنابەرێکی کورد لە هۆڵەندا، سەندیکای پۆلیسی هۆڵەندا ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ دامەزراندنی سەندیکای پۆلیسی کوردستان، بەڵام وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پرۆژەکە قبوڵ ناکات.

سامان کە پەنابەرێکی کوردەو ئێستا بەرپرسی پرۆژەی نوێکردنەوەی پۆلیسی هۆڵەندایە دەڵێت . ساڵانی زۆر لۆبیی کردووە و هۆڵەندییەکانی قایلکردووە کە پارە لە پرۆژەیەکدا خەرج بکەن بۆ دروستکردنی سەندیکایەک بۆ پۆلیسی کوردستان، تاوەکو لەو ڕێگەوە پۆلیسی کوردستان ببێتە دامەزراوەیەکی پرۆفێشناڵ. سامان دەڵێت :"پرۆژەکە هیچ ئەرکێکی دارایی بۆ کوردستان دروستناکات و سەندیکای پۆلیسی هۆڵەندی هەموو ئەرکێک دەگرنەئەستۆ تا نەک هەر پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو وەک خەمڵاندوویانە ساڵانە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلاریش ببێتە دەستکەوتی سەندیکای پۆلیسی کوردستان". بەڵام دەڵێت کاربەدەستانی کوردستان هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە و بەجدی لە پرۆژەکە نایەنە پێشەوە.

د.سامی جەلال، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پشتڕاستیکردەوە کە ئەو پرۆژەیەیان بۆ هاتووە، بەڵام ڕەتیانکردووەتەوە. هۆکاری ڕەتکردنەوەکەشی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە و گوتی "لە کوردستان دروستکردنی سەندیکایەک لە بوارە مەدەنییەکان ڕێگەپێدراوە، بەڵام بەپێی یاسای سەربازی دروستکردنی سەندیکایەکی لەو جۆرە بۆ سلکی پۆلیس و سەربازی قەدەغەیە".

11

# "دیداری تەمەن" پێش بڵاوکردنەوەی پێشانی نەوشیروان مستەفا دراوە

**ڕووداو– هەولێر**

دوو بەرپرسی پێشووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یەکدی تۆمەتباردەکەن بە بڵاوکردنەوەی ناڕاستی و هەریەکەیان دادگایی ئەوی دیکە بە حەق دەزانێت.

سەلاح ڕەشید، نووسەری کتێبی دیداری تەمەن کە باسی ژیانی مام جەلال دەکات نووسیویەتی "مامۆستا جەعفەر پێش هەموومان دەزانێت، ئەگەر ڕۆژێ دادگایی هەندێ کەس بکرێت، ئەبێ ئەوان بدرێنە دادگا کە زیانیان بە یەکێتی و ڕێبازی مام جەلال گەیاندووە و دژی وەستابوونەوە".

ئەو گوتانەی سەلاح ڕەشید لە وەڵامی گوتارێکی مامۆستا جەعفەر، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە کە لە ژمارەی ڕابردووی هەفتەنامەی (ڕووداو) بڵاوکرابووەوە و نووسیبووی "بەلامەوە سەیرە سەلاح ڕەشید کتێبی (دیداری تەمەن)ی بڵاوکردەوە! بەلاشمەوە سەیرە هێرۆخان یان بافڵ و قوباد لە دادگا داوایان لەسەر (بەناو) ئامادەکاری ئەم کتێبە تۆمارنەکردووە".

لە درێژەی گوتارەکەیدا مامۆستا جەعفەر نووسیویەتی "ئەم کتێبە بۆ مەبەستێکی سیاسی نووسراوە، نەک بۆ مەبەستێکی زانستی و ئەکادیمی و خزمەتی مێژووی گەلی کورد. دیارە بە هاندانی چەند کەسێک لە براگەورەکانی لە تەڤگەری گۆڕان ئەم کارەی بڵاوکردووەتەوە، دیارە چەند بەشێکی گفتوگۆکە کە بە زەرەری بەشێک لە سەرانی تەڤگەری گۆڕان بووە، سڕاوەتەوە".

لەبەرامبەردا سەلاح ڕەشید دەڵێت "ئەم کۆپلەیە ئەوەندە ئاستی نزم و بێ ناوەڕۆک و پڕ ئیتهامکردنە کە پێویست بە وەڵامدانەوە ناکات، تەنیا ئەوەندە دەڵێم، ئەو ئەوەندە ئازا نەبووە ناوەکە بهێنێت و نووسیوێتی (برا گەورەکانی تەڤگەری گۆڕان) کە مەبەست لە خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستوفا بووە، چونکە لەناو گۆڕاندا تەنیا ئەو کۆپییەکانی پێش چاپکردن دیوە".

14



## ژنێک بەهۆی تەقینی چەرخێکەوە دەسووتێ

**ڕووداو-ڕانیە**

گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، ژنێک بەهۆی چەرخێکەوە کە کاری نەکردووە، بەشێکی زۆری جەستەی سووتاوە و بۆ چارەسەریش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتاوی شاری سلێمانی کراوە .شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ئیدارەی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ژنێکی دانیشتووی گەڕەکی پێنجی ئازار لە شارۆچکەی حاجیاوای ئیدارەی ڕاپەڕین، لەکاتێکدا نەوتی کردووەتە زۆپاوە ئەو چەرخەی بەکاریهێناوە بۆ داگیرساندنی زۆپاکە بەباشی کارینەکردوە، ئەویش چەند جارێک چەرخەکەی بە زەویدا کێشاوە تاوەکو کار بکات، بەڵام چەرخەکە تەقیوە و بەو هۆیەوە ئاگر لە بەشێکی جەستەی ژنەکە بەربووە". ژنەکە کە تەمەنی 30 ساڵە 60%ی جەستەی سووتاوە و بۆ چارەسەرکردنیش ڕەوانەی نەخۆشخانەی سووتاویی سلێمانی کراوە.

# لە دوو فەرمانگەی دهۆک 60 ملیۆن دینار دەدزرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**



دوو باڵەخانەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی وەرزش و لاوانی دهۆک کە هێشتا ڕادەستی حکومەت نەکراون، بایی 60 ملیۆن دینار کەلوپەلیان لێ دزراوە، لیژنەیەکیش بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە پێکدەهێنرێ کە کەلوپەلی ئەو دوو باڵەخانەیان بردووە.

ئەو دوو باڵەخانەیە یەکێکیان لە سەنتەری شاری دهۆکە و ئەوەی دیکەیان لە کۆمەڵگەی تەناهییە لە دەرەوەی شاری دهۆک. لە مانگی ڕابردوودا بایی نزیکەی 60 ملیۆن دینار کەلوپەل لەو دوو باڵەخانەیە دزراوە. دوو هەفتە لەمەوبەر لیژنەیەک لەلایەن بەشی ئەندازیاری و یاسایی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر پێکهێنراوە، بەڵام تا ئێستا کەس لەسەر ئەو دۆسیەیە دەستگیرنەکراوە.

پێنج ساڵ لەمەوبەر کۆمپانیای مێگاستێر دەستی بە دروستکردنی پێنج باڵەخانە بۆ ناوەندەکانی وەرزش و لاوان لە دهۆک، تەناهی، دەرکار، دینارتە و زاخۆ کرد، بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک، سەرپەرشتی پرۆژەکانی دەکرد، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەیتوانی سەرجەم پرۆژەکان تەواو بکات. بەشێکیان 15% و بەشێکیان 25% بۆ 30%یان ماوە تەواو بکرێن.

عەبدولخالق ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی ئەندازیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو پرۆژانە کە هەندێکیان تەواو نەکراون، ساڵێکە بەڵێندەر جێیهێشتوون، بەهۆی ئەوەی 100% تەواو نەبوون، ئێمە ناتوانین وەریانگرین. پرۆژەکانیش پاسەوانیان نییە، بۆیە پێش دوو هەفتە زانیمان دزی لە پرۆژەکاندا کراوە، ئێستاش لیژنەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە".

ئەو کەلوپەلانەی دزراون گەورەن و بە دەست هەڵناگیرێن، سیلێنگ و بارهەڵگر بۆ دزینیان بەکارهاتووە. بە گوتەی عەبدولخالق ئەحمەد، ئەو کەلوپەلانەی دزراون بایی زیاتر لە 60 ملیۆن دینار دەبن. جگە لەوەش چەندین دەرگە و جامی باڵەخانەکانیان شکاندووە. عەبدولخالق ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لەلای پۆلیس سکاڵایان تۆمار کردووە، بەڵام هێشتا کەس لەسەر دزینی ئەو کەلوپەلانە دەستگیر نەکراوە.

نێچیرڤان سادق، بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی دهۆک بە (ڕووداو) گوت: "ئەو باڵەخانانە بۆ ئێمە دروستکراون و سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ئێمەن، بەڵام هێشتا بە فەرمی وەرماننەگرتوون، چونکە بەشی ئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری دهۆک سەرپەرشتیان دەکرد و دەبێ ئەوان وەریبگرن، پاشان بدرێن بە ئێمە".

نێچیرڤان سادق دەڵێت تا ئێستا چەند نووسراوێکیان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووە بۆ ئەوەی پەلە بکەن لە تەواوکردنی ئەو باڵەخانانە، بەڵام وەزارەت وەڵامی نەداونەتەوە. نێچیرڤان سادق پێیوایە مانەوەی ئەو باڵەخانانە بە تەواونەکراوی، زیانێکی زۆریان پێدەگەیەنێ و ئەو پارەیەشی لە دروستکردنیان خەرجکراوە بە هەدەر دەچێ، چونکە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبن و تەنانەت ناتوانن پاسەوانیشی بۆ دابین بکەن، بەو هۆیەوە ئەگەری هەیە باڵەخانەکان بە تەواوی تاڵان بکرێن.

دلبرین شەوکەت، نوێنەری یاسایی لە لیژنەی بەدواداچوونی دزینی ئەو کەلوپەلانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند :"گومانمان لە کەس و لایەنێکی دیاریکراو نییە، تا سکاڵای لەسەر تۆمار بکەین، لایەنە ئەمنییەکانی شاری دهۆکمان لە دزییەکە ئاگادار کردووەتەوە و ئەوان سەرقاڵی بەدواداچوونن، بەڵام تا ئێستا کەسیان دەستگیرنەکردووە".

## داواکاری گشتی داوای ڕوونکردنەوە دەکات

# قوتابخانەیەکی ئەهلی دوو ساڵ بەبێ مۆڵەت قوتابی وەرگرتووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە سلێمانی قوتابخانەیەکی ئەهلی کە وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی نەداوەتێ، بۆ ماوەی دوو ساڵ قوتابی وەرگرتووە. لەسەر سکاڵای کەسوکاری قوتابییەکیش داواکاری گشتی داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی دەکات.

کۆمەڵگەی پەروەردەی نێودەوڵەتی پارسیان زاگرۆس لە ساڵی 2016 لە سلێمانی کراوەتەوە، دوو ساڵ قوتابیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی پێنەداون. مامۆستا عیسام عیسمەت، بەڕێوەبەری خوێندنگە و پەیمانگا ناحکومییەکان لە وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو قوتابخانەیە دوو ساڵ بەبێ مۆڵەتی وەزارەتی پەروەردە دەوامیان کردووە و قوتابیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا بەهۆی نەگونجانی باڵەخانەی قوتابخانەکە وەزارەت مۆڵەتی پێنەداون".

بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە هەر قوتابخانەیەک بکرێتەوە، سەرەتا مۆڵەت وەردەگرێت و لەسەر وەزارەت پێویستە لە ماوەی 60 ڕۆژدا مامەڵەکەیان بۆ ڕایی بکات، ئەگەر نەتوانرا مامەڵەکەیان بۆ ڕایی بکرێت، قوتابخانەکە دەتوانێ دەستبەکار بێت. مامۆستا عیسام دەڵێت :"ئەگەر قوتابخانەکە کێشە و کەموکوڕی هەبێت، نابێ دەوامی تێدا بکرێ، لیژنەی وەزارەت باڵەخانەکەی بینیوە، کە بۆ باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی گونجاو نەبووە، بۆیە مۆڵەتمان پێنەدان".

بەڵام پەروەردەی سلێمانی کێشەی مۆڵەتی پارسیان زاگرۆس بۆ سەرقاڵی وەزارەت دەگەڕێنێتەوە نەک کەموکوڕی قوتابخانەکە، بەهرۆز مەحموود محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی پەیمانگا و قوتابخانە ناحکومییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "قوتابخانەکە هیچ کێشەیەکی نەبووە و هەموو مامەڵەکانی بۆ ئێمە ناردووە و ئێمەش ناردمان بۆ وەزارەتی پەروەردە، بەڵام لیژنەی باڵای وەزارەت بەهۆی سەرقاڵیانەوە نەیانتوانی کار لەسەر پێدانی مۆڵەت بکەن". بەهرۆز مەحموود دەشڵێت: "بەپێی ڕێنماییەکان نابێت ڕێگەپێدان لەلایەن پەروەردەی سلێمانییەوە بێت، بەڵکو دەبێت هەر کەسێک دەیەوێت باخچە، قوتابخانە یان پەیمانگایەک بکاتەوە ڕاستەوخۆ سەردانی وەزارەتی پەروەردە بکات، لەوێ ڕەزامەندی بدەن، ئینجا بێتە لای ئێمە، ئێمەش لەکاتێکی دیاریکراودا بۆیان دەنێرینەوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی لیژنەکەی وەزارەت، مۆڵەت نەدراوەتەوە قوتابخانەکە".

**بەهۆی نەشیاوی باڵەخانەی قوتابخانەکە مۆڵەتمان پێنەدەدان**
وەزارەتی پەروەردە

بەهرۆز مەحموود پشتڕاستی کردەوە کە قوتابخانەی پارسیان زاگرۆس کێشەی باڵەخانەی هەبووە و دەڵێت: "ڕاستە پێشتر کێشەی باڵەخانەیان هەبووە، بەڵام ساڵێک مۆڵەتیان پێدرا و ئێستا لە باڵەخانەیەکی گونجاودان، بەڵام ئەوە کێشەیەکی جەوهەری نەبووە".

سەبارەت بەوەی کە داواکاری گشتی داوای ڕوونکردنەوەی لە پەروەردەی سلێمانی کردووە، بەهرۆز مەحموود دەڵێت: "پێم سەیرە کە ئەم بابەتە گەیشتووەتە لای داواکاری گشتی و گەورە کراوە، ئێمە وەڵامی داواکاری گشتیمان داوەتەوە، بەڵام دەمانەوێت خۆمان سەردانیان بکەین و بزانین سکاڵاکە لە کێوەیە و لەسەر چییە و بۆچی بابەتەکە گەورە کراوە، خاوەن سکاڵاکە دەتوانت بێتە لای ئێمە و ئێمە کێشەکە چارەسەر بکەین، بۆیە پێویست بە داواکاری گشتی ناکات".

ئومێد عەزیز باوکی یەکێک لەو قوتابیانەیە کە لەو قوتابخانە خوێندویەتی و دەڵێت: "ساڵی خوێندنی 2017-2018 کوڕەکەم لە قوتابخانەی (پارسیان زاگرۆس) ناونووسکرد، دوو ملیۆن دینارمان وەک کرێی خوێندن لێوەرگیرا، بەڵام کاتێک بۆ پەسەندکردنی بڕوانامەی منداڵەکەم سەردانی وەزارەتی پەروەردەمان کرد، گوتیان قوتابخانەکە مۆڵەتی وەزارەتی نییە".

کەسوکاری لاوی ئومێد سکاڵا لەسەر قوتابخانەکە تۆماردەکەن، ئومێد عەزیز گوتی: "ڕۆژی 2018/11/4 لەڕێگەی داواکاری گشتی سلێمانی سکاڵامان تۆمارکرد، پاش سێ ساڵ لە کردنەوەی خوێندنگەکە و پارەوەگرتن لە کەسوکاری قوتابی، قوتابخانەکە دەیانەوێت مۆڵەت وەربگرێ، کەوایە پێشتر مۆڵەتی نەبووە، ئەمەش نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر پرۆسەی خوێندنی سێ ساڵی ڕابردووی قوتابخانەکە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) دوای هەفتەیەک لە تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن کەسوکاری قوتابییەکە، ڕۆژی 2018/11/12 قوتابخانەکە مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی پەروەردە وەرگرتووە.




## خوێن لە چاو و گوێی دێت

# لە هەولێر ژنێک تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

نزیکەی دوو ساڵ و نیوە ژنێک لە هەولێر بەدەست نەخۆشییەکی دەگمەنەوە دەناڵێنێ. ڕۆژانە چەند جارێک خوێن لە چاو و گوێ و دەم و لووتی دێت، پزیشکێکی پسپۆڕی خوێنیش دەڵێ تاوەکو ئێستا هۆکار و چارەسەری نەخۆشییەکە دەستنیشان نەکراوە، بۆیە ناتوانین هیچ بۆ ئەو کەسانە بکەین.

دیلان نازم، 28 ساڵ، ماوەی شەش ساڵە لەگەڵ ڕێبین هورمزیار هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی کوڕ و کچێکن. نزیکەی دوو ساڵ و نیوە دیلان بەدەست نەخۆشییەکی دەگمەنەوە دەناڵێنێ. ڕێبین بە (ڕووداو)ی گوت: "هاوژینەکەم هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، بەڵام بە منداڵی لووتی کەوی کراوە، لە سێ ساڵ و نیوی ژیانی خێزانیماندا هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، بەڵام زیاتر لە دوو ساڵە تووشی ئەم نەخۆشییە بووە".

لەبارەی هۆکاری تووشبوون بەو نەخۆشییەش، دەڵێ :"سەرەتا مانگی جارێک یان بە دوو مانگ جارێک خوێن لە لووتی دەهات، وامانزانی حاڵەتێکی ئاساییە، بەڵام لەناکاو ئاوای لێهات، چەند جارێک خوێن لە چاوی دەردەهات، دواتریش گوێچکە و لووت و دەمی پڕدەبوو لە خوێن".

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ تەندروستیی دیلان بەرەو خراپی دەچێت، وەکو هاوژینەکەی دەڵێ: "ئێستا ڕۆژی وا هەیە سێ جار خوێن لە چاو و گوێچکە و لووت و دەمی دەڕژێت، تەنانەت تووشی خوێنبەربوونی زۆریش دەبێت، بێجگە لەوەش تووشی ژانەسەرێکی توند و تەنگەنەفەسی دەبێت".

کێشەیەکی دیکەی دیلان نازم ئەوەیە کە تووشی هەر نەخۆشییەکی دیکەش بێت، پزیشکەکان ناوێرن چارەسەری بدەنێ، وەکو هاوژینەکەی دەڵێت: "تووشی هەڵامەتێک بێت، سەردانی پزیشکێکی ئافرەتان یان ددان بکات، پزیشکەکان ناوێرن دەرزی و دەرمان و چارەسەری بدەنێ، چونکە ترسیان هەیە لێکەوتەی خراپی لەسەر دیلان هەبێت".

نەخۆشییەکەی دیلان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش چارەسەری نییە، چونکە بەگوتەی ڕێبینی هاوژینی لە ئێرانیش نەیانوێراوە هیچ دەرمان و چارەسەرێکی بدەنێ، ئەو دەڵێ: "دوو مانگ لەمەوبەر بردمە ئێران، لەوێش نەیانزانی نەخۆشییەکەی چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت، بۆیە بەبێ چارەسەر گەڕاینەوە".

د.محەممەد زاهیر، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێن لەبارەی نەخۆشییەکەی دیلان و ئەوانەشی وەکو ئەون دەڵێ: "ئەم نەخۆشییە پێیدەڵێن هیمۆلاکریا نەخۆشییەکی دەگمەنە و کەم کەس لە جیهاندا تووشی دەبن، خوێن لە چاو و دەم و گوێ و لووتی کەسەکە دەردەچێت، نەخۆشەکە تووشی حاڵەتی دەروونی و فسیۆلۆجیش دەبێ".

لەبارەی چارەسەری نەخۆشییەکەش دکتۆر محەممەد گوتی: "هێشتا لە جیهانیشدا نەتواندراوە دەستنیشان بکرێت کە نەخۆشییەکە چییە و هۆکارەکانی تووشبوون چین، تاوەکو چارەسەری بۆ بدۆزنەوە، چونکە لەکاتی پشکنینەکانی نەخۆشەکەدا خوێنەکەی خاوێنە و هیچ دەرناچێت، بۆیە ئێمەش وەکو پزیشکانی پسپۆڕ ناتوانین لەخۆمانەوە هیچ چارەسەرێکی بدەینێ".

پزیشکە پسپۆڕەکە ڕێنمایی کەسوکاری نەخۆش دەکات و دەڵێ :"ئەو کەسانە بە بینینی بەردەوامی خوێنەکە لەڕووی دەروونی و فسیۆلۆجییەوە تووشی کێشە دەبن، سیستەمی بەرگریشیان لاواز دەبێت و خواردنیان کەم پێدەخورێت، بۆیە پێویستە دان بە خۆیاندا بگرن، لەسەر خێزان و دەوروبەریشیان پێویستە بە پلەی یەکەم ئاگاداری لایەنی دەروونی کەسە کە بن، چونکە ڕەنگە کاریگەری هەبێ بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشەکە".

سەبارەت بەوەی کە پزیشکەکانی دیکە لەکاتی نەخۆشیدا ناتوانن چارەسەریان بدەنێ، ئەو پزیشکە دەڵێت: "لەبەرئەوەی خوێنەکەی هیچ کێشەیەکی نییە، دەتوانن لە حاڵەتی کتوپڕ و ڕووداوی لەناکاودا نەشتەرگەریشی بۆ بکەن". ئەو پسپۆڕەی نەخۆشییەکانی خوێن هەروەها دەڵێت نەخۆشییەکە ناگوازرێتەوە، تەنانەت دیلان ئەگەر دووگیانیش ببێ، هیچ مەترسییەک لەسەر خۆی و کۆرپەلەکەی نابێ.







# نرخی خانوویەک لە هەولێر دەگاتە 20 ملیۆن دۆلار

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیایەکی خانووبەرە، ساڵی 2018 ساڵی گەشانەوەی بازرگانیی زەوی و خانوو بووە، بە جۆرێک نرخی کرێ و فرۆشتی خانوو و زەوی بە بەراورد بە ساڵی پێشتر 20% زیادی کردووە.

ڕاپۆرتەکە لەلایەن کۆمپانیای باغی خۆشناوەتی ئامادەکراوە کە 10 لقی لە شاری هەولێردا هەیە. بڕوا فەریق خۆشناو، بەڕێوەبەری کۆمپانیای باغی خۆشناوەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەگوێرەی ئەم ڕاپۆرتە شیکارییەی کۆمپانیاکەمان ئامادەی کردووە، ساڵی 2018 ساڵی بوژانەوەی عەقاراتە. لە دوای 2014 دەتوانین بڵێین یەکێکە لە ساڵە هەرە باشەکانی عەقارات لەڕووی کرێ و فرۆشتن. نرخی فرۆشتن بە تێکڕا ٪20 بەرزبووەتەوە".

بڕوا خۆشناو، ئەو بەرزبوونەوەی نرخە بە نموونە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت زەوییەک کە نرخەکەی 30 هەزار دۆلار بێ، 5 هەزار دۆلار بەرزبووەتەوە. خانوویەک کە نرخەکەی 200 هەزار دۆلار بووبێ، 20 هەزار دۆلار بەرزبووەتەوە، خانوویەک کە نرخەکەی 500 هەزار دۆلار بووبێ، 50 هەزار دۆلاری چووەتە سەر.

بڕوا خۆشناو ئاماژە بەوە دەدات ساڵی ڕابردوو خانوویەک لە هەولێر بە 7 ملیۆن دۆلار فرۆشراوە، خانووش هەیە ئێستا نرخەکەی دەگاتە 20 ملیۆن دۆلار، کە ڕووبەرەکەی 3000 مەترە. هەروەها نرخی زەوییەکی 600 مەتریش لە گەڕەکی وەزیرانی شاری هەولێر گەیشتووەتە یەک ملیۆن دۆلار.

سەبارەت بە نرخی کرێی خانوو، بڕوا خۆشناو ئاماژەی بەوەدا نرخی کرێی خانووش بە بەراورد بە ڕابردوو 15% بەرزبووەتەوە. هەروەها داواکاری لەسەر خانووی کرێ لە نیوەی دووەمی 2018 بە بەراورد بە نیوەی یەکەمی 2018 نزیکەی 45% بەرزبووەتەوە.

بڕوا خۆشناو پرۆژەی گوندی ئیتاڵی دوو بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت :"هەتا مایسی 2018 نرخی کرێ بۆ خانووێکی بەتاڵ 500 دۆلار بوو، ئێستا کرێیەکەی 650 دۆلارە و هیچ خانووێکمان لەم پرۆژەیە نییە بۆ کرێ".

بەڕێوەبەری کۆمپانیای باغی خۆشناوەتی هۆکاری زۆری داواکاری لەسەر خانووی کرێ ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەگەڕێنەوە کوردستان، بە تایبەتی هاووڵاتیانی مووسڵ و بەسرا". هۆکاری دووەمیشی بۆ گەڕانەوەی کۆمپانیا بیانییەکانە کە دوای شەڕی داعش لە 2014 زۆربەیان کوردستانیان جێهێشت.

**خاوەنی کۆمپانیایەک**
**ساڵی ڕابردوو لە هەولێر خانوو بە 7 ملیۆن دۆلار فرۆشراوە**

بڕوا خۆشناو دەڵێت :"دەتوانین بڵێین دوای دروست بوونی قەیرانی دارایی و هاتنی داعش یەکەمینجارە کەرتی خانووبەرە لەڕووی کرێوە ئەو گەشە و جوڵەی هەبێت، بۆیە ئێمە بە پێی ئەوەی ساڵانێکی زۆرە کاری عەقارات دەکەین، دەتوانین بڵێین لە قۆناغی داهاتوودا کەرتی خانووبەرە بوژانەوەیەکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ.

بەهۆی ئەو داواکارییە زۆرەی لەسەر خانووی کرێ هەیە، بڕوا خۆشناو پێشبینی دەکات لە داهاتوودا نرخی خانوو بەرزببێتەوە و دەڵێت "بۆ نموونە لە ساڵی 2012دا نرخی کرێی خانوو لە گوندی ئیتاڵی گەیشتە 2800 دۆلار، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نرخی خانوو لەو پرۆژەیە بگاتە 400 هەزار دۆلار، ئەم نرخەش بە هۆکاری ئەوەبوو کە نرخی کرێ بەرز بوو، بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین لە سەرەتای ساڵی 2019دا کەرتی خانووبەرە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێ".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (537) - دووشەممە 2019/1/7

## حیزبی دەعوە کۆنگرە دەبەستێ

**رووداو- هەولێر**

رەسوڵ رازی، ئەندامی کۆنگرەی گشتی حیزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، بڕیارە لە کۆتایی مانگی شووبات یان سەرەتای مانگی ئادار، حیزبی دەعوەی ئیسلامی چوارەمین کۆنگرەی خۆی ببەستێ. رەسول رازی ئاماژەی بەوەکرد، ئامادەکارییەکانی کۆنگرە دەستیانپێکردووە چەندین پێشنیازیش خراونەتەڕوو. یەکێک لەو پێشنیازانەی کراون ئەوەیە ئەمینداری حیزب لە نێو کۆنگرە هەڵبژێردرێت، نەوەک لە رێگەی ئەنجوومەنی شوورای حیزبەوە. لەبارەی ناکۆکییەکانی نێوان نووری مالیکی و حەیدەر عەبادی لە نێو حیزبی دەعوە، رەسول رازی گوتی: "کۆنگرە بڕیار دەدات کێ ئەمینداری گشتی ئەو حیزبە دەبێت، تاوەکو ئێستاش عەبادی بەشێکە لە حیزبی دەعوە، مانەوە و نەمانەوەی لەنێو حیزب خۆی دەزانێت و کۆنگرە بڕیاری لەبارەوە دەدات"

## یەکێتی و پارتی بە سەرپەرشتی بارزانی و کۆسرەت رەسوڵ کۆدەبنەوە

# یەکێتی بۆ چارەسەری کێشەکان پرۆژەیەکی نوێ دەداتە پارتی

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی کە رۆژی یەکشەممە 2018/1/6 لە سلێمانی کرا، تاوتوێی چەند پرسێکی جیاوازی کرد، لەوانە: وردەکارییەکانی دانانی وەزیرە کوردەکەی بەغدا، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆژەیەکی نوێ کە لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتییەوە ئامادەکراوە، بەڵام ئەوەی زۆرتر گفتوگۆی لەبارەوە کرابوو، پرسی پارێزگای کەرکوک و کۆبوونەوەی داهاتوویانە لەگەڵ پارتی.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "ئێستا چارەسەر ئەوەیە لە نێوان ئێمە و پارتیدا، پرۆژەیەکی مامناوەندی بێتە ئاراوە و ئێمەش پرۆژەیەکی نوێمان ئامادە کردووە".

هەفتەی یەکەمی ساڵی نوێ، پارتی و یەکێتی گێڕایەوە بۆ ساڵانی کۆتایی دەیەی نەوەتەکان. کادرێکی پارتی لە سلێمانی دەستگیرکرا، وەک کاردانەوە ئاسایشی هەولێریش کادرێکی یەکێتی دەستگیر کرد لە کاتێکدا دەبوو دوای کۆتایی پشووی سەری ساڵ، شاندی دانوستاندنکاری هەردوولا کۆببنەوە، بۆ ئەوەی بچنە نێو وردەکارییەکانی پێکهێنانی کابینەی حکومەت و یەکلاکردنەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، چەند کاژێرێک دوای دەستگیرکردنی ئەو دوو کادرەی یەکێتی و پارتی، پەیوەندی بە سەرکردەکانی هەردوولاوە کردووە و داوای کردووە دۆخەکە هێور بکەنەوە و بە زووترین کات دەستگیرکراوەکان ئازاد بکەن. سەرچاوەیەکی نزیک لە سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بە (رووداو) ی راگەیاند، محەممەدی حاجی مەحموود، خۆی پەیوەندی بە هەردوولاوە کردووە "لەگەڵ کاک کۆسرەت کۆبووەوە و کاک کۆسرەت بەڵێنی پێدابوو لەماوەیەکی کورتدا کێشەکە چارەسەر بکرێت و دۆخەکە هێور بکرێتەوە".



یەکێتی نایەوێت پۆستی پارێزگاری کەرکووک لە دەرەوەی دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکوومەت بێت

لەو کۆبوونەوانەی پێشتر پارتی لەگەڵ یەکێتی کردبوونی، هیچ بەرەوپێشچوونێک وەدی نەهاتبوون. چونکە داواکارییەکانی یەکێتی بۆ ئەوەی پارتی بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک و پارێزگارێک دیاری بکەن بۆ شارەکە، لەگەڵ وردەکارییەکانی تەواوکردنی کابینەی حکومەتی بەغدا، وەک یەک پاکێج لەگەڵ پێکهێنانی حکومەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێ، لەلایەن پارتییەوە رەتکرابوونەوە. هەر بۆیە راگەیێندراوی دواتری هیچکام لەو کۆبوونەوانە ئاماژەیەکیان تێدا نەبوو بۆ نزیکبوونەوەیان لە رێککەوتن.

عەدنانی حەمەی مینا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ئومێدەوارە لە کۆبوونەوەی داهاتوویان لەگەڵ پارتی بگەنە قۆناخێکی باشی لێکتێگەیشتن و هەنگاوی باش بنێن "بەڵام هێشتا روون نییە کۆبوونەوەکە بە دیاریکراوی کەی دەبێت و دەگەینە رێککەوتنێکی باش یان نا".

بەڵام وەک ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی باسی کرد، لە کۆبوونەوەی داهاتوویان لەگەڵ پارتی، کەشی پەیوەندییەکانی نێوانیان بە تەواوی هێور دەکرێتەوە و هەوڵ دەدرێ لەیەکتێگەیشتن بێتە ئاراوە: "عاقڵمەندەکانی نێوان یەکێتی و پارتی هاتوونەتە سەر هێڵ، هەرچەندە ئاسان نییە لە کۆبوونەوەی داهاتوو رێککەوتنی تەواوەتی بێتە ئاراوە، بەڵام ئێمە داوامان کردووە رێککەوتنێک لەگەڵ پارتی بکەین کە کێشەکانمان لەهەموو جێگایەک چارەسەر بکەین نەک تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ راستە پارتی داواکارییەکانی ئێمەی رەتکردووەتەوە و رازی نەبووە کێشەکانی بەغدا و کەرکووک و پێکهێنانی حکومەت بکرێنە یەک پاکێج: "بەڵام بە پارتیمان گوتووە، چۆن دەکرێ لە کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت رێکبکەوین و کێشەمان نەمێنێ، بەڵام لە کەرکوک و بەغدا تیمەکانمان و فراکسیۆنەکانمان دژی یەک بن و هیچ هەماهەنگییەکیان نەبێت".

> ### پرۆژەکە چارەسەرێکی مامناوەندی تێدایە
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

ژمارەیەک لە سەرکردەکانی یەکێتی پرۆژەیەکی نوێیان ئامادە کردووە و پرۆژەکە هەندێک رێگاچارەی نوێی پێشنیاز کردووە لە نێوان داواکارییەکانی یەکێتی و پارتی بۆ پرسی بەغدا و کەرکوک و کوردستان. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی کە بۆ خۆی یەکێکە لەوانەی بەشداریی لە ئامادەکردنی پرۆژەکە کردووە، دەڵێ: "ئەو پرۆژە نوێیەمان داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی. بەپێی پرۆژەکە خاڵە جیاوازەکانی نێوان پارتی و یەکێتی کەمدەبێتەوە و چارەسەری ناوەندی دۆزیوەتەوە، لە دانیشتنی ئەمجارەی پارتی و یەکێتی، پێشکەش بە پارتی دەکرێت و ئەوکات دەردەکەوێ کە ئاخۆ رێکدەکەون یان نا".

پارتی دیموکراتی کوردستان، دەیەوێ لە دانیشتنی داهاتوویدا لەگەڵ یەکێتی، بە شاندی یەکێتی بڵێ مامەڵەی 21 کورسیان لەگەڵ ناکەن: "بەڵام 50 بە 50شیان لەگەڵ ناکرێ و هەوڵیش دەدرێ دۆخێک بهێندرێتە پێشەوە، یەکێتی رازی ببێت و لەوە زۆرتر بەربەست بۆ کۆبوونەوەکان دروستنەکات، پێشبینی دەکەم ئەمجارە لەگەڵ یەکێتی بە ئەنجامێکی باشتر لە کۆبوونەوە بێینە دەرەوە". نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، گوتیشی "ئارامی هەرێمی کوردستان و پاراستنی سەقامگیری و دەستکەوتەکانی لە پۆست و پشکەکان گەورەترن و هەوڵدەدەین بگەینە چارەسەرێک".

سەرچاوەیەکی ئاگاداری پارتی، دەڵێ لە دانیشتنەکانی پێشوودا، پارتی داوای ناوی بەربژێرەکانی یەکێتی کردووە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت، بەڵام یەکێتی گوتوویانە هێشتا ئەوە لەنێوخۆمان یەکلانەکراوەتەوە "بۆ پرسی کەرکوکیش پارتی دەیەوێت یەکێتی تێبگەیێنێ کە ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکوک تەنیا گەڕانەوەی پارتی و دانانی پارێزگارێک نییە، بەڵکو ئاساییبوونەوە بەمانای چوونە دەرەوەی ئەو هێزە زۆرانە دێت لەناو شاری کەرکوکن". بەرپرسێکی یەکێتیش گوتی " پارتی داوای لە یەکێتی کردووە لە چوار ساڵی داهاتوودا حکومەت رووبەڕووی موفاجەئە نەکرێتەوە وەک ئەوەی لە چوار ساڵی رابردوو روویدا".

ئەو سەرچاوە ئاگادارەی پارتی، باسی کۆبوونەوەی داهاتووی نێوان پارتی و یەکێتی دەکات و دەڵێ "رۆژی سێشەممەی داهاتوو شاندی یەکێتی و پارتی لە پیرمام کۆدەبنەوە و پێدەچێت بارزانی سەرپەرستی کۆبوونەوە هاوبەشەکە بکات، یەکێتی 5 وەزارەت و گۆڕان 3 وەزارەتیان بەردەکەوێت و دەبێت پرسی سەرۆکایەتی پەرلەمان یەکلا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی هەر لەو مانگەدا حکومەت پێکبهێندرێ".

ئەمجارە شاندی یەکێتی لەلایەن کۆسرەت رەسوڵەوە سەرۆکایەتی دەکرێت. ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە پارتی پێویستی بە رێککەوتن هەیە لەگەڵ یەکێتی بۆ ئەوەی لەکاتی دەنگدان بە کابینەی حکومەت و سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەنگەکان بە شێوەیەک نەبن "دواتر بگوترێ سەرۆکی هەرێم بە دەنگی پەرلەمانتارانی هەولێر و دهۆک بووەتە سەرۆکی هەرێم و تەنیا 50 دەنگ نەهێنێ، پێشبینی دەکەم بگەینە ئەنجامێک کە لە رێککەوتن نزیکمان بکاتەوە، بەڵام یەکێتی زۆر مەبەستییەتی کەرکوک نەخرێتە دەرەوەی ئەو رێککەوتنەوە".

# یەکێتی: پارێزگاری کەرکووک بەرامبەر بە سەرۆکی هەرێمە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لە فراکسیۆنی یەکێتی لەگەڵ تورکمان و عەرەبەکانی ئەو پارێزگایە بەدەستیانەوە بوو، بڕیار بوو رۆژی سێشەممەی داهاتوو نیسابی قانوونی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەستەبەر بکرێت و لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکێکی نوێ بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا دیاری بکرێت و دواتریش پارێزگارێک دەستنیشان بکرێت، بەڵام هێشتا بەهۆی ناڕوونی لە ئامادەبوونی ژمارەی پێویستی ئەندامان، دیار نییە سێشەممە یەکلاکەرەوە دەبێت، یان هیچ ئەنجامێک بەدەست نایەت. ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ: "بڕیارە ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت، بەڵام هێشتا نازانین سەرکەوتوو دەبین یان نا".

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کە یەکێتییە، نیگەرانە لەوەی حیزبەکەی و پارتی هێشتا لەبارەی کەرکووکەوە لێکتێگەیشتن لە نێوانیان نییە و دەڵێ: "بڕیارە رۆژی سێشەممە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەنێو بینای ئەنجوومەن بکرێ و عەرەب و تورکمانەکان بەشداری بکەن، بەڵام هێشتا دیار نییە نیساب تەواو دەبێت یان نا".

عەسکەری گوتیشی: "پێویستە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی رێکبکەوین، ئەگەر مەکتەب سیاسییەکانی هەردوولا رێکبکەون، ئێمە لای خۆمانەوە گرفتمان نییە".

کاتێک پارتی و یەکێتی گەڕانەوە بۆ کەرکووک و عەبدولڕەحمان مستەفا، وەک کەسێکی بێلایەن بووە پارێزگاری ئەو شارە، مام جەلال لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو شارە بەردەوام هۆشداریی دەدایە بەرپرسانی حیزبەکەی و قسە بەنێوبانگەکەی کرد کە دەڵێ: "کەرکووک لە دۆخی ئەو کەسە دەچێت کە نەشتەرگەریی مێشکی بۆ دەکرێ، هەر هەڵەیەکی بچووک دەبێتە هۆی لەکارکەوتنی". ئەو قسەیەی تاڵەبانی بۆ دۆخێک بوو، پارتی و یەکێتی لە کەرکووک لە پەیوەندییەکی تا ئاستێک باشدا بوون، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی تێکچوونی نێوانی ئەو دوو حیزبە لە کەرکووک، رەوشەکە بە جۆرێکی دیکەیە.

> ### سێشەممە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کۆدەبێتەوە
> ئەندامێکی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

> ### کۆبوونەوەکەی سێشەممە دەبێتە راوێژکاری، چونکە نیساب تەواو نابێ
> ئەندامێکی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

قووڵبوونەوەی کێشەکان لە کەرکووک لەنێوان پارتی و یەکێتی، هەمووانی نیگەران کردووە، بەڵام هێشتا ئەو نیگەرانییە نەبووەتە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ئەو دوو لایەنە کێشەکانیان وەلا بنێن و پێکەوە بۆ گوشارخستنە سەر حکومەتی عێراق، روو لە بەغدا بکەن. قایمقامی کەرکووک، داوا لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دەکات رۆڵی هەبێ و پێگە و قورسایی خۆی لە بەغدا بەکاربهێنێت بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک. کامیل ساڵەیی، قایمقامی ناوەندی کەرکووک گوتی کە تەماشای بارودۆخی کەرکووک دەکەم، رۆژ لەدوای رۆژ دۆخەکە دژوارتر دەبێت: "تاوەکو ئێستا دۆسیەی زەوی چارەسەر نەکراوە، رۆژ لەدوای رۆژ پۆستەکان لە کورد دەسەندرێنەوە، دەبێت ئەو بارە نائاساییەی بەسەر کەرکووکدا هێنراوە، نەمێنێت و پێویستە یەکێتی و پارتی پارێزگارێک بۆ کەرکووک دیاری بکەن تاوەکو دۆخی شارەکە لەوە زیاتر خراپ نەبێت. کەرکووک دەبێت دۆخێکی تایبەتی پێ بدرێت و تێکەڵ بە بارگرژییەکان نەکرێت".

پرۆژە چارەسەرییەکانی پارتی و یەکێتی بۆ کەرکووک، زۆر لەیەک جیاوازن. یەکێتی داوا دەکات، پارتی بگەڕێتەوە بۆ شارەکە و لە هەنگاوی دواتردا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا رێکبخرێت و دوای کاراکردنەوەی ئەنجوومەن، رزگار عەلی، وەک پارێزگاری کەرکووک هەڵبژێردرێ. بەڵام پارتی، چارەسەری کەرکووک وا دەبینێ کە سەرەتا لە رێگای گوشارخستنە سەر بەغدا، هەموو ئەو هێزە سەربازییانەی لە دەرەوەی کەرکووکەوە براونەتە ئەوێ، بگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان، دواتر بە رێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی، کەسێکی بێلایەن بکرێتە پارێزگار و ئەنجوومەن دەنگی پێبدات.

وەک چۆن پارتی داواکارییەکانی یەکێتی رەتدەکاتەوە، یەکێتیش بە هەمانشێوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "بە پارتیمان گوتووە، لە بەرامبەر ئەوەی فراکسیۆنی یەکێتی دەنگ بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدات و کێشە لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی حکومەت نەمێنێ، پێویستە پارتی پۆستی پارێزگاری کەرکوک بداتەوە یەکێتی، ئەوەی کە پێویستە پارتی لە بەرامبەر سەرۆکی هەرێم بۆ یەکێتی بکات، پارێزگاری کەرکووکە".

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردووە. هەرچەندە دووجار کۆبوونەوە لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنەوە رێکخرا، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی نیسابی قانوونی، کۆبوونەوەکان بوون بە کۆبوونەوەی راوێژکاری. واتە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا، ئەنجوومەنی پارێزگا لە دۆخی متبووندایە و لەولاشەوە پارێزگاری بە وەکالەت، کاری خۆی دەکات، لەدوای هەر بڕیارێکییەوە، کاردانەوەی توندی کوردی بەدوادا دێت.

جوان زەنگەنە، ئەندامی لیستی برایەتی و سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی، دەڵێ پارتی و یەکێتی ململانێیەکی سیاسی خراپیان هەیە و لە پۆستی سەرۆک کۆمارەوە ململانێیەکە ئاڵایە کەرکووکەوە "ئەگەر پارتی بگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، ئەوکات ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ کۆبوونەوە تەواو دەبێت و دەتوانرێ پارێزگارێک دابنرێ، ئەگەر ئەو پارێزگارە هیچ دەسەڵاتێکیشی نەبێت، لانیکەم دەتوانێ ئەو بڕیارانە دەرنەکات کە راکان سەعید دەریاندەکات".

پارتی داوای لە یەکێتی کردووە لە جیاتی ئەوەی هێندە پێداگیری لە گەڕانەوەی پارتی بکات، هێندەش جەخت لەوە بکاتەوە کە هێزە نایاساییەکان کەرکووک جێبهێڵن. کامەران محەممەد، ئەندامێکی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێ: "کۆبوونەوەی سێشەممەش دەبێتە کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری، چونکە تورکمان و عەرەبەکانیش بەشێکیان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە نابن و رازی نابن پارێزگار بدرێتە کورد". ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک رەتیکردەوە حیزبەکەی بگەڕێتەوە کەرکووک لەو دۆخەدا و دەڵێ: "باشترە یەکێتی بێن و پێکەوە بچینە بەغدا و لەوێوە کار بکەین بۆ ئەوەی دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، ئێستا ئەگەر ئێمە بشگەڕێینەوە و پارێزگارێک دابنرێ، ئەو پارێزگارە چ دەسەڵاتێکی هەیە و چی پێدەکرێ".

ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەک قوڵبوونەتەوە لە کەرکووک، ئێستا یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتیش بووەتە گرێی کەرکووک. رەوەند مەلا مەحموود، جێگری بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە کەرکووک، دەڵێ زانیاریی نییە لەوەی پارتی هەوڵی هێورکردنەوەی کەرکووکی دابێت: "پێشتر لەنێوان ئێمە و پارتی لیژنەیەک هەبوو، لەدوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی دا، بە برادەرانی پارتیمان گوتووە کەرکووک و بەغدا و پرسەکانی هەرێمی کوردستان وەکو یەک پاکێج بەیەکەوە چارەسەر بکرێت".

گوتیشی: "ئەگەر برادەرانی پارتی لیژنەیان هەبووایە، دەبوو لەگەڵ یەکێتی گفتوگۆ بکەن. چونکە هەر شەش پەرلەمانتارەکەی کەرکووک هی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، پێشمان خۆشە ئەگەر پارتی بگاتە ئەو قەناعەتەی بەیەکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووک بدەین".



لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە نەتوانراوە نیسابی قانونی بۆ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک تەواو بکرێت

ڕووداو ڕاپۆرت
ژمارە (537) - دووشەممە 2019/1/7



## 90 ملیار دینار بۆ دروستکردنی بەشێکی شەقامی 100مەتری سلێمانی تەرخانکرا

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی پلاندانان کە بۆ پارێزگای سلێمانی نێردراوە، ئەنجوومەنی وەزیران لە ساڵی 2019دا 90 ملیار دینار بۆ دروستکردنی بەشێکی شەقامی 100 مەتری سلێمانی تەرخاندەکات.

زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە چوارچێوەی تەرخانکردنی پارە بۆ پرۆژە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتەکەمان بۆ ئەمساڵ 90 ملیار دیناری بۆ دروستکردنی بەشێکی شەقامی 100 مەتری سلێمانی تەرخانکردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە پارەی پێویست لەبەر دەست بێت بۆ خەرجکردن، هەر کاتێک پارەکە دابینکرا دەست بە خەرجکردنی دەکرێت".

### بڕیارە دەست بە هەڵمەتی دەستگیرکردنیان بکرێ

# 464 تۆمەتبار لە یاسا هەڵاتوون و هێشتا دەستگیر نەکراون

**تۆمەتبارە هەڵاتووەکان:**

| | |
|---|---|
| 256 | سلێمانی |
| 109 | ئیدارەی ڕاپەڕین |
| 38 | هەولێر |
| 32 | ئیدارەی گەرمیان |
| 15 | سۆران |
| 14 | دهۆک |
| 9 | هەڵەبجە |

**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی شارەکانەوە، ناوی 464 تۆمەتباری ڕاکردوو لە یاسای ڕادەستکراوە و بە هاوکاری ئاسایش لە ساڵی 2019 بەدواداچوون بۆ ئەو ناوانە دەکەن.

لیوا بەختیار بابان، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند دوای بەدواداچوونێکی ورد، ئاماری سەرجەم ئەو کەسانەیان دەستکەوتووە کە لە یاسا ڕایانکردووە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە، یان چوونەتە دەرەوەی وڵات.

بە گوتەی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، لەو تۆمەتبارانەی لە دەستی یاسا ڕایانکردووە 397 کەسیان دانیشتووی سنووری پارێزگای سلێمانین و هەڵاتوون بۆ سنووری پارێزگای هەولێر و دهۆک یان چوونەتە دەرەوەی وڵات. هەروەها 67یشیان دانیشتووی سنووری پارێزگای دهۆک و هەولێرن و هەڵاتوون بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی یان چوونەتە دەرەوەی وڵات.

بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، جەختی لەوە کردەوە کە هەرچی لە یاسا هەڵهاتبێت دەستگیری دەکەن، جیاوازی شارەکاندا ناکەن و گوتیشی: "لەلای ئێمە جیاوازی لە نێوان زاخۆ و کەلاردا نییە، هەمووی هەرێمی کوردستانە و بە هاوکاری ئاسایش لە ساڵی 2019 بەدواداچوون بۆ ئەو ناوانە دەکەین، هەموویان یەکلا دەکەینەوە".



زۆرترین تۆمەتبار لە سنووری پارێزگای سلێمانی هەڵاتوون کە 397 تۆمەتبارن

ئەو کەسانەی لە سنووری پارێزگای سلێمانی لە یاسا هەڵهاتوون، 256یان لە شاری سلێمانی و 9یان لە هەڵەبجە و 23یان لە سنووری ئیدارەی گەرمیان و 109 شیان لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین بووە، ئەوانەش کە لە سنووری هەولێر و دهۆک لە یاسا هەڵهاتوون، 38یان لە هەولێر و 14یان لە دهۆک و 15یان لە سۆران بووە.

پێشتر تۆمەتباران پەنایان بۆ سەرۆک عەشیرەت و ئاغایان دەبرد، بەڵام لەدوای شەڕی ناوخۆ و دروستبوونی دوو ئیدارەیی، تۆمەتباران پەنایان بۆ زۆنی زەرد و سەوز برد، بەهۆی ئەوەی هێشتا ماکەکانی دوو ئیدارەیی کاڵ نەبووەتەوە، ئێستاش تۆمەتباران سوود لە باڵادەستیی پارتی لە زۆنی زەرد و یەکێتی لە زۆنی سەوز وەردەگرن.

ڕۆژی 2018/11/15 لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا لیوا عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند: "چەند کەسێک کە تاوانیان کردووە، ئێستا لە شاری سلێمانی لەلایەن بەرزترین دەسەڵاتی ئەمنییەوە داڵدەدراون و ڕێگری لە ڕادەستکردنیان بە یاسا دەکرێت". هەروەها گوتی :"سەرەڕای ئەوەی چەندینجار بڕیاری دەستگیرکردنەکەیان ڕەوانەی شاری سلێمانی کراوە، بەڵام هیچ کاتێک ئامادە نەبوون ئەو تاوانبارانەمان ڕادەستبکەنەوە".

هەر دوای لێدوانەکەی بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر، عەمید ئاسۆ شێخ تەها ، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی، ئەو قسانەی لیوا عەبدولخالق تەڵعەت تووشی سەرسوڕمانی کردووە. گوتیشی: "ئێمەش 170 داواکراومان هەیە کە بەرەو سنووری هەولێر ڕایانکردووە، ئێمە ناڵێین بەرپرسانی هەولێر داڵدەیان داون، ڕەنگە زۆرینەیان بەرەو دەرەوەی وڵات ڕایانکردبێت، تێشیاندا بێت لە سنووری هەولێر خۆی حەشاردابێت، بۆیە دەبێت بەهەموو لایەکمان هاوکاری یەک بین تۆمەتبارانی ڕاکردوو لە یاسا لەهەر شوێنێک بێت ڕادەستی یاسایان بکەینەوە".

### چارەنووسیان دیار نییە

# چەکەکانی پێشمەرگە هێشتا لە ئەمبارەکانی کەنەدان

**ڕووداو- هەولێر**

پاش زیاتر لە سێ ساڵ لە بەڵێنی حکومەتی کەنەدا بۆ ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە، بەرپرسێکی سەربازیی کەنەدی دەڵێت ئەو چەکانە تاوەکو ئێستاش لە ئەمبارێکی تەقەمەنیی وڵاتەکەیدا ماونەتەوە، هیچ پلانێکیشیان نییە بۆ ناردنی ئەو چەکانە بۆ عێراق یان کوردستان.

جاستن ترودۆ، سەرۆکوەزیرانی کەنەدا لە شوباتی 2016 ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی چەک بۆ پێشمەرگە دەنێرێ. بەڵێنەکانی حکومەتی کەنەدا تەنانەت هەتا ئەو شوێنەش چوون کە لە حاڵەتی پێویستدا ڕاستەوخۆ ئەو چەک و کەرەستە سەربازییانە بۆ هەرێمی کوردستان بنێرن، تاوەکو لەوێ هێزە کەنەدییەکان بەسەر یەکەکانی هێزی پێشمەرگەدا دابەشیان بکەن.

بەڵام ڕۆژنامەی (ناشناڵ پۆست)ی کەنەدی لەسەر زاری بەرپرسێکی سەربازییەوە ئاشکرای دەکات کە ئەو چەکانە تاوەکو ئێستاش لە ئەمبارێکی چەکدا لە مۆنتریاڵ ماونەتەوە، بێ ئەوەی هیچ پلانێک بۆ دابەشکردنیان بەسەر هێزە کەنەدییەکان یان پێشمەرگە لەئارادا هەبێ.

کەرەستە سەربازییەکان کە بڕیار بوو کەنەدا ڕەوانەیان بکات بایی 10 ملیۆن دۆلار بوون، بریتی بوون لە 50 نیشانشکێنی بێدەنگ، هاوەنی 60 میلیمەتری، سیستەمی دژەتانکی کارڵ گۆستاڤ، نارنجۆک هاوێژ، دەمانچە، تفەنگی ئۆتۆماتیکی، دووربینی ئاسایی، دووربینی گەرمی و پێداویستی پزیشکی. بەرپرسێکی وەزارەتی بەرگریی نیشتمانیی کەنەدا بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە، تاوەکو ئێستا دیار نییە هۆکاری ڕاگرتنی ئەو چەک و کەرستە سەربازییانە چییە، حکومەتی فیدراڵی کەنداش هیچ ئاماژەیەکی نەداوە کە بەنیازە چی لەو چەکانە بکات.

پێشتر عەمید هەژار ئیسماعیل، بەرپرسی هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "بەگوێرەی ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی کەنەدا کە بە هاوئاهەنگیی بەغدا کراوە، بڕیارە کەنەدا لیوایەکی پێشمەرگە بە هەموو پێداویستییەکانەوە پڕچەک بکات". سەبارەت بە قەبارەی چەک و پێداویستییە سەربازییەکانیش گوتبووی :"بۆ ئەم مەبەستە کەنەدا بە بەهای 9.5 ملیۆن دۆلار چەک و پێداویستیی سەربازیی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ هەولێر".

کەنەدا یەکێک لە ئەندامانی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتیی دژی داعشە کە لە هاوینی 2014ەوە بە دەستپێشخەری و سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە توندڕەوەکان لە سووریا و عێراق دامەزرا. ئەو چەکانەش کە بڕیاربوون بۆ پێشمەرگە بنێردرێن لە چوارچێوەی بەشداریی کەنەدا لەو هاوپەیمانێتییەدا بوون.

پێشتر پۆڵ گیبارد باڵیۆزی کەنەدا لە عێراق لە هەڤپەیڤینێکی (ڕووداو)دا گوتبوو " وەکو هەوڵێک بۆ ڕێگری لە فراوانبوونەوەی داعش "لە ساڵی 2016ەوە بڕی دوو ملیار دۆلار وەبەرهێنانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە".

حکومەتی بەغدا هەر لە سەرەتاوە کێشەی بۆ ئەو هاوکارییە سەربازییانە دروستکردبوو کە بڕیاربوو لەلایەن هاوپەیمانان و وڵاتانی دیکە بە دەستی پێشمەرگە بگەن، بیانووشیان ئەوە بوو کە کوردستانێکی بەهێز لەڕووی سەربازییەوە تمووحی سەربەخۆیی زیاتر دەبێ.

جۆن ڤانس، فەرماندەی باڵای هێزەکانی کەنەدا، لە ساڵی 2016 لە وەڵامی ئەو نیگەرانییانە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لە قۆناغی شەڕی داعشدا پێویستە هەموو لایەنەکان یەکڕیزی خۆیان بپارێزن، بەڵام دوای تەواو بوونی شەڕەکە "ئەوە بۆ عێراقییەکان دەگەڕێتەوە کە وڵاتەکەیان چ بڕیارێک سەبارەت بە دۆخی سیاسی خۆیان بدەن".

پێشتر جەی جانزن، گوتەبێژی هێزەکانی کەنەدا، ڕایگەیاندبوو کە :"حکومەتی کەنەدا هەموو ڕێوشوێنێکی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیایی بدەنێ کە ئەم چەکانە بە شێوازێکی گونجاو بەکاردەهێنرێن".

لێدوانەکەی جانزن مانگێک دوای ڕاگەیاندنی بڕیاری سازدانی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (پۆست)ی کەنەدی، پلانەکەی حکومەتی کەنەدا دوای شەڕ و پێکدادانەکانی ئۆکتۆبەری 2017 بە تەواوەتی وەستان.

هەفتەیەک دوای هێرشەکانی کەرکووک، وەزارەتی بەرگریی کەنەدا بە کەناڵی (CBC)ی کەنەدی ڕاگەیاند بەهۆی ئاڵۆزی و ناڕوونی ڕەوشەکە :"هێزە تایبەتەکانی کەنەدا بەشێوەیەکی کاتی هاوکارییەکانیان بۆ هێزە ئەمنییە جیاجیاکانی عێراقیان ڕاگرتووە".

لە هاوینی 2018، دان لو بوتیلییە، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگریی کەنەدا، بە ئاژانسی پۆست میدیای کەنەدی ڕاگەیاند ئەو چەکانەی بەنیاز بوون بینێرن بۆ پێشمەرگە چەکی سووک بوون و بڕیار بوو بۆ پڕچەککردنی 500 بۆ 600 هێزی سەربازی و ئەمنی کوردستان بەکاربهێنرێن.



ئەو چەکانەی بڕیار بوو کەنەدا بیانداتە پێشمەرگە بایی 10 ملیۆن دۆلار بوون

کەنەدا پێشتر لە ساڵانی 2014 و 2015 کۆمەڵێک کەرستەی سەربازیی وەکو جل و کڵاوی سەربازی، ئێلەکی دژەگوللە و ڕۆبۆتی دۆزینەوەی مینی بە هێزەکانی پێشمەرگە داوە. حکومەتی عێراق لە ساڵی 2015 دەستیان بەسەر فڕۆکەیەکی سەربازیی کەنەدادا گرت کە چەک و کەرستەی سەربازی بۆ هێزەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی کەنەدا لە کوردستان دەگواستەوە.

سیروان بارزانی، بەرپرسی میحوەری مەخموور- گوێڕی هێزەکانی پێشمەرگە کە خاوەنی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆمیشە پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو کە 75 قەناسی بە بەهای 2 ملیۆن دۆلار لەسەر حیسابی خۆی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆمپانیاکانی کەنەدا کڕیوە، بەڵام حکومەتی عێراق ڕێگرە لە هێنانەوەی ئەو چەکانە بۆ کوردستان.

## کەنەدا پشتی لە پێشمەرگە کردووە

وەزارەتی بەرگریی کەنەدا لە ساڵی دوای ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەرەوە مەشق و ڕاهێنانی هێزەکانی پێشمەرگەی بە تەواوەتی ڕاگرت، ئێستاش فۆکەسیان لەسەر ڕاهێنانی هێزە عێراقییەکانە، بە تایبەتیش ئەو هێزانەی بڕیارە لە داهاتوودا ئاسایشی مووسڵ مسۆگەر بکەن، ئەمەش گومانێکی زیاتر لەسەر ناردنی ئەو چەکانە دروستدەکەن کە بڕیاربوو بەدەست پێشمەرگە بگەن. جگە لەوەش مەترسیی داعش لە سەر هێزەکانی پێشمەرگە بە بەراورد بە ساڵەکانی 2014-2017 بە تەواوەتی کەم بووەتەوە، بۆیە ڕەنگە وەزارەتی بەرگریی کەنەدا پاساوی هەبێ کە ئەو چەکانە بۆ پێشمەرگە نەنێرێ.

### لە دەوروبەری دێرەزوور و کەمپەکانی مووسڵ

# چارەنووسی بەشێک لە ئێزدییە بێسەروشوێنەکان ئاشکرا دەبێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو - دهۆک**

چارەنووسی بەشێک لەو کوردە ئێزدییانەی لە ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون ئاشکرا دەبێ، هەندێکیان هێشتا لەو ناوچە کەمانەن کە بەدەست داعشەوە ماون لە سووریا، بەشێکیشیان لەو کەمپانەن کە لە مووسڵ بۆ خێزانی چەکدارانی داعش دروستکراون. کەسوکاری یەکێک لەو بێسەروشوێنانە دەڵێت :"لە ناوچەی سوسە لە سووریا پەیوەندیان پێوەکردووین و دەڵێن بەهۆی بۆردومانەوە ڕەوشمان زۆر خراپە".

داود ئێلیاس، خەڵکی گوندی کۆچۆیە، 15 کەس لە خێزانەکەی بێسەروشوێنن، بەڵام ئەو هێشتا بێ ئومێد نەبووە لە دۆزینەوەیان. ئەو باسی چارەنووسی هەندێک لەو بێسەروشوێنانە دەکات و دەڵێت :"دوو ڕۆژ لەمەوبەر خزمێکمان کە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراوە، پەیوەندی پێوەکردم و پێیگوتم ئێمە زیاتر لە 10 کوردی ئێزدی دەبین لە ناوچەی سوسەین لە دێرەزوور، بەڵام هەر یەکەمان لەلایەکین".

داود زانیاری زیاتر لەسەر چارەنووسی ئەو بێسەروشوێنانە لە زاری ژنەکەی خزمیانەوە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "ماوەیەکە فڕۆکەکان بۆردومانی ئەو ناوچەیە دەکەن و لەو بۆردومانانەشدا چەند ژن و منداڵێکی ئێزدیش بوونەتە قوربانی، ڕەوشی ئێمەش زۆر خراپە، چونکە داعش ئێمەی کردووەتە قەڵغانی پاراستنی خۆی".

**کوردێکی ئێزدی**

> ژنێکی ڕفێنراو لە ناوچەی سوسە لە دێرەزوور تەلەفۆنی بۆ کردووم

ئەو ژنە لە ڕێگەی داودەوە داوا لە لایەنی بەرپرس لە کوردستان و عێراق کرد کە بەهانایانەوە بچن. داود دەڵێت :"ئەو ژنە داوای لە من کرد کە دەنگی بگەیێنمە لایەنی پەیوەندیدار لە کوردستان و عێراق، ئەوانەی لە ژێر دەسەڵاتی داعشدان، زۆربەیان ئێستا مەترسی کوشتنیان لەسەرە، چونکە سنووری داعش زۆر بەرتەسک بووەتەوە، هەموویان لە ناوچەیەک کۆبوونەتەوە، بۆیە ئەگەر فریامان نەکەون، هەموومان دەبینە ئامانجی هێرشی فڕۆکەکان".

بەسام خزر، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕەفێنراوان، قسەکانی داود پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: "ئێمەش ئاگاداری چارەنووسی بەشێک لەو کوردە ئێزدیانەین کە تا ئێستا لە ژێر دەستی داعشدا ماون، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەی سوسەی سەر بە دێرەزوورن". هەروەها گوتی: "جگە لەوانەی لە سوسەن، هەندێکیشیان لەو کەمپانەن کە لە مووسڵ بۆ خێزانی چەکدارانی داعش دروستکراون".

سەبارەت بە ژمارەی ئەو ئێزدیانەی تا ئێستا لە ژێر دەستی داعشن و شوێنەکانیان ئاشکرایە، بەسام خزر گوتی: "ناتوانم ژمارەکە بڵێم، بەڵام بەدەیانن. کچ و ژن و منداڵ و پیاو و گەنجیان تێدایە، ئێستا خەریکین بەشێکیان ڕزگار دەکەین، بۆ بەشەکەی دیکەش بەدوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئازادیان بکەین".

ڕۆژی سێی ئابی 2014 چەکدارانی داعش پەلاماری شنگال و دەوروبەریان دا، زیاتر لە 6000 کوردی ئێزدییان لەو ناوچەیە ڕفاند، بەشێکیان بە تایبەتیش نێرینەکان هەر لە شنگال و شوێنی نیشتەجێبوونیان کۆمەڵکوژ کران. هەروەها ژن و کچەکانیش کران بە کەنیزەک و چەکدارانی داعش لە نێوان خۆیاندا کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردوون.

لە ساڵی 2014 لەسەر داوای نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوان دامەزرا کە سەر بە نووسینگەی تایبەتی نێچیرڤان بارزانییە و ئۆفیسی سەرەکیشی لە شاری دهۆکە، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا 3350 کەس لە ڕێگەی ئەو نووسینگەیەوە ڕزگارکراون.

بەسام خدر دەڵێت لە هەوڵەکانیان بەردەوامن بۆ ڕزگارکردن و دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ئێزدییانەی تا ئێستا بێسەروشوێنن "هەتا یەک کوردی ئێزدی مابێت ڕزگار بکرێ، ئێمە لەسەر کاری خۆمان بەردەوام دەبین".

### ئەمریکا داوای دانبەخۆداگرتنیان لێدەکات

# کوردی رۆژئاڤا مکوڕن لەگەڵ ئەسەد رێکبکەون

**رووداو- هەولێر**

دەسەڵاتدارانی رۆژئاڤای کوردستان کار لەسەر نەخشەڕێگەی رێککەوتنێک لەگەڵ رژێمی سووریا دەکەن کە تێیدا رووسیا نێوەندگیر بێ. بەرپرسێکی کورد لە رۆژئاڤا دەڵێت لەگەڵ دیمەشق رێکدەکەوین تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش هەڕەشەمان لێ بکات، ئەوە لەکاتێکدایە کە کەسی یەکەمی ئەمریکا لە سووریا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوا لە کوردی رۆژئاڤا دەکات دان بە خۆیاندا بگرن.

مانگی رابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند کە لەگەڵ هاوتا تورکەکەی خۆی رێککەوتوون لەسەر ئەوەی ئەنقەرە ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی پاشماوەکانی داعش بگرێتە ئەستۆ و ئەمریکاش 2200 سەرباز و راوێژکارەکەی خۆی لە سووریا بکشێنێتەوە، بەڵام بەرپرسانی کۆشکی سپی دەڵێن داواکانی تورکیا ئەوەندە زۆرن کە ئەگەر جێبەجێ بکرێن، بەشداریی سەربازیی ئەمریکا لە سووریا نەک هەر کەم نابێتەوە، بەڵکو لە جاران زیاتریش دەبێ.

بڕیارە رۆژی دووشەممە 2019/1/7 جۆن بۆڵتن، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی و جۆن دانفۆرد، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا و جەیمز جێفری، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەڵەتیی لە ئەنقەرە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای تورکیا کۆببنەوە. ئامانج لە دیدارەکەش تاوتوێکردنی میکانیزم و قۆناغەکانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و رێگەگرتن لە پێکدادانی نێوان تورکیا و هێزەکانی یەپەگەیە.

هەفتەی رابردووش مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند کە دەیانەوێ دڵنیابن لەوەی تورکیا "کورد ناکوژێ". ئامانجی بەپەلە و کورتخایەنی هێزە کوردییەکانیش ئەوەیە ناوچەکە لە هێرشی هێزەکانی تورکیا لە پاش کشانەوەی ئەمریکییەکان بپارێزن.

هەوڵە دیپلۆماسی و سەربازییەکانی ئەمریکا لە کاتێکدان کە هێزە کوردییەکان بە نێوەندگیریی رووسیا سەرقاڵی دانوستاندنن لەگەڵ حکومەتی سووریا. ئامانجەکە رێگرییە لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت)، شاندێکی رۆژئاڤای کوردستان لە حمێمیم، مۆسکۆ و دیمەشق لەگەڵ بەرپرسانی باڵای حکومەتی سووریا و رووسیا کۆبوونەتەوە و لەبەرامبەر پێکهێنانی ئیدارەیەکی لۆکاڵی لە رۆژئاڤای کوردستان بە چاودێری و گەرەنتی رووسیا، ئامادەبوونە ناوچە سنوورییەکانی رۆژئاڤای کوردستان و تورکیا رادەستی هێزەکانی رژێمی سووریا بکەن. لە کۆبوونەوەکاندا هەر یەکە لە بەدران چیا کورد و سیپان حەمۆ، دوو فەرماندەی باڵای یەپەگە، بەشدار بوون.

بەدران چیا کورد کە لە هەرسێ دانوستاندنەکەی ئەمدواییەی مۆسکۆ، حمێمیم و دیمەشق بەشدار بووە، بە (رۆیتەرز)ی راگەیاندووە کە ئەوان چاوەڕێی وەڵامی مۆسکۆ دەکەن، لە کاتێکدا رووسیا رازی بووە نێوەندگیری نێوان دیمەشق و یەپەگە بکات. یەپەگە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دروست دەبێ، داوایان کردووە بە یارمەتی رووسیا هێزەکانی رژێم بەرەو سنوورەکانی باکووری رۆژئاوای کوردستان بجووڵێنرێن، هەرچەند لایەنی کوردی هیواخوازیشە ئەم هەنگاوە ئۆتۆنۆمییان لێ تێکنەدات.

بەرپرسە کوردەکە گوتوویەتی: "بڕیاری کۆتایی ئەوەیە لەگەڵ دیمەشق رێکبکەوین، ئێمە بەو ئاراستەیە کاردەکەین، باجەکەی هەرچی بێ گرنگ نییە، تەنانەت ئەگەر ئەمریکییەکانیش دژی بوەستنەوە. لە روانگەی ئێمەوە رووسیا هەوڵدەدات ئاسۆیەکی نوێ لەگەڵ دیمەشق بکاتەوە، ئێمە (لە دیدارەکانمان لەگەڵ رووسەکان) هەستمان بەوە کردووە". جەیمز جێفری، کە پێشتر نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری سووریا بووە، داوای لە مەزڵووم عەبدی، فەرماندەیەکی هێزەکانی سووریای دیموکرات کردووە، لەو کاتەی ئەمریکا خەریکی دارشتنی ستراتیژێکی نوێ بۆ سووریایە، ئەوان لەگەڵ رژێمی سووریا رێکنەکەون.

بەرپرسانی ئەمریکی لە چەند هەفتەی رابردوودا رایانگەیاندووە کە دەیانەوێ هێزە کوردییەکان بپارێزن. بەگوێرەی راپۆرتە میدیاییەکان، جەیمز جێفری و تیمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ رەواندنەوەی ئەگەری پێکدادانی نێوان هێزەکانی تورکیا و کورد پلانێکیان ئامادە کردووە، بەشێک لە پلانەکەش نەخشەیەکی باکووری رۆژهەڵاتی سووریا لەخۆدەگرێ کە تێیدا ناوچەکان بە رەنگ دەستنیشانکراون و رێگەیەکیش بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەو ناوچانە و رێگری لە پێکدادانی هێزی یەپەگە و تورکەکان بکات.

لە پلانەکەی جێفریدا رێگە بە هێزەکانی تورکیا دەدرێ بێنە ناو خاکی سووریاوە، بەڵام بە جۆرێک کە خۆیان لە ناوچە کوردییەکان دووربگرن. بەرپرسێکی پێشووی ئەمریکا لە وەسفی نەخشەی جێفریدا دەڵێ ئەو نەخشەیە "سایکس ـ پیکۆیەکە بۆ خۆی".

سینەم محەممەد، نوێنەری ئەنجوومەنی دیموکراتیکی سووریا لە ئەمریکا، بە ماڵپەڕی (ڤایس نیوز)ی ئەمریکی راگەیاندووە: "ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە لە سووریا جیاین، بۆیە رژێم بەرپرسیارە لەوەی سووریا لە هێرش و داگیرکاریی تورکیا بپارێزێ".

یەکێک لە بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم رێککەوتنی رژێمی سووریا و کورد ناکۆکی ئامانجەکانیانە، لە کاتێکدا کورد خەون بە پاراستنی جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ خۆی لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا دەبینێ، حکومەتی سووریا سوورە لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری خۆی بەسەر هەموو ناوچەکانی سووریادا بسەپێنێتەوە.

بەدران چیا کورد پێیوایە کۆمەڵێک لایەنی "کۆنزەرڤاتیڤ" لە دیمەشق هەوڵدەدەن گۆڕانە سیاسییەکان پشتگوێ بخەن و لە رێگەی کۆمەڵێک رێککەوتنی هاوشێوەی ئەو رێککەوتنانەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننەی سووریا کراوە، دەست بەسەر ناوچەکانی رۆژهەڵاتی سووریاشدا بگرنەوە، لایەنی کوردیش ئەمە رەتدەکاتەوە.

دانوستاندنی نێوان کورد و دیمەشق شتێکی نوێ نییە، چەند مانگێک پێش بڕیارەکەی ترەمپیش هەردوو لایەن چەندین دانیشتنیان سەبارەت بە چارەنووسی ئیداری و سیاسی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەپەگە و هەسەدە کردبوو. ئەو کات ئەنجوومەنی دیموکراتیکی سووریا لۆمەی حکومەتی سووریای دەکرد کە ئامادە نەبووە ئۆتۆنۆمییەکی سیاسی و ئیداریی ئەوتۆ بە کورد بدات.

هێزە کوردییەکان کۆمەڵێک سەرچاوەی سروشتیی گەورەیان لە رۆژهەڵاتی سووریا بەدەستەوەیە، لەوانەش بەنداوەکانی سەر رووباری فورات، کێڵگە نەوتییەکانی دێرەزوور و رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی کشتوکاڵی کە لە داهاتوودا بۆ سەربەخۆیی خۆراکیی سووریا گرنگن و بەشێک لە کارتەکانی بەردەستی کوردن بۆ دانوستاندن لەگەڵ دیمەشق. بەڵام شارەزایان هۆشداری دەدەن لەوەی دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، کارتەکانی بەر دەستی لایەنی کوردی سەنگی جارانیان نەماوە.


رووسیا رازی بووە نێوەندگیری یەپەگە و دیمەشق بکات

**بەرپرسێکی کورد**

**لەگەڵ دیمەشق رێکدەکەوین تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش هەڕەشەمان لێ بکات**

### بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا: تورکیا لە قەرەی ئەرکەکەی نایەت

بەگوێرەی راپۆرتی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، بەرپرسانی سەربازی و هەواڵگریی ئەمریکی کۆکن لەسەر ئەوەی تورکیا ناتوانێ ئەو رۆڵە لە سووریا بگێڕێ کە لە چوار ساڵی رابردوودا ئەمریکا گێڕاویەتی، چونکە رووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای گەورەی سیاسی و سەربازی دەبێتەوە. سەرچاوەیەکی سەربازیی ئەمریکا لەمبارەیەوە دەڵێ: "لە هیچ کەسێکم نەبیستووە بڵێ تورکیا دەتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات".

کاربەدەستانی سەربازی جەخت دەکەنەوە لەوەی تورکیا توانای لۆجیستیکی ئەوەی نییە هێزەکانی بۆ قووڵایی دۆڵی رووباری فورات بگوازێتەوە، کە گومان دەکرێ هەزاران چەکداری داعش خۆیان تیدا حەشار دابێ، تەنانەت ئەگەر بتوانێ هێزەکانیشی بۆ ماوەیەکی کورت بەرێتە ئەو ناوچەیە، دواتر ناتوانێ رێڕەوی گەیاندنی کەرەستە سەربازییەکان و پێداویستییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام بپارێزێ. جگە لەوەش بەرەنگاربوونەوەی داعش پێویستی بە هێرشی ئاسمانی و فرۆکەی سیخوڕیی بەردەوام هەیە.

## کامیان سەردەکەوێ، پرۆژەی ئەمریکا یان پەکەکە؟

# رۆژهەڵاتی فورات...
# لە نێوان بەرداشی دوو پرۆژەدا

**حوسێن عومەر**
**رووداو- هەولێر**

وا دیارە کە کێبڕکێ و ململانێ لەنێوان دوو پرۆژەی سیاسیی جیاوازدا، بۆ تێپەڕاندنی تەنگژەی ناوچەی رۆژهەڵاتی فورات (رۆژئاڤای کوردستان) لەئارادایە. بەرپرسانی ئەمەریکا، پرۆژەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی نوێیان بۆ رۆژهەڵاتی فورات ئامادە کردووە کە سەرجەم لایەنە کوردییەکان و پێکهاتەکانی دیکەی ناوچەکە خۆیانی تێدا دەبیننەوە. پرۆژەی پەکەکەش رێککەوتنە لەگەڵ رژێمی سووریا.

وەک هەندێ سەرچاوە باسی دەکەن، مەرجی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ پشتگیری لەو پرۆژەیە ئەوەیە کەسانی ناسوورییایی (سیاسی و سەربازی و کارگێڕی) لە نێو پرۆژەکەدا نەبن. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە گفتوگۆکان دەڵێت: "مەبەستی ئەمریکا لە کەسانی ناسووری، بەرپرسانی پەکەکەن کە رۆڵی باڵایان لە رێڤەبەریی خۆسەری ئێستادا هەیە، ئەو رۆڵە بووەتە مایەی بەرهەڵستیی توندی تورکیا و تۆمەتبارکردنی رێڤەبەرییەکە لەلایەن تورکیاوە بەوەی کە بەشێکە لە پارتی ناوبراو".

ئەوسەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: "ئەمریکییەکان گومان دەکەن ئەو کادیرانە پەیوەندیی ئۆرگانیکیان لەگەڵ حکوومەتی سووریا هەبێت و لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە نەوتی و ئابوورییەکانی دیکەی ناوچەکە هاوئاهەنگی لەگەڵدا بکەن".

بەڕێوەبەرایەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، دوورخستنەوەی هەندێ سەرکردەی کوردی تۆمەتبارکراو بە مامەڵەکردن لەگەڵ رژێمی سووریا یان بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دژ بە خەڵکی سڤیل لە ناوچەکانی رێڤەبەریی خۆسەر، بەمەرج داناوە.

سەبارەت بە لایەنی سەربازیش، ئەو سەرچاوانە دەڵێن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پێشنیازی پێکهێنانی هێزێکی یەکگرتووی 18 هەزار کەسییان کردووە کە ڕاستەوخۆ وابەستەی هاوپەیمانییەکە بێت، لەوانەش شەش هەزار پێشمەرگەی رۆژئاوا کە لە باشووری کوردستانن، هەروەها 10 هەزار کەس لە هێزەکانی سووریای دیموکرات، بۆ ئەوەی ئەم هێزە ببێتە پارێزەری ناوچەکە.

چەند سەرچاوەیەکیش لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد، کە پەیوەندییان بەدۆسیەی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی لە رۆژهەڵاتی فورات هەیە، دەڵێن ئەو پرۆژەیە خراوەتە بەردەستی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد و داوا لەو ئەنجوومەنە کراوە تێبینی و پێشنیاز و داخوازییەکانی خۆی و ئەگەری بەشداریی لەو بەڕێوەبەرییە نوێیەدا بخاتەڕوو. ئەو سەرچاوانە دەڵێن ئەمەریکاییەکان ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ گواستنەوەی نزیکەی 6000 پێشمەرگەی رۆژئاوا بۆ بنکەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەمەبەستی بەشدارکردنیان لەو هێزەی بۆ پارێزگاری لە بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەکە پێکدەهێنرێ، بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد هیچ پرۆژە و پێشنیازی دیاریکراوی سەبارەت بەو پرۆژەیە و بەشداریکردن یان نەکردن تێیدا پێشکەش نەکردووە، تەنیا چەند داواکارییەکی خستووەتەڕوو وەک ئازادکردنی گیراوەکانی و کردنەوەی نووسینگە و بارەگاکانی لە رۆژئاڤا.

سەبارەت بەو گەرەنتییانەشی کە ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بۆ پاراستنی ئەو بەڕێوەبەرییە پێشکەشیان کردووە، ئەو سەرچاوانە بە (رووداو) یان گوت: "ئەمەریکا کشانەوەی هێزەکانی خاو دەکاتەوە و ژمارەیەک لە بنکە و سەربازەکانی دەهێڵێتەوە بەمەبەستی رێگری لە هەر دەستوەردانێکی سەربازی لە ناوچەکەدا، ئەمەریکا هۆشداری داوەتە هێزەکانی سووریا کە بۆیان نییە بپەڕنەوە بۆ دیوی رۆژهەڵاتی رووباری فورات، هەروەها هێزەکانی هاوپەیمانی ئەو یەکانەی سوپای سووریای وەدەرناوە کە لە هەندێ ناوچەی باکووری شاری مەنبج پێشڕەوییان کردبوو".

لە دیوی تورکیاشەوە، هەمان ئەو سەرچاوانە دەڵێن جۆن بۆڵتن، راوێژکاری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی، لە کاتی سەردانەکەی بۆ ئەنکەرا لە رۆژی 2019/1/7، سێ بژارە دەخاتە پێش بەرپرسانی تورک کە هیچ یەکێکیان رێگە بە دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە لەلایەن تورکیاوە نادات. یەکێک لەو بژارانەش بریتییە لە دروستکردنی ناوچەیەکی جیاکەرەوە، بەدرێژایی سنوور کە هەردوو هێزەکانی سوریای دیموکرات و تورکیای لێ دوور دەخەنەوە و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەڕێوەی دەبەن.

سەبارەت بە رۆڵی حکوومەتی سووریاش لە پرۆژەکەدا، ئەو سەرچاوانە دەڵێن ئەمەریکا لاریی نییە لە گەڕانەوەی دامودەزگا مەدەنی و خزمەتگوزارییەکانی حکوومەتی سووریا بۆ ئەو ناوچانە، بەڵام بەبێ ئەوەی رێگە بدرێت هێزەکانی ئەو حکومەتە و میلیشیاکانی سەر بە ئێران بچنە ناوچەی رۆژهەڵاتی فورات. بە گوتەی سەرچاوەکان ئەمەریکا پەلەیەتی بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە بەخێرایی و لە ماوەیەکدا کە لە بەهاری ئەمساڵ تێپەڕ نەبێت، جێبەجێ بکرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، چەند سەرکردەیەکی دەستڕۆیشتووی پارتی کرێکارانی کوردستان و رێڤەبەریی خۆسەر و یەکینەکانی پاراستنی گەل، پرۆژەیەکی دیکەیان هەیە کە کار بۆ مسۆگەرکردنی پشتیوانیی رووسیا دەکەن، پرۆژەکەش بریتییە لە رێککەوتنێکی قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ حکوومەتی سووریا کە بەهۆیەوە سوپا و حکوومەتی سووریا بۆ ناوچەکە دەگێڕێتەوە و سوپای سووریا لەسەر سنوور لەگەڵ تورکیادا جێگیر دەکات، بەمەبەستی رێگری لە هەڕەشەی تورکیا و گەڕاندنەوەی دامەزراوە نەوتی و گازی و کەرتە ستراتیژییەکان و دەزگا کارگێڕییەکانی دیکە بۆ ئەو حکوومەتە و کاراکردنەوەی ئەو سیستەمە پەروەردەییەی حکوومەتی سووریا پەیڕەوی دەکات بە زیادکردنی شەش کاژێر لە هەفتەیەکدا بۆ خوێندن بە زمانی کوردی، ئینجا و دوای ئەوانە گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر چارەنووسی ئەو کارگێڕییانەی ئێستا لەگەڵ حکوومەتی سووریا بەچاودێریی رووسیا.

ئەو سەرچاوانە دەڵێن ئەم رێککەوتنە لەگەڵ حکوومەتی سووریا کراوە و ئەوەی رێگرە لە راگەیاندن و جێبەجێکردنی وجودی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە لە ناوچەکە.

سەرچاوەکان دەڵێن ئەو تەوژمەی بەتوندی پشتیوانی ئەم پرۆژەیەیە، خۆی بە بەشێک لەو رەوتە دەزانێت کە پێیدەگوترێت (رەوتی بەرەنگاربوونەوە) و لە سووریا و ئێران و هاوپەیمانانیان پێکدێ و دەیانەوێ رێگە لە تورکیا بگرن بێتە رۆژهەڵاتی فورات.

ئەو رەوتە دەیەوێ باز بەسەر قۆناغی هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژی داعش بدات و، کار بۆ گێڕانەوەی پەیوەندییە کۆنەکانی نێوان سووریا و پەکەکە و کاری هاوبەشیان دژ بەتورکیا بکات. ئەو سەرچاوانە دەڵێن پاساوی ئەم تەوژمە ئەوەیە ئەمەریکا لە کۆتاییدا دەستبەرداری ناوچەکە دەبێت و رادەستی تورکیای دەکات، یان لێدەگەڕێت دووبارە رووبەڕووی چارەنووسی خۆی لەگەڵ حکوومەتی سووریا و هاوپەیمانەکانی ببێتەوە.


هاوپەیمانان دەیانەوێ 6000 پێشمەرگەی رۆژ ببەنەوە رۆژئاڤا

رووداو کوردستانی
ژمارە ( 537 ) - دووشەممە 2019/1/7



### بەریتانیا شەرڤانێکی یەپەگە دەستگیردەکات

**رووداو- هەولێر**

سەرەتای ئەم مانگە پۆلیسی بەریتانیا ئۆزکان ئۆزدل، شەرڤانی یەکینەکانی پاراستنی گەلی لە فرۆکەخانەی لوتن دەستگیرکرد. ئۆزدل خەڵکی باکووری کوردستانە و ماوەی دوو ساڵ لەگەڵ هێزەکانی کوردییەکانی رۆژئاڤا بەرەنگاری داعش بووەتەوە. ئۆزدل، تەمەن 32 ساڵ، جارێک لەگەڵ ژمارەیەک شەرڤانی بیانی لە ناوەڕاستی ساڵی 2017 لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستگیرکرابوو. شەرڤانەکە تاوەکو ناوەڕاستی ئەم مانگە بە کەفالەت ئازادبووە و بە رۆژنامەی (تەلەگراف)ی بەریتانی راگەیاندووە "ئەم هەوڵەی پۆلیس لای من شتێکی نوێیە، ناشزانم چ کاریگەرییەکی لەسەر من دەبێ".

## بەڵکو ئەردۆغان وازیان لێ بێنێ

# دێرسیمی بەهیوای دابەزینی زیاتری بەهای لیرەن

**رووداو- هەولێر**

سێ ساڵە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئەنقەرە و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کۆتایی هاتووە، لەو ماوەیەشدا حکومەتی تورکیا هەوڵی سەپاندنەوەی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە کوردییەکان دەدات. دانیشتووانی ئەو ناوچەیە هیواخوازن هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا دەرفەتێک بێ بۆ ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوچەکە، بەڵام پارتی دەسەڵاتدار رایگەیاندووە کە رێگە نادات پارتێکی کوردی لەو ناوچەیەدا سەربکەوێ. ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا باس لە گۆڕانکارییەکانی ناوچە کوردییەکانی تورکیا لە سێ ساڵی رابردوودا دەکات.

### رەنگی سوور

هەموو گۆڕانێکی دەسەڵات گۆڕینی سیمبوڵەکانی بەدواوەیە، یەکێک لەو گۆڕانکارییانەش لە سێ ساڵی رابردوودا لە باکووری کوردستان روویداوە، گەڕانەوەی بەرچاوی رەنگی سوور و گڵۆپ لەسەر شێوەی لالەیە کە بە سیمبوڵی دەوڵەتی تورکیا دەزانرێ. لە شارێکی وەکو دێرسیم رەنگی سوور و گڵۆپە سوورەکانی لالە ئەوەندە زۆرن، هەندێکجار دۆزینەوەی گڵۆپی سووری هاتوچۆ کارێکی ئاسان نییە.

یەکەم وێستگەی گەشتی ئامادەکاری راپۆرتەکە شاری دێرسیم بووە کە لە ساڵی 1935ەوە ناوە فەرمییەکەی بۆ تونجەلی گۆڕاوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ناوچەکە تاوەکو ئێستاش شارەکەی خۆیان بە دێرسیم ناودەبەن.

بەپێی راپۆرتەکە، ئێستا خەڵکانی بیانی بەدەگمەن روو لە شارەکە دەکەن، هەرچەند جاران دانیشتووانی ناوچەکە بە گەرمی پێشوازییان لە گەشتیارە بیانییەکان دەکرد، بەڵام ئێستا "بە هەڵە" گەشتیارە بیانییەکان بە پۆلیسی نهێنیی تورکیا دەزانن.

لە دوای شکستهێنانی پرۆسەی ئاشتی و هەوڵی کودێتاکەی 2016ی تورکیا، سەرۆک شارەوانییەکانی سەر بە پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) لە پارێزگای دێرسیم لادراون، لە شوێنی ئەوانیش کۆمەڵێک "قەیوم" دانراون کە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەنقەرەدا دەکەن.

هەدەپە لە 11ی کانوونی یەکەمی 2018دا رایگەیاند دەزگا ئەمنییەکانی تورکیا 15 پەرلەمانتاری ئێستا و پێشووی هەدەپەیان بەند کردووە، 94 سەرۆک شارەوانیی هەدەپەیان لەسەر کار لاداوە، 50 سەرۆک شارەوانیشیان بەند کردووە. تەنیا ئەمساڵ 2000 ئەندام و لایەنگری ئەو پارتەیان دەستبەسەر کردووە.

راپۆرتەکە دەڵێت، تونجای سۆنەل، قەیوم و پارێزگاری بە وەکالەتی دێرسیم، لە کاتی دەستبەکاربوونی دەستی بەجێبەجێکردنی کۆمەڵێک پرۆژە کردووە کە هەندێکیان بەدڵی هەموو خەڵکی ناوچەکەن، بەڵام زۆربەی دانیشتووان بە گومانەوە لە ئاماژەکانی پشت ئەو گۆڕانکارییانە دەڕوانن.

یەکێک لەو پرۆژانەی لە شارەکەدا کراوە پارکێکە بەناوی "شەهیدانی 15ی تەمووز" کە مزگەوتێکی بچووکی تێدایە. بەپێی راپۆرتەکە، بۆ شارێکی بچووکی وەک دێرسیم بە 30 هەزار دانیشتووی عەلەوییەوە کە سەردانی مزگەوت ناکەن، شتێکی نائاساییە. لە پارکەکەدا بۆ هەر کوژراوێکی هەوڵی کودێتای 15ی تەمووزی 2016، گوڵێکی رۆز چێنراوە.

بەبڕوای دانیشتووانی دێرسیم، کردنەوەی ئەو پارکە بۆ رێزلێنان لە قوربانیانی هەوڵی کودێتا وەک ئەوە دێتە بەرچاو کە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، بیەوێ روئیای خۆی بۆ تورکیا بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێ، لە کاتێکدا خەڵکی شارەکە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەردۆغان و گولەنیستەکاندا نابینن کە حکومەت بە پلاندارێژەری کودەتاکەیان دەزانێ.

لە دوای پارکەکە، رێگەیەکی گەورە دێ کە ناوی ئەویش بۆ "شەقامی شەهیدانی 15ی تەمووز" گۆڕاوە و بەرەو ناوەڕاستی شار دەچێ. لە دوای بڕینی ئەو شەقامە ئامادەکاری راپۆرتەکە و هاوڕێنە دێرسیمییەکەی دەگەنە شوێنێک کە پێشتر پڕ بوو لە درەخت، ئێستا لە شوێنی درەختەکان دوو پرد دروستکراون کە ئاڵای تورکیایان پێداهەڵواسراوە. هەروەها رێستورانتێک لەسەر مۆدێلی عوسمانی و مزگەوتێک و کۆمەڵێک شوێنی گشتی.

ئافرەتێکی دانیشتووی شارەکە لەبارەی دوو پردەکە و ئاڵاکانی تورکیاوە دەڵێ: "وەک ئەوەیە ئێرە وڵاتێکی دی بێ و ئەوان لە جەنگدا سەرکەوتبن بەسەرماندا". گارسۆنی بارێکیش دەڵێت: "هیچ کەسێک لێرە حەزی لەو شتانە نییە کە روودەدەن، بەڵام کەس هیچی پێناکرێ".

بڕیارە لە 31ی ئاداری 2019 هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە تورکیا بەڕێوەبچن، خەڵکی ناوچە کوردییەکانی وەکو دێرسیم هیواخوازن لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە دەریچەی ئاساییبوونەوەی دۆخەکەیان لێبکرێتەوە، بەڵام بەپێی ئەو دەسەڵاتە نوێیانەی ئەردۆغان بەدەستی دەهێنێ، دەتوانێ سەرۆک شارەوانییەکان لەکار لابدات. لای هەندێک لە خەڵکی شارەکەش تاکە هیوای کۆتاییهێنان بە هەڵمەتی حکومەت لە ناوچە کوردییەکان ئەوەیە نرخی لیرە ئەوەندە بێتە خوارەوە کە حکومەت چیدی نەتوانێ خەرجی هەڵمەتەکەی سەر باکووری کوردستان بدات.

### پایتەخت و سووری تەختکراو

لەدوای تێکچوونی پرۆسەی ئاشتییەوە هیچ شەڕێک لە دێرسیم روونەداوە، هەرچەندە هەلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیا بە بەردەوامی بەرەو ناوچە شاخاوییەکان دێن و دەچن. بەڵام لە ئامەد رووداوەکانی سێ ساڵی رابردوو بە جۆرێکی دیکە بوون. ئامەد دوو ملیۆن دانیشتووی هەیە و بەگوێرەی راپۆرتەکە خەڵکی شارەکە بە نیمچە گاڵتەوە بە "پایتەخت" ناوی دەبەن، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی گەورەترین شاری زۆرینە کوردی باکووری کوردستانە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، هێزەکانی پۆلیس پەرژینێکیان لە نزیک ئەو دیوارانە دروست کردووە کە راستەوخۆ و لە نزیکەوە بەسەر ناوچەی سووردا دەڕوانن، بۆ ئەوەی خەڵک نەتوانن سەیری ناوچەی سووری ئامەد بکەن کە بەشێکی زۆری لە شەڕ و پێکدادانەکانی 2015 و 2016ی نێوان هێزەکانی تورکیا و پەکەکە وێران بووە.

ئامادەکاری راپۆرتەکەی (ستراتفۆر) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئەو وێنانەی پێشتر بینیبووم، منیان بۆ ئەو دیمەنە ئامادە نەکردبوو کە لەژێر دیوارەکەدا دەمبینی. ئەو شوێنەی پێشتر شەقامی تەنگەبەری پڕ هاتوچۆ بوو، ئێستا وێرانەیە. لە دوورەوە کرێکارانی بیناسازی خەریکی دروستکردنی خانووبەرەی نوێ بوون، بەڵام هیچیان لەو خانووانە نەدەچوو کە پێشتر هەبوون".

سوور کە شوێنی گەورەترین کەنیسەی ئەرمەنییەکانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ژمارەیەک قەیومی لە ئەنقەرەوە بۆ نێردراوە، ناوی ئامەد (کە ناوە کوردییەکەی شارەکەیە) لەسەر شارەوانی ناوچەکە لادراوە، نیشانە کوردییەکانیش لە شەقامەکان لابردراون و هەموو بەرهەمێکی هونەریش کە رەنگ و بۆنی کوردی پێوە بێ لادراوە.

تورکیا بە دۆخی ئاوارتەدا تێدەپەڕێ، هەر بۆیەش خۆپیشاندان و نارەزایەتی سەختە. بەم حاڵەشەوە راپۆرتەکە پێیوایە "ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە، چونکە سەرکوتی زۆر سەختتر لە تورکیا نەیتوانی بزووتنەوەی کورد لە نەوەدەکان کپ بکات. جیا لەمە خەباتی کورد چیدی تەنیا دیاردەیەک نییە لە تورکیا قەتیس مابێ، بەڵکو تموحی کورد بەشێکی حاشاهەڵنەگری شەڕی نێوخۆی سووریایە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەڕووی نێودەوڵەتییەوە وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم لە عێراق دانی پێدانراوە". هەر بۆیەش "ئەوە تەنیا ئەنقەرە نییە کە دیاری دەکات چی لە تونجەلی و دیاربەکر دەگوزەرێ، بەڵکو ئەو هێزە گەورانەش رۆڵیان هەیە کە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رێکدەخەنەوە".



# تورکیا کۆچبەرانی سووری دەردەکات

**رووداو- هەولێر**

لە سەرەتای شەڕی نێوخۆی سووریادا، حکومەتی تورکیا کۆچبەرانی سووریای بە "برای میوان" ناودەبرد، ئێستا کە ژمارەی کۆچبەران لە تورکیا گەیشتووەتە سێ ملیۆن و 500 هەزار کەس، تورکیا بووەتە گەورەترین میوانداری کۆچبەران لە جیهاندا. قەیرانی ئابووری، گوشاری کۆچبەران لەسەر ژێرخانی ئابووری، حکومەت و خەڵکی تورکیای گەیاندووەتە ئەو بڕوایەی کە کاتی ناردنەوەی "براکان" بۆ وڵاتی خۆیان هاتووە.

### بارزان و خێزانێکی لەتوپەت

لە دێرەزوور، لە گەرمەی شەڕی نێوان هێزەکانی رژێم و ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا، بارزان رەمۆ و کۆمەڵێک هاوپۆلی زانکۆی بە مینی پاسێک شارەکەیان بەرەو قامیشلو جێهێشت، بەڵام شەڕ لە قامیشلۆش یەخەی خێزانە کوردەکەی گرت، رێزانی برای بارزان تازە خزمەتی سەربازیی تەواو کردبوو، بەڵام حکومەت داوای لێکردبوو جارێکی دیکە جلی شەڕ بپۆشێ. جەمال، باوکی بارزان، بەدەست نەخۆشیی دڵەوە دەیناڵاند، هەیفای دایکیشیان دەیویست کوڕەکانی لە ئاگری شەڕ دووربخاتەوە.

هەیفا کە ئێستا لە ئیستەنبوڵ نیشتەجێیە، بە گۆڤاری (نیوزویک)ی ئەمریکی دەڵێ: "پێمگوتن بڕۆن و ژیانێکی سەلامەت دەستپێبکەن". هەردوو براکە روویان لە تورکیا کرد، ماوەیەک دواتریش هەیفا و دوو برا و دوو خوشکی دیکەی بارزان چوونە تورکیا.

سیاسەتی وەرگرتنی کۆچبەرانی سووری هەر لە سەرەتاوە لەسەر پێشبینییەکی هەڵە دانرا، حکومەتی تورکیا و وڵاتانی دیکەی بەرەی دژی بەشار ئەسەد، سەرۆککۆماری سووریا، پێیانوابوو رووخانی رژێم لە ئانوساتدایە و ئەو چەند سەد هەزار کۆچبەرەی روویان لە وڵاتەکانیان کردووە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگەڕێنەوە. بەڵام شەڕی نێوخۆی سووریا خەریکە پێ دەنێتە هەشتەم ساڵی خۆی، ئەسەدیش زیاتر لە هەموو کاتێک لە سەرکەوتن بەسەر ئۆپۆزیسیۆندا نزیکە و زۆرینەی کۆچبەرانی نیشتەجێی وڵاتانی دراوسێی سووریا نازانن ئەگەر بگەڕێنەوە چارەنووسیان چی دەبێ.

بارزان و رێزان لە 2014 رێگەی ئەڵمانیایان گرتەبەر، بەڵام حکومەتی بەرلین ئامادە نەبوو مافی نیشتەجێبوون بە دوو براکە بدات، بەمەش خەونی ئەوانی بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ لەگۆڕنا.

ئێستا سێ برا و خوشکی بارزان رۆژانە 12 کاژێر لە کارگەیەکی دروومان کار دەکەن، برا 12 ساڵانەکەشیان بە ناوی محەممەد بەیانیان دەچێتە خوێندنگا و پاشنیوەڕۆیان کاری گواستنەوە و گەیاندنی بەرهەمەکانی کارگەکە دەکات. خێزانی رەمۆ گلەیی ئەوە دەکەن کە خاوەن کارگەکە هەقدەستێکی کەمتر بە سوورییەکان دەدات، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری داهاتەکەیان دەنێرنە سووریا بۆ ئەوەی جەمال بۆ دەرمانی نەخۆشیی دڵی خەرجی بکات. هەیفا دەڵێ: "دۆخەکەمان رۆژ لە دوای رۆژ خراپتر دەبێ".

### کۆچبەرانی سووری لە نێوان دوو بژارەی تاڵدا

خێزانەکەی بارزان و ملیۆنان کۆچبەری دیکەی سووری لە دۆخێکدان کە هیچ بژارەیەک نییە بە قازانجیان بێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە سووریا دەکرێ رەوانەی مەیدانەکانی شەڕ بکرێن، شوێنبزر بکرێن، ببنە قوربانی شەڕی تایفی و قەومی یان لە ناوچەیەکدا دابنرێن کە هیچ خزمەتگوزارییەکی لێ نییە. ئەگەر لە تورکیاش بمێننەوە، وەک خێزانەکەی بارزان لە مافە هەرە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەش دەبن، یان لەلایەن خەڵکی رەسەنی ناوچەکەوە سووکایەتییان پێدەکرێ.

بەگوێرەی راپرسییەک ٪80ی لایەنگرانی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکپارتی) خوازیاری گەڕاندنەوەی کۆچبەرە سوورییەکانن، لە کاتێکدا نیوەی سوورییەکان ئامادەنین بگەڕێنەوە. ئێستا 550 هەزار کۆچبەر لە ئیستەنبوڵ دەژین، لە هەندێک ناوچەی باکووری کوردستانیش کۆچبەران ٪30ی دانیشتووانی ناوچەکە پێکدەهێنن.

تورکیا یەکێک لەو وڵاتانەیە کە پەیماننامەی 1959ی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانی واژۆ کردووە. بەو حاڵەشەوە تورکیا ماف و پێگەی پەنابەرێتی تەنیا بە ئەوروپییەکان دەدات، بۆیەش لە ساڵی 2011دا سیاسەتی پێشوازی لە "میوان"ی بۆ کۆچبەرانی سووری پەیڕەو کرد. هەرچەندە بەپێی ناوەکەی زۆر میهرەبانانەیە، بەڵام بە کردەوە کۆچبەرانی سووری لە زۆر ماف بێبەش دەکات.

هەندی پارکەر، مامۆستا لە زانکۆی باخچەشەهیر لە ئیستەنبوڵ، لە بارەی هۆکاری هەڵبژاردنی سیاسەتی "میوانداریێتی"ی کۆچبەرە سوورییەکان بە گۆڤارە ئەمریکییەکە دەڵێ: "ئەردۆغان دەیویست پێشوازی لە کۆچبەرانی سووری وەک میوان بکاتە سەرمایەیەکی سیاسی بۆ خۆی"، واتە خۆی وەکو سەرکردەیەکی ئایینی پیشانبدات کە پێشوازی لە ملیۆنان موسڵمان دەکات، لە کاتێکدا وڵاتە پێشکەوتووەکان هیچیان بۆ ناکەن.

لە ساڵی 2015 و 2016، پرسی کۆچبەران لە قەیرانێکی مرۆییەوە بۆ قەیرانێکی سیاسی گۆڕا. لە کۆتایی 2015، یەکێتیی ئەوروپا و تورکیا رێککەوتنێکیان واژۆ کرد کە رێگە بە یۆنان دەدات کۆچبەری نایاسایی دیپۆرتی تورکیا بکاتەوە. لە بەرامبەریشدا یەکێتیی ئەوروپا بۆ هەر کۆچبەرێک کە دیپۆرتی تورکیا دەکرێتەوە، کۆچبەرێک لە کەمپەکانی تورکیا وەربگرێ. بەوپێیە یەکێتیی ئەوروپا دەبوو 72 هەزار کۆچبەر لە کەمپەکانی تورکیا کەمبکاتەوە، بەڵام وەک لە راپۆرتەکەی (نیوزویک)دا هاتووە، لە کاتی راگەیاندنی رێککەوتنەکەوە نزیکەی 17 هەزار کۆچبەر لەو چوارچێوەیەدا بۆ ئەوروپا گوازراونەتەوە.

### گەڕاندنەوەی زۆرەملێ

رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆمار تورکیا، گوتبووی کە نیو ملیۆن کۆچبەری سووری دەیانەوێ بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، وەزارەتی دەرەوەی تورکیاش رایگەیاندووە کە 260 هەزار سووری لە تورکیاوە گەڕاونەتەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا لە باکووری سووریا. حکومەتی تورکیا دەڵێت گەڕانەوەکە دەبێ "ئارەزوومەندانە" بێ، بەڵام رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن حاڵەتی دیپۆرتکردنەوەی زۆرەملێ هەبووە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشداریی پرۆسەکە ناکات، چونکە پێیوایە دۆخی سووریا هێشتا نائارامە.

جەمال یەکێک لەو کۆچبەرانەیە کە لە ماوەی رابردوودا بۆ سەردان گەڕابووەوە حەلەب، لەبارەی گەشتەکەی خۆیەوە بە (نیوزویک) دەڵێ: "گەشتێکی زۆر سەخت بوو. هەموو ساتێک هەڕەشەی بۆردومان و هێرشمان لەسەر بوو". خێزانی جەمال لە پێنج ساڵی رابردوودا لە ناوچەی رەیهانلی لە تورکیا ژیاون، خۆیشی پێیوایە "گەڕانەوەی هەمیشەیی زۆر مەترسیدارە. ئەگەر دۆخەکە باشتر ببێت، من ئامادەم بگەڕێمەوە".

ژمارەیەک لە پزیشکە سوورییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک تۆڕ و رێکخراوی خێرخوازیدا کار بۆ چارەسەری کۆچبەرە سوورییەکان دەکەن، بە تایبەتیش ئافرەتان و منداڵان کە ٪60ی کۆچبەرانی سووریا لە تورکیا پێکدەهێنن. زیاد جومعە، پزیشکی منداڵان و خەڵکی ئدلیب، لە کلینیکێک لە شاری ئانتاکیا کاری دەکرد، بەڵام بەگوێرەی راپۆرتەکە، شوێنەکەی ئەوانیش هاوشێوەی زۆر کلینیکی دیکەی سووری داخراوە. کۆچبەرە سوورییەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی حکومەت دەیەوێ سوورییەکان ناچار بکات "دیپۆرتبوونەوە" هەڵبژێرن.

زیاد کە کلینیکەکەی لە ئدلیب چەندینجار بەر بۆردومان کەوتبوو، دەڵێ: "من لە سووریا کلینیکی خۆم هەبوو، خاوەنی ئۆتۆمبێل و خانووی خۆم بووم. ژیان و کارمان لێرە وەکو خەوێکی ناخۆشە و هەرچی دەکەین خەبەرمان نابێتەوە".



3 ملیۆن و 500 هەزار کۆچبەری سووری لە تورکیا دەژین

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# کوڕە بچووکەکەمیان برد بۆ شەڕ، ناسنامەکەی و وێنەیەکیان بۆ هێنامەوە



نەوزاد مەحموود
ڕووداو – دهۆک

پاش دەرهێنانەوەی مووسڵ و ڕەققە لەدەستی داعش، ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایان کرد کە سەتان منداڵ لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە رفێنراون، هەندێک لەوانە ڕاهێنانی چڕوپڕیان پێکراوە بۆ ئەوەی بیاننێرن بۆ مەیدانەکانی شەڕ. گەوریێ، دڵنیایە کوڕەکەی یەکێک بووە لەو منداڵانەی داعش ناردوویەتیە بەرەکانی شەڕ.

گەوریێ عەلاگەیەک لە گیرفانی دەردەهێنێ کە لە چەند وێنەیەکەوە پێچراوە: "ئەوە هاوژینەکەمە و هەر بە بەرچاوی خۆمەوە کوشتیان. ئەوە براکەمە، بینیم چۆن گوللەیان لەسەری دا. ئەمە خوشکەکەمە. ئەوە کوڕە گەورەکەمە، کوشتیان. ئەوەش کوڕە بچووکەکەمە، بردیان. ئەوە کچەکەی دیکەمە، هێشتا لە سووریایە".

گەوریێ بێدەسەڵاتانە و بە نائومێدییەوە دەڵێت: "ئەبوو یاسر بەڵێنی پێدام منداڵەکانم بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام درۆی لەگەڵ کردم".

ئەمیش وەک هەر ژنێکی تری کورد منداڵەکانی بە چەرمەسەری گەورە کردوون، بەڵام چەکدارانی خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی کە لە سێی ئابی 2014 بەسەر گرعوزێریان دادا، یەک بە

حەوت جار کڕین و فرۆشتنم پێوەکرا

یەکی منداڵەکانیان لە باوەشی دەرهێنا.

گەوریێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە چەکدارەکانی داعش هاتنە گوندەکەیان و دەڵێت: "هەر کە هاتنە گرعوزێر، لەنێو ماڵەکەی خۆمان ژن و پیاوەکانیان جیاکردەوە. جاروبار فیشەکیان دەتەقاند بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنن و کەس بیر لە ڕاکردن نەکاتەوە، دوایی گواستیانینەوە بۆ گوندێکی نزیکی شنگال و شەوێک و دوو ڕۆژ لەوێ ڕایانگرتین، تاوەکو بردینیانە تەلەعفەر، دەیانبردینە هەر گوندێک چۆڵ بوو، بەڵام خەڵکە سوننەکەی لێمابوون و ڕایاننەکردبوو".

کۆشکی میحرا، ئەو شوێنەیە کە لە چیرۆکی زۆربەی ڕفێنراوە ئێزدییەکاندا دەکەوێتەوە بەر گوێ. گەوریێ لەوێ کەسی نەدەناسی. کچەکانی دەبینی چۆن پەلیان بەدەست چەکدارەکانەوەیە و وەک گەڵای دەم ڕەشەبا هەڵدەلەرزین "کەسێک لەگەڵ ئێمە بە کوردی قسەی کرد، گوتی هەر کەسێک مۆبایل و زێڕ و جلوبەرگی ئێوەی بردبێ چاوی دەردەهێنم، ئێمە داواکاریمان لە ئێوە ئەوەیە بێنە سەر ئاینی ئیسلام. گوتی هیچ هەڵەیەکتان بەرامبەر ناکرێ و سەلامەتن، بەڵام چەند خولەکێک دوای ئەوە هەندێ چەکداری دیکە هاتن و هەر بەبەرچاوی ئێمە و ئەو چەکدارە کوردەوە، هەر یەکە و کچێکی جوانیان برد".

کچەکەی گەوریێ و خوشکی مێردەکەی لەوانە کە بەر ئەو تاڵانییە کەوتن.

سێ مانگی یەکەم، دەبوو ئەوان ڕابێن لەگەڵ ژان و ناسۆری ئەتککردنی کچەکان و ئەو دەستدرێژییانەی دواییان نەدەهات "دوای سێ مانگ ئێمەیان بە پاس برد بۆ مووسڵ. حەوت ڕۆژ لە هۆڵێکی گەورەدا بووین، پاشان بردیانین بۆ حەی خزر".

42 ژن هەڵبژێردران بۆ ئەوەی بە ئۆتۆمبێلێکی گەورەی نەفەرهەڵگر ببرێنە سووریا. گەوریێ یەکێک بوو لەوانە. ئەو دەرگایەی لێیەوە دەچوونە ژوورەوە بۆ نێو بیناکە، بە قادرمەیەکی ژەنگاویدا شۆڕ دەبووەوە بۆ ژێر زەمینێکی تاریک و بێدەنگ و سامناک. دواهەمین پلیکانە لە بەردەم دەرگایەکدا کۆتایی دەهات کە دەرگای هۆڵێکی گەورە بوو "هەموو شتێکی تێدابوو، ژمارەیەک چەکداری داعش لەوێ دانیشتبوون. ژمارەیەکی زۆر کورسی و مێز و هەموو ژوورەکان کەلوپەلی پێویستیان تێدا بوو. حەمام و جێگەی نووستن

دوو کچ و دوو کوڕم هێشتا لەلای داعشن

و چێشتخانە، ئەوە یەکەمجار بوو ببینم لە ژێر زەمیندا شتی ئاوا هەبێت". لەوێ هەڵبژاردن و کڕینی ئافرەتی بەتاڵان براو یاسایەکی تایبەتی هەبوو.

یەکێک لە چەکدارەکان، کاری ئەوە بووە دەستی کچێک یان ژنێکی گرتووە و بەدەنگی بەرز نرخی فرۆشتنەکەی گوتووە "هەر چەکدارێک بە توندی پێی بدایە بە زەویدا، بەمانای ئەوە بوو کە ئەو بەو نرخە ئامادەیە بیکڕێ. دواتر چەکدارەکە دەهات و دەیگوت وەرە تۆ هی منی".

زرمەی پێی یەکێک لە چەکدارەکان، گەوریێی داچڵەکاند، چونکە یەکەم نیشانەی لە چارەنووسی ئەو گرتبووەوە. بەڵام چیرۆکی ئەو فرۆشتنە جیاواز بوو.

ئەو چەکدارەی پێی کوتا بە زەویدا و گەوریێ دایە پێش خۆی بەرەو ڕەققە، لەڕێگا پێیگوت کە کڕیارە ڕاستەقینەکەی ئەو لە بەرەی شەڕە لە کۆبانێ و هێشتا نەگەڕاوەتەوە: "ئەبوو یاسر، دوای 16 ڕۆژ گەڕایەوە، پێیگوتم دەبێ خزمەتی ژن و منداڵەکەشی بکەم بۆ ئەوەی هاوژینەکەی ڕێگەی پێبدات کەنیزەکی هەبێت، بەڵام سەرباری ئەوەش هاوژینەکەی بەردەوام لەگەڵ من و ئەبوو یاسر شەڕی دەکرد".

ڕۆژێک بە بەرچاوی گەوریێوە خراپ تێکچوون.

منیان بە 24 هەزار دۆلار لە داعش کڕییەوە

ئوم یاسر: تۆ بەڵێنت بەمن دا کەنیزەک نەهێنیتەوە؟

ئەبوو یاسر: ئەو هاوژینی من نییە و تەنیا کەنیزەکە، کێشەت چییە لەگەڵی

ئوم یاسر: نابێ لە ماڵی من بێت. هەر ئێستا دەریبکە بابڕوات

ئەبوو یاسر: ئەوە بەشێکە لە دین

ئەبوو یاسر، یەکێک بوو لەو چەکدارانەی لە سعودیەوە خۆی گەیاندبووە ڕەققە و لەلایەن هاوڕێکانییەوە بە برایانی موهاجیر ناودەبرا. شەوانە دەچووە لای هاوژینەکەی و گەوریێ، بەڵام دڵنیابوو لەوەی کاتێک دەڕواتەوە بەرەی شەڕ، هاوژینەکەی هەموو تووڕەیی خۆی بەسەر کەنیزەکەکەیدا دەبارێنێ و لەماڵ دەریدەپەڕێنێ "ئیدی کەسێکی هێنایەوە ماڵەوە بەناوی عەکاش و پێیگوت باشترە من بکڕێتەوە. عەکاش منی لەگەڵ خۆی برد بۆ شوێنێک لە دەرەوەی ڕەققە، تەنیا دوو مانگ لەگەڵ ئەو مامەوە و ئەویش فرۆشتمی بە چەکدارێکی تونسی بەناوی ئەبوو یەحیا".

دەبێت چەند خولەکێک بەبێ دەنگی بەرامبەری دابنیشم. ئەو ڕۆچووە بەنێو وێنەکانی بەردەمیدا. لە ڕاستیدا ورتە ورتی ژنێکی بێدەرەتان کە من بە باشی لێی تێناگەم، وەکو دواندنی ئێسک و پرووسک وایە. ئەو منداڵەی سەتان شەو دەپاڕایەوە لە ئەبوو یەحیا دەنکێک حەبی بداتێ بۆ ئەوەی نەمرێ، ئێستا تەنیا وێنەیەکی شک دەبات. هێشتا سوورە لەسەر ئەو قسەیەی لە سەرەتاوە نائومێدانە پێیگوتم: "چ سوودی هەیە سەرگەردانیی خۆم بگێڕمەوە؟".

ئەبوو یەحیا لە تونس پزیشک بووە. بەهۆی پێویستیی زۆری خەلافەت بە پسپۆڕییەکەی، پێشوازییەکی گەرمی لێکرابوو. گەوریێ تا ئەوکاتەی کە بووەتە کەنیزەکی ئەبوو یەحیا، دوو منداڵی خۆی لەگەڵ بوون: "من هەمیشە دەگریام و منداڵەکانیش لەبەر گریانی من نانیان نەدەخوارد، ئەبوو یەحیا لێی پرسیم بۆچی هەمیشە دەگریەی؟ گوتم بۆ منداڵەکانم، بۆ هاوژینەکەم و باوکم و دایکم و خوشک و براکانم. گوتی، منیش چوار ساڵە دایک و باوکی خۆمم نەبینیوە".

چەکدارانی داعش چاویان بڕیبووە کوڕە تەمەن 9 ساڵەکەی. تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم توانی بەرەنگاری بنوێنێ و دەبوو کوڕەکەی ڕادەستی فێرگەی مەشقی منداڵانی ڕاپێچکراوی جەنگ بکات کە ناویان لێنابوو "بێچووە شێرانی خەلافەت".

بردنی کوڕەکەی دوای ئەوە بوو کە کەسێک بەناوی ئەبوو موهاجیر ئەوی لە پزیشکە تونسییەکە کڕییەوە "کوڕەکەمی لەگەڵ خۆی دەبرد و چەند ڕۆژێک نەدەهاتنەوە، لە هەموو گەڕانەوەیەکیدا بە بینینی کوڕەکەم شێت و هار دەبووم. پەرێشان و ماندوو و چڵکن، ڕۆژێک ئەبوو موهاجیر بەتەنیا گەڕایەوە. ناسنامە و وێنەیەکی کوڕەکەمی دامەوە کە لە گیرفانی کراسەکەیدا هەڵیگرتبوون، گوتی ئەوە ناسنامەی کوڕەکەتە.. کوژرا".

## خۆت ئامادە بکە هاوڕێیەک دەبینین

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی گەوریێی تەمەن 40 ساڵ تاڵاوی خەلافەتی داعش چوو بە دڵیدا، زۆرتر لە 7 جار کڕین و فرۆشتنی پێوەکرا. هەرکەسێک ئەوی دەکڕییەوە، تکای لێدەکرد منداڵەکانی بۆ بدۆزێتەوە. ئەو چوار منداڵەی پەڕاگەندەی شار و شارۆچکەکانی بندەستی ئەو ڕێکخراوە کرابوون و کوڕەکانی بەزۆر کرابوونە چەکدار و کچەکانیشی هەمان دەردی خۆی هەر ڕۆژە و لە ماڵی چەکدارێکدا چیرۆکی دەستدرێژییەکی دیکەیان یاداشت دەکرد.

"دەچوومە لای هەر چەکدارێکی داعش لێی دەپاڕامەوە منداڵەکانم بۆ بدۆزێتەوە". بەڵام لەهەموویان یەک وەڵامی دەستدەکەوتەوە "چیدی ئەوانە منداڵی تۆ نین"، بەڵام حاڵی پەرێشانی ئەو بۆ چەند خولەکێک دڵی یەکێک لە چەکدارەکان نەرم دەکات "ئەو چەکدارە پێیگوتم: ئەگەر بزانم لە کوێن بە سەردان دەیانهێنمە لات، بەڵام دۆزینەوەی ئەوان زۆر زەحمەتە و دەوڵەتی خەلافە بەسەر فێرگە و شارەکاندا دابەشی کردوون". بەرامبەر گەوریێ، خۆڕاگرتن دژوارە. ژنێک کە هەمیشە وشەی "منداڵەکانم" وەک ئەو تەلە دڕکاوییەکانەی سنوورەکانی داعشی جیادەکردەوە، ئاڵاوەتە زمانی و لێی نابنەوە "بارودۆخم بەبێ منداڵەکان سەختە، ئەوانەیان کە کوژران، تێگەیشتم کە جارێکی دیکە نایانبینمەوە، بەڵام چوار منداڵم لەناو داعش ماون. دوو کوڕ و دوو کچ، دەزانم کچەکانم لە سووریان، بەڵام ئەی کوڕەکانم؟".

ئەبوو موهاجیر، ئەو کەسەیە کە دواهەمین پەردە بەسەر شانۆی ئازارنشینی گەوریێدا دادەداتەوە. ئەو چەکدارە سوورییەی یەکێک لە کوڕەکانی بە کوشتدا و پێناسە و وێنەکەی بۆ هێنایەوە: "ڕۆژێک پێیگوتم خۆت ئامادە بکە دەچینە جێگایەک و هاوڕێیەک دەبینین. جلوبەرگێکی ڕەشم لەبەرکرد و کچە بچووکەکەم پێبوو. کەچی گوتی: جلەکانی دیکەشت بێنە، ئێمە ئەوکات لە مەیادین بووین. ئۆتۆمبیلێک هات بە شوێنماندا، ئەوەی لەناو ئۆتۆمبیلەکە بوو پێیگوتم: کچە بچووکەکەت دەکڕینەوە و لەگەڵ خۆت دەبینە هاوژین، بەڵام من زۆر گریام".

پێدەچوو چەکدارەکان بیانەوێ پێش ئەوەی بگاتە کۆتایی ڕۆژە ناخۆشەکان، بەردەوام هەواڵی ترسێنەر بدەن بە گوێیدا "یەکێکیان پێیگوتم تۆ ناتەوێ کەسوکارت ببینییەوە؟ بە گریانەوە گوتم: بەڵێ دەمەوێ".

مۆبایلێک لە گیرفانی دەردەهێنێ و تۆمارێکی دەنگی ئیش پێدەکات. پیاوێک خۆی دەناسێنێ و دواتر هەردوو کوڕەکەی گەوریێ قسە دەکەن و سڵاو بۆ دایکیان دەنێرن: "من لەبەر گریان و لە ترسان عەقڵ لە سەرمدا نەمابوو، بۆیە هیچ لەوە تێنەگەیشتم، بەڵام کچەکەم گوتی: دایە ئەوە براکانم سڵاوت لێدەکەن، داوامکرد دووبارە گوێی لێبگرمەوە، دڵنیابوومەوە دوو کوڕەکەم هێشتا لە ژیاندا ماون و نەکوژراون".

## بە 24 هەزار دۆلار کڕدرامەوە

نامە دەنگییەکە پێشتر تۆمارکرابوو، بەڵام کاتێک درا بە گوێی دایکیاندا کە سەرقاڵبوون بە دواهەمین مامەڵەی فرۆشتنییەوە و ئەوجارەیان کڕیارەکە کەسێک بوو کە چەندین کەس دەستیان لەسەر دڵیان بوو زەردەخەنەیان بۆ بگێڕێتەوە: "بردینیان بۆ دارستانێک، من نەمدەتوانی تێبگەم کەوتووەتە کوێی ڕەققەوە. لەوێ لە ئۆتۆمبیلەکە دایانگرتین و گوتیان دەبێ لێرە چاوەڕێ بکەن تاوەکو ئۆتۆمبیلێکی دیکە دێت و هەڵتاندەگرێ. ئۆتۆمبیل گەیشت و ئێمەی بردە ماڵێک".

ئەو ڕۆژانە هەراوزەنای جەنگ هەموو شوێنێکی تەنیبوو. فڕۆکە شەڕکەرەکان بۆ ئاستێک کە چاو بە ئاسانی دەیبینین نزم ببوونەوە. گەوریێ و منداڵەکەی برانە نێو ماڵێکەوە "کەسێکم لەوێ بینی ناوی نورا بوو، من نورام دەناسی و ئەو شەوە پێکەوە هەر دەگریاین، چواری بەیانی وادەی دەرچوونمان بوو. لە دواهەمین بازگەی

داعش زۆر نازی چەکدارە تونسییەکانی هەڵدەگرت

داعش بەرەو قامشلو ئۆتۆمبیلەکەیان وەستاند و لە منیان پرسی بۆ کوێ دەچم، گوتم دەچمە قامیشلۆ بۆ چارەسەرکردنی منداڵەکەم، کاتێک گەیشتینە یەکەمین بازگەی یەپەگە، پێیانگوتین جلوبەرگەکانی داعش فڕێ بدەین".

لە کۆتایی چیرۆکی زۆربەی کەنیزەکە ڕزگاربووەکاندا، ناوی "ئەبوو شوجاع" دەهێنرێ، ئەو پیاوە ئێزدییەی نێوەندگیری زۆربەی ئەو هەوڵانەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کڕینەوەی ئەوان دەیدات "تێگەیشتم کە ئەو پیاوانەی منیان لە ڕەققەوە هێنا، پەیوەندییان لەگەڵ ئەبوو شوجاع هەبووە، بە 24 هەزار دۆلار منیان کڕییەوە و گەیشتمەوە کەمپەکە، بەڵام بیرکردنەوە لە چارەنووسی منداڵەکانم، ئەو منداڵانەم کە داعش دەستبەسەریان کردوون، ژیانی تاڵ کردووم".

یەک یەک وێنەکان کۆدەکاتەوە و زەرفە ڕەشەکەیان تێدەئاڵێنێتەوە. ڕۆژانی دوای ئازادبوونی، گەوریێ گەڕایەوە بۆ ئاواییەکەی. ئەو شوێنەی دەنگی چەند فیشەکێک کسپەی نا بەدڵییەوە و هەندێک لە ئازیزانی لەدەستدا. ئێستا ئەوەی بە ژیان و داهاتووەوە بەستوویەتییەوە، چاوەڕوانییەکە ڕۆژانە وەک چەقۆیەکی ژەنگاوی بەشێک لە هەناوی دەبڕێت "بە داعشەکانم دەگوت، هیچ کاتێک ئێمە کچی کەسێکمان نەڕفاندووە، ڕوومان لە کەسێک گرژ نەکردووە، کارمان بە ژیانی کەسێکەوە نەبووە، ئێستا ئێوە تۆڵەی چی لە ئێمە دەکەنەوە؟" وەڵامەکان هێندەی دیکە هیوابڕاویان دەکرد "ئێوە کافرن، ئەگەر ئێزدی نەبوونایە، لێتان نزیک نەدەبووینەوە.

گەوریێ بەڕۆژووی سێ ڕۆژەی ئێزدییانە و تینوێتی زمانی وشک کردووە، کاتێک ڕۆژووەکەی دەشکێنێ، دەپاڕێتەوە ئەگەر تەنیا بۆ یەکجاریش بووە، منداڵەکانی چاوی ڕووناک بکەنەوە و ئامێزی گەرمی دایکایەتییان بۆ بکاتەوە. کەس ناتوانێ پێی بڵێ کەی ئەوە ڕوودەدات، بەڵام بە کزییەوە خۆی وەڵام دەداتەوە "تازە ئەوە زۆر زەحمەتە".



## ئەمساڵ 14 پێشەنگای نێودەوڵەتی لە هەولێر دەکرێنەوە

**رووداو – هەولێر**

وا بڕیارە ئەمساڵ 14 پێشەنگای نێودەوڵەتی لەسەر زەویی پیشەنگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بکرێنەوە و یەکەم پێشەنگاش لە مانگی داهاتوو دەکرێتەوە و چوار رۆژ بەردەوام دەبێ. پێشـەنگەی ماڵی نموونەیی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت لە 20-2019/2/23 دەکرێتەوە، بەدوای ئەویشـدا 13 پێشـەنگای دیکە دەکرێنەوە. لە گرنگترین ئەو پێشـەنگایانەی کە ئەمسـاڵ دەکرێنەوە پێشـەنگای نێودەوڵەتیی کتێبە کە لە رۆژی سـێی نیسانی ئەمساڵ دەکرێتەوە و تاوەکو 12ی هەمان مانگ بەردەوام دەبێ. هەروەها پێشـەنگای نێودەوڵەتیی هەولێر لە رۆژانی 9/30 تاوەکو 10/3 دەکرێتەوە. هەروەها یەکێک لە پێشـەنگاکانیش تایبەتە بە جوانکاری و فاشن7-2019/11/11 دەکرێتەوە.



ئابووری
رووداو
ژمارە ( 537 ) - دووشەممە 2019/1/7

### پرۆژەی پەلەوەر و کشتوکاڵی دەکڕنەوە

# سەرمایەدارانی کوردستان روو دەکەنە ئێران

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

گوتەبێـژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردسـتان دەڵێت ژمارەیەکی زۆر سـەرمایەدار و وەبەرهێنەری گەورەی کورد بۆ سەرمایەگوزاری و کڕینەوەی پرۆژە و کارگە روویان لە ئێران کردووە.

مـەلا یاسـین مەحمـوود، گوتەبێـژی یەکێتـی وەبەرهێنەرانـی کوردسـتان، بـە (رووداو)ی گوت: "دوای سـەرهەڵدانی قەیرانـی دارایـی و شـەڕی داعش، کارکردن لە زۆربەی پرۆژەکانی کوردسـتان وەسـتا، بەم هۆیەشەوە پاشەکشـێیەکی گەورە لە وەبەرهێناندا روویدا، بەشێکی زۆر لە وەبەرهێنەران رووـیان لە تورکیا و ئێران و عێراق و هەندێ وڵاتی ئەورووپی کرد".

لـە ماوەی رابردوودا ئێران یاسـای وەبەرهێنانی هەموار کردەوە و دەرفەتێکی زۆری بە وەبەرهێنەری بیانی داوە کە وەبەرهێنان لە ئێران بکەن. دابەزینی بەهای تمەنیش کاریگەری هەبووە لەسەر راکێشانی وەبەرهێنەرانی هەرێمی کوردسـتان بۆ ئێران کە بە بڕوای مەلا یاسین: "ئەمە سەرەتایەکی مەترسیدارە بـۆ پاشەکشـێی زیاتـری وەبەرهێنان لـە هەرێمی کوردستان".

لـە دوای هەموارکردنەوەی یاسـای وەبەرهێنان لە ئێران، ئێسـتا وەبەرهێنی بیانـی بەبێ هاوبەش دەتوانێ مۆڵەتی پرۆژە لە ئێران وەربگرێت و داوای بەناوکردنـی موڵکی پرۆژەکەش بـکات، جگە لەوە هاوشێوەی ئێرانییەکان دەتوانن قەرز لە بانکەکانی ئێران وەربگرن.

مەلا یاسـین دەڵێـت: "بەهـۆی دابەزینی نرخی تمـەن بەرامبەر دۆلار، ئەو وەبەرهێنەرانەی پێشـتر رووـیان لە ئێران کردبـوو، زەرەری زۆریان کردووە،

> سەرمایەدارانی کوردستان لە چوار ساڵی رابردوودا بایی 7 ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە دەرەوە کردووە

بـەڵام ئەوانەی ئێسـتا سـەرمایەگوزاری لـە ئێران دەکـەن یـان پـرۆژە و کارگـە دەکڕنـەوە، بۆیـان بـووە بەخێر و بەرەکەت، چونکـە نرخی پرۆژەکان دابەزیوە. حکومەتی ئێرانیش بۆ راکێشانی سەرنجی وەبەرهێنـەران بەتایبـەت لەبـواری کشـتوکاڵدا، ئاسـانکاری زۆر دەکات، تەنانەت دوای تەواوکردنی 10%ی پرۆژەکە پارەیان بە قەرز دەداتێ".

دابەزینـی نرخی زەوی و پـرۆژەکان لە ئێران و ئاسانکارییەکانی ئێران بۆ وەبەرهێنی بیانی بەگشتی و کوردسـتانی بەتایبـەت، بووەتە دەسـتکەوت بۆ هەنـدێ کەس لـە هەرێمی کوردسـتان و لەڕێگەی ئۆنلاینەوە کڕیار بۆ پرۆژەکان لە ئێران دەدۆزنەوە.

زوبێـر عەبدوڵڵا زەلمی، گەنجێکی دانیشـتووی خورماڵە، لەڕێگەی پەیجێکی فەیسبووکەوە ریکلام بۆ کڕینەوەی پرۆژەی پەلەوەر، ئاژەڵداری، باخداری، کارگـەی قارچک بۆ سـەرمایەدار و وەبەرهێنەرانی کوردسـتان دەکات، لـەو رێگەیەوە تائێسـتا چەند پرۆژەیەکـی بۆ چەند سـەرمایەدارێکی کوردسـتان کڕیوە.

زوبێر عەبدوڵڵا دەڵێت: "بەهۆی ئەو بارودۆخەی تووشـی ئێران بـووە، نرخی پرۆژەکانی بەگشـتی و پـرۆژەی پەلـەوەر و کارگـەی قارچک و باخداری بەتایبـەت بۆ نیـوەی نرخی پێشـوویان دابەزیون. حکومەتی ئێرانیش ئاسانکاری زۆر بۆ وەبەرهێنەری کوردسـتان دەکات، ئەمـەش وایکرد کە ئەم پەیجە دابنێم".

بە گوتەی زوبێر، هەر وەبەرهێنەرێک پرۆژەیەکی وەبەرهێنـان لە ئێـران جێبەجێ بـکات، حکومەت زەویی پرۆژەکەی بەناو دەکات، هەر کاتێکیش بیەوێ پرۆژەکـەی فراوان بکات، حکومەت قەرزی دەداتێ، جگـە لەوەش غـاز و کارەبای بـە نرخێکی هەرزان پێدەفرۆشێ و بازاڕیش بۆ کاڵاکەی مسۆگەر دەکات، هەروەها مافی مانەوەش دەداتە وەبەرهێنەر.

زەڵمـی لـە رێگـەی پەیجەکەیـەوە کڕیـار بـۆ پرۆژەکانی ئێران دەدۆزێتەوە، بە هاوکاریی تیمێکی ئێرانی کاروباری دامەزراندنی کۆمپانیا و بەناوکردنی پـرۆژە و وەرگرتنی قەرز لە بانک بۆ وەبەرهێنەرانی کـورد دەکات، لەبەرامبەریشـدا بـڕە پارەیەکیـان لێوەردەگرێ یان دەبێتە هاوبەشیان لە پرۆژەکاندا.

زوبێر دەڵێت: "بەشێک لە خەڵکی ئێران پرۆژەی پەلـەوەر و قارچـک و پـرۆژەی دیکەیـان بەپارەی بانکـەکان دامەزراندووە، بەهۆی ئـەم بارودۆخەش ناتوانن قەرزی بانک بدەنەوە، بۆیە بە کەمێک قازانج یـان بە نرخی خۆی بەشـێک یان هەمـوو پرۆژەکە دەفرۆشنەوە".

عەلـی سـەعدەدین، دانیشـتووی سـلێمانییە، پرۆژەیەکـی پەلـەوەری لـە کرماشـان کڕیوەتەوە، ئـەو دەڵێت: "لـە رێگەی پەیجێکی فەیسـبووکەوە پرۆژەکـەم دۆزییەوە و چوومە ئێران، لەوێ چەندین پـرۆژە هەبـوون بـۆ فرۆشـتن، لەوانەش پـرۆژەی قارچـک و باخـداری و پەلـەوەر و ئاژەڵـداری، من پرۆژەیەکی پەلەوەرم پێ باش بوو کڕیم".

عەلی سەعدەدین پێشـتر پرۆژەی بەخێوکردنی مریشـکی لـە کوردسـتان هەبـووە، بـەڵام بەهۆی ئـەوەی زەرەری کردبـوو وازی لێ هێنا. ئەو دەڵێت "نرخی پرۆژەکانی ئێران بەراورد بە کوردسـتان زۆر هەرزانـە، بۆ نموونـە ئەو پرۆژەیـەی کڕیومانە 40 هەزار مریشـک دەگرێت، 5 دۆنم زەوی لەگەڵدایە و مۆڵەتی فراوانکردنی پرۆژەکە تا 100 هەزار مریشک هەیـە، ئێمـە بە 170 هـەزار دۆلار کڕیومانە، تەنیا 85 هـەزار دۆلارمـان داوە، ئەوەی دیکە بە قیسـت دەیدەینەوە بانکەکان، لێرە پرۆژەیەکی 10 هەزاری مریشکی بەو نرخە ناکڕی. جگە لەوە لە ئێران نرخی ئالیـک و جوجەڵـە زۆر هەرزانترە و فرۆشـتنەوەی مریشکەکانیش مسۆگەرە، چونکە لەوێ پێشوەختە کۆمپانیاکان گرێبەسـتی کڕینەوە لەگەڵ کێڵگەکان دەکەن".

عەلی سـەعدەدین حەز دەکات سەرمایەکەی لە کوردسـتان بخاتەگەڕ، بەڵام دەڵێت لێرە حکومەت نەک ئاسـانکارییان بۆ نـاکات، بەڵکو کرێی کارەبا و باجیان لەسـەر زیاد دەکات "بۆ نموونە لە ئێران کرێـی کارەبـا و غـاز ئەوەنـدە کەمە، بـەراورد بە کوردستان وەک ئەوە وایە بە خۆڕایی بێ".

لـەدوای گەمارۆکانـی ئەمەریـکا بـۆ سـەر ئێـران، هەنـدێ لـە شـارەزایانی بـواری ئابووری پێیانوابـوو ئەگەر حکومەتی هەرێم ئاسـانکاری بۆ وەبەرهێنەرانی ئێرانـی بکات، ئەوە روو لە هەرێمی کوردسـتان دەکـەن، بـەڵام ئێسـتا بارودۆخەکـە پێچەوانە بووەتەوە.

مەلا یاسین دەڵێت: "بەداخەوە ئێمە نەمانتوانی سـوود لـە گەمارۆکانـی ئەمەریـکا بۆ سـەر ئێران وەربگریـن و کارێـک بکەیـن وەبەرهێنەرانی ئێران روو لە هەرێمی کوردسـتان بکـەن، بە پێچەوانەوە، حکومەتـی ئێران زیرەکانە لەڕێگـەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی یەک پەنجەرە کە بریتییە لە کەمکردنەوەی رۆتین و ئاسـانکاری، توانیویەتی سەرنجی بەشێک لە سـەرمایەدارانی کوردسـتان و عێراق رابکێشێ، ئەمەش سـەرەتایەکی مەترسـیدارە بۆ پاشەکشێی زیاتری وەبەرهێنان لە کوردستان".

بە گوتەی مەلا یاسین، سەرمایەدارانی کوردستان لە چوار ساڵی رابردوودا بایی نزیکەی 7 ملیار دۆلار وەبەرهێنانیـان لـە تورکیـا و ئێران و شـارەکانی ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق و هەندێـک وڵاتی ئەورووپی کردووە. 20%ی ئەوە لە ئێران بووە.



حکومەتی ئێران بۆ راکێشانی سەرمایەدارانی کوردستان سیاسەتی یەک پەنجەرە پەیڕەو دەکات

> گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان
>
> چوونی وەبەرهێنەران بۆ ئێران، مەترسیدارە لەسەر پاشەکشێی زیاتری وەبەرهێنان لە کوردستان

### لە 200 شوێن ئاهەنگی سەری ساڵ هەبوو

# خەرجی یارییە ئاگرینەکانی شەوی سەری ساڵ 400 هەزار دۆلار بووە

رەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بۆ پێشـوازی لەسـەری سـاڵی نوێ، ئەمسـاڵ بایـی 400 هـەزار دۆلار یـاری ئاگرین لـە هۆتێل و رێسـتۆرانت و شـوێنە گەشـتیاری و شـەقامە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان تەقێندراون.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشـتی دەستەی گەشـتوگوزار، 136 هـەزار گەشـتیار بـۆ سـەری سـاڵ رووـیان لە هەرێمی کوردسـتان کردبوو، بەو هۆیەشەوە لە زۆربەی هۆتێل و رێستۆرانت و شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ئاهەنگی سەری ساڵ کرا و یاری ئاگرینی تێدا تەقێنرا.

مەولـەوی جەبـار، سـەرۆکی دەسـتەی گەشـتوگوزاری هەرێمـی کوردسـتان دەڵێت: "بۆ بەشداری لە ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ ، ئەمساڵ زیاتـر لە 136 هەزار گەشـتیار روویان لە هەرێمی کوردسـتان کرد، بەم هۆیەشەوە زۆربەی هۆتێل و رێستۆرانتەکان جمەیان دەهات لە میوان". مەولەوی جەبـار گوتیشـی: " لـە 80%ی ئـەو هۆتێلانەی میوانیـان هەبوو، ئاهەنگ سـازکراوە و لە زۆربەی رێستۆرانت و هۆتێلەکانیش بۆ رازاندنەوەی شەوەکە یاری ئاگرین تەقێندراوە".

بـۆ پێشـوازی لەسـەری سـاڵی نوێ، سـاڵانە لەزۆربـەی شـار و پایەتەختـە گەورەکانـی وڵاتان ئاهەنگـی گـەورە سـاز دەکرێـت و یـاری ئاگرین دەتەقێنرێت.

لە هەرێمی کوردسـتانیش ماوەی چەند ساڵێکە تەقاندنی یاری ئاگرین لەو شـەوەدا بووەتە شتێکی بـاو، پێشـتر حکومـەت بودجـەی تایبەتـی بـۆ رازاندنـەوەی شـار و تەقاندنی یارییـە ئاگرینەکان تەرخـان دەکـرد، بەڵام لەدوای قەیرانـی داراییەوە حکومەت وازی لەمە هێناوە و ئێستا کەرتی تایبەت ئەو کارە دەکات.



لە نێو شاری هەولێر لە 81 شوێن یاری ئاگرین تەقێنران (فۆتۆ: رووداو)

بەپێـی ئامـاری قایمقامیەتی قـەزای ناوەندی هەولێـر، لـە زۆربـەی هۆتێلەکانی شـاری هەولێر ئاهەنگی سـەری سـاڵ هەبووە، لە 81 شـوێنیش یاری ئاگرین تەقێندراوە.

ماجدی مۆڵ لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی یاری ئاگرینی سـازکرد، ژمارەیەکی زۆر گەشـتیار و میوانیش دوایین سـاتەکانی ساڵی 2018یان لەو مۆڵە بەڕێکرد.

کەیفی دەبـاغ، بەڕێوەبـەری کارگێڕیی ماجدی مـۆڵ دەڵێت: "بۆ پێشـوازی لە سـەری سـاڵ لە هەردوو لقی هەولێر و سلێمانی ئاهەنگمان سازکرد، بۆ رازاندنەوەی ئاهەنگەکە و پێشـوازی لە سـەری سـاڵی نوێش بایی 20 هەزار دۆلار یاری ئاگرینمان تەقاند، چونکە کەرەستەکانی یارییەکە پرۆفیشناڵ بوون و نرخی هەندێکیان 400 دۆلار بوو".

هەروەها هۆتێلی شـاری جوان لە سلێمانی، لەو شـوێنانە بوو کە ئاهەنگێکی فراوانی لێ سـازکرا و یاری ئاگرینی لێ تەقێندرا.

بەگوێرەی لێدوانـی بەڕێوەبەری بەبازاڕکردن لە هۆتێلی شاری جوان، خەرجیی یارییە ئاگرینەکانی شـەوی سەری سـاڵ لە هۆتێلی شـاری جوان 10 هەزار دۆلار بووە.

گوتیشـی: "لە هەموو جەژنەکانی وەک نەورۆز و قوربان و سـەری سـاڵ یاری ئاگرین دەتەقێنین، بۆ ئەم مەبەسـتەش لەسـاڵی 2016 گرێبەستمان لەگـەڵ کۆمپانیایەکـی ناوخۆ هەیە سـاڵانە یارییە ئاگرینەکانمـان بـۆ ئامـادە دەکات، بـۆ جەژنـی نەورۆزیـش پلانمان هەیـە ئاهەنگ و یاری ئاگرینی گەورەتر سـاز بکەین، لەوانەیـە تێچووەکەی بگاتە 15 هەزار دۆلار".

بەپێی ئامارێکی نافەرمی کە دەسـت (رووداو) کەوتووە، لە شـەوی سەری ساڵدا لە 200 شوێنی کوردسـتان یاری ئاگرین تەقێنراوە، خەرجی یارییە ئاگرینەکانی ئەم شـەوەش وەک بازرگانان ئاماژەی بۆ دەکەن، زیاتر لە 250 هەزار دۆلار بووە.

بەپێـی رێنماییەکانـی بەرگریـی شارسـتانی و بە بڕیاری ئاسایش، فرۆشـتنی یارییە ئاگرینەکان قەدەغەیـە، بەڵام بە قاچاخ دەگاتە کوردسـتان و بەنهێنی دەفرۆشرێ.

(ئـا.ک) یەکێکـە لـەو بازرگانانـەی یارییـە ئاگرینـەکان بـە قاچـاخ دەهێنـێ و بەنهێنـی دەیفرۆشـێ، ئـەو دەڵێت :"سـەرجەم ئـەو یارییە ئاگرینانەی هاوردەی دەکەین، چینین. لەڕێگەی ئوم قەسـر لە بەسـرا لەگەڵ کەلوپەلی دیکە بەشێوەی شاراوە هاوردە دەکرێت".

سـەبارەت بە نرخیشـیان دەڵێت: "بەپێی جۆر و قەبـارە و ژمارەی تەقینەوەکانیـان دەگۆڕێ، بۆ نموونـە جۆرێکی لوولەیی هەیـە 5 جار دەتەقێت، پێش سـەری سـاڵ کارتۆنێکی بـە 80 دۆلار بوو، بەڵام لە سەری ساڵ گەیشتە 140 دۆلار، جۆرێکی دیکەیـان کـە 8 جار دەتەقێـت، کارتۆنی بە 125 دۆلار بوو، بەڵام سـەری ساڵ گەیشتە 200 دۆلار. ئیدی هەتا زیاتر بتەقێ نرخەکەی زیاتر دەبێ".

(ئـا.ک) تەخمیـن دەکات تەنیـا لـە بـازاڕی شـێخەڵڵای هەولێر بایی زیاتر لە 100 هەزار دۆلار یاریی ئاگرین بۆ شـەوی سـەری سـاڵ فرۆشرابێ. هەروەهـا لـە کۆگاکانیـش بایـی 50 هـەزار دۆلار فرۆشرابێ.

(م.ه) بازرگانێکـی دیکەیـە لـە هەولێـر، بـە (رووداو)ی گـوت: "ئەمساڵ یارییـە ئاگرینـەکان خواسـتێکی زۆریان لەسەر بوو، مۆڵ و رێستۆرانت هەبـوو بایـی 15 تاوەکـو 20 هـەزار دۆلار یـاری ئاگرینی لەیەک کەس کڕیوە".

گوتیشی: "لە دهۆک فرۆشتنی یارییە ئاگرینەکان قەدەغـە نییـە، بۆیە فرۆشـیان زۆرترە. زۆرجار بازرگانانـی ئێرە بەجوملە بـۆ دهۆک دەینێرن، من خۆم زۆر جار 200 تاوەکو 300 کارتۆنم بۆ دهۆک نـاردووە، بۆیە پێشـبینی دەکەم لەسـەر ئاسـتی هەرێمی کوردسـتان بایـی 350 تاوەکو 400 هەزار دۆلار یاری ئاگرین لە سەری ساڵ فرۆشرابێت".

(م.ه) چەنـد جارێک بەهۆی فرۆشـتنی یاریی ئاگریـن دەسـتگیرکراوە، بـەڵام وازناهێنـێ، (م) دەڵێت "بەهۆی قەدەغەبوونییەوە نرخی یارییەکان دیـار نییە. کاتـی کەمبوونی لە بـازاڕ بەئارەزووی خـۆت دەتوانـی بەهەر نرخێـک بیفرۆشـی، بۆیە بازرگانییەکی پڕ لە قازانجە و ناتوانی دەستبەرداری بیت، هەندێ کەس هەیە لەو بازاڕە 15 جار گیراوە هێشتا وازی نەهێناوە، گرتنەکەش یاسایی نییە، بۆ نموونە جارێک چوومە بەردەم دادوەر، هیچ دەقێک نەبوو لە یاسـای عێراقی لەسـەر ئەو کارە سـزام بدات، بۆیە ئازادی کردم".

نەبـەز عەبدولحەمید، قایمقامی ناوەندی هەولێر کە سـەرۆکایەتی لێژنەی پێشوازی لە ئاهەنگەکانی سـەری سـاڵی لە هەولێر کردووە، دەڵێت :"پێشتر پارێزگاکان بۆ ئاهەنگەکانی سـەری ساڵ لەڕێگەی تەندەرەوە یارییـە ئاگرینەکانیان دەهێنا و لەچەند شـوێنێکی دیاریکـراو دەیانتەقانـد، بـەڵام دوای سـەرهەڵدانی قەیرانـی دارایـی، حکومـەت هیچ بودجەیەکـی بۆ ئەم مەبەسـتە تەرخان نەکردووە، بۆیە ئێستا زیاتر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەکرێ، بـۆ نموونە ئەمسـاڵ لە نێو شـاری هەولێر لە 81 شوێن یاری ئاگرین تەقێنراوە".

نەبـەز عەبدولحەمیـد دەڵێت بەهـۆی ئەوەی لە هەموو جیهاندا لە سـەری سـاڵدا یاریی ئاگرین دەتەقێنـرێ، زەحمەتـە بتوانـن فرۆشـتنی یارییە ئاگرینـەکان قەدەغە بکەن، بۆیە بە باشـی دەزانێ رێگە بە کڕین و فرۆشتنی بدرێ.

# قەیرانێکی دیکە خەریکە لە دەرگا دەدات

> ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی هەولێر و بەغدا دەتوانێ هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی نوێ بپارێزێ



عومەر ئەحمەد*

هەرێمی کوردستان بووەتە بەشێک لە ئابووری بەجیهانیبووی ئەم سەردەمە. لەوانەیە ڕووداوێک لە کێشوەرێکی دیکە ڕوویدات، بەڵام کاریگەریی گەورە لەسەر کوردستان دابنێ. ئەمە شتێکی نوێ نییە و بووەتە بیردۆزێکی بیرکاری کە بە کاریگەریی پەپوولە (Butterfly Effect) ناسراوە.

وا پێشبینی کراوە کە ساڵی 2019 ئابووریی جیهان ئەگەر نەکەوێتە ناو قەیرانێکی نوێوە، لانیکەم ڕووبەڕووی سستبوونەوە دەبێتەوە کە تا ساڵی 2020 درێژە دەکێشێ. ئەگەر شتێکی لەم چەشنە ڕوویدات کە ئاماژەکانی دەرکەوتوون، ئەوا هەرێمی کوردستان پریشکی ئەو ئاگرەی بەردەکەوێت کە لەو قەیرانە دەکەوێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە وردی ئاگاداری ڕەوشی ئابووریی جیهان بێ، بەتایبەتی کە بڕیارە کابینەیەکی نوێ لە هەرێمی کوردستان بە ڕوخسار و دنیابینییەکی نوێیەوە بێتە سەرکار و هێشتاش کردار و هەڵسوکەوتی حکومەتی نوێی عێراق بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان بەروونی دەرنەکەوتووە.

لە ساڵی 2014 و لە کاتی سەرهەڵدانی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت، زیانێکی گەورەی ئابووری بەر هەرێمی کوردستان کەوت. حکومەتی ناچارکرد ملیاران دۆلار قەرز لە کۆمپانیا ناوخۆیی و بیانییەکان بکات و سیاسەتی سکەهەڵگوشین پەیڕەو بکات کە کەمتر وڵاتێکی جیهان ئەو بوێرییەی تێدا هەبووە بیکات. پاشەکەوتکردنی مووچە و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت بەڕێژەی 50% لە توندترین سیاسەتەکانی سکەهەڵگوشین بوون لە جیهاندا، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناچاری جێبەجێی کرد. تەنانەت کاریگەرییەکانی ئەو قەیرانە بەدرێژایی ساڵی 2018 لەسەر هەرێمی کوردستان هەستی پێدەکرا، بەرەچاوکردنی ئەوەی کە لە 2018دا پشکێکی زۆر لە داهاتە نەوتییەکان بۆ دانەوەی قەرز ڕۆیشتووە.

لە ساڵی 2015وە بانکی ناوەندیی ئەمریکا دەستی بە بەرزکردنەوەی سوودی بانکی کرد و بەدرێژایی ساڵی 2018ش بەردەوام بوو. ئەمەش گەورەترین مەترسی بۆ وڵاتە گەشەکەرەکانی جیهان کە هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەوان، دروستکردووە. بەرزکردنەوەی سوودی بانکی لە ئەمریکا و تەنانەت لە ئەورووپا و ئاسیاش کۆتایی بە 10 ساڵ پارەی ئاسان هێنا کە بووبووە بزوێنەری سەرەکیی ئابووری وڵاتە گەشەکەرەکان. بوونی پارەی ئاسان لە 10 ساڵی ڕابردوودا وایکردبوو ئاراستەی بەهێزی وەبەرهێنان لە ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژاواییەکانەوە بەرەو وڵاتە تازە گەشەکردووەکان بچێ و ئەوەش لە وەبەرهێنانی کۆمپانیا گەورەکانی جیهاندا لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکان ڕەنگی دابووەوە، بەڵام بەردەوامی بەرزکردنەوەی سوودی بانکی، کۆتایی بە پارەی ئاسان لە جیهاندا هێنا.

کاریگەرییەکانی بەرزکردنەوەی سوودی بانکی بۆ نموونە لەسەر تورکیا، ئێران، ئەرجەنتین و بەرازیل و وڵاتانی گەشەکەری دیکە زۆر بە ڕوونی دیارە. بەهای دراوی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە دۆلار لە 2018 بەڕێژەی 30%، 70%، 50% و 12% دابەزیوە. ئەمە بەو واتایەیە کە وەرگرتنی قەرز لەلایەن ئەو وڵاتانە بەڕێژەی دارمانی دراوەکانیان قورستر بووە و بووەتە هۆکاری سەرەکی خاوبوونەوەی گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتانە.

هەرچەندە لە سەرەتای ساڵی 2018 وە زۆربەی وڵاتانی بەهێزی جیهان، وەک ئەمریکا، چین، ژاپۆن و کۆریای باشوور گەشەیەکی بەرزی ئابوورییان تۆمار کرد، بەڵام لە نیوەی دووەمی 2018، گەشەی ئابووری وڵاتە گەشەکردووەکان و گەشەکەرەکان بەرەو خاوبوونەوە ڕۆیشت. ئامارەکانی چارەکی چوارەمی 2018 لەسەر گەشەی ئابووریی وڵاتانی جیهان بە وردی ئەوە دەسەلمێنن. جگە لەوەش پەرەسەندنی هەندێ ئایدۆلۆژیای تایبەت کە ڕەنگ و بۆیەکی پرۆتێکشنیزمانە (هەر کەس بۆ خۆی) یان پێوە دیارە، ئاسۆی ئابووریی جیهانی لە 2019 تەمومژاوی کردووە. هاتنەسەرکاری ترەمپ و برێگزێت و بەهێزبوونی پارتە پۆپۆلیستەکان لە هەندێ وڵاتی ئەورووپی ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ سەرهەڵدانی ئەو ئایدۆلۆژیا نوێیە کە گەورەترین مەترسی لەسەر ئابووری و کاروباری بازرگانیی جیهان دروستکردووە. بۆ نموونە ئەو نیگەرانیانە وایانکردووە خواست بۆ نەوتی خاو لە ساڵی 2018 وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا بەرز نەبێتەوە و ئەوەش لە دابەزینەکانی نرخی نەوت لە چەند مانگی ڕابردوودا ڕەنگی داوەتەوە.



خاوبوونەوەی ئابووریی جیهان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێ (فۆتۆ: ڕووداو)

بمانەوێت و نەمانەوێت نەوتی خاو ئەو کاڵایەیە کە سەرەکیترین بەرهەمی هەرێمی کوردستانە و سەرچاوەی سەرەکی بودجەی حکومەتیشە. ئەگەر نرخی نەوت وەک دوو مانگی ڕابردوو بەردەوام بێت لە دارمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی شۆکێکی دیکەی کورتهێنانی بودجە دەکاتەوە کە دەتوانێت مەترسی جددی بۆ پلانە ئابوورییەکانی دروستبکات. کەمترین کاریگەری ئەوە دەبێت کە بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتە نەوتییەکانی ناتوانێت بەو چەشنەی بەڵێنی داوە لە پێدانی مووچە، بەرێکوپێکی بەردەوام بێت.

ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق لەم کاتانەدا دەتوانێت وەک پەرژینێک توانای هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانێکی نوێ بەرزبکاتەوە. وەک چۆن هەندێ سەرچاوە لە بەغداوە ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەگەر حکومەتی عێراق ئامادە بێت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات و نەیبەستێتەوە بە بودجەوە، دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە. ئەگەر ئەمە بکرێت، ئەوەندە گرنگ نابێت کە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی 2019دا 12% بێت یان 14% و یان 17% بێ. بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ مووچەخۆران خەرج دەکرێت پشکی هەرە زۆری بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت کە 75%ی کۆی بودجەکەیە. ئەگەر حکومەتی ناوەندی ئەم پشکە لە بودجەی هەرێمی کوردستان دابین بکات، ئەوا لەڕێی سەرچاوەکانی دیکەوە، بەتایبەت لەڕێی داهاتی ناوخۆوە دەکرێت بەشەکەی دیکەی بودجە واتا بودجەی بەکارخستن و بە ڕێژەیەکی سنوورداریش بودجەی وەبەرهێنان دابین بکرێت.

سستبوونەوەی ئابووریی جیهان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێت، دەتوانێت گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان خاوبکاتەوە، قەبارەی وەبەرهێنان و ئاڵوگۆڕی بازرگانیش دابەزێنێ و تەنانەت ببێتە هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاریش. لە هەلومەرجێکی وەهادا باشترین کار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە جددیتر لە ساڵانی ڕابردوو، بەردەوام بێت لە چاکسازییە ئابوورییەکانی و ڕێکخستنی ژێرخانی ئابووریی وڵات. ساڵی 2019 دەبێت ببێتە ساڵی ڕاستەقینەی چاکسازییە ئابوورییەکان بەتایبەت چاکسازییەکانی پەیوەست بە مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینی و پەرەپێدانی کەرتە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگاوبان. ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند ساڵی قەیرانی ئابووریدا زۆر وێران بووە، ئەگەر لە 2019دا چاکسازییەکان هێندە جددی نەبن کە هەلێک بۆ باشترکردنی ژێرخانی ئابووری بڕەخسێنن، ئەوا ئەو چاکسازییانە ناتوانن ببنە هۆکاری بەدیهێنانی ئابوورییەکی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان.

*بەڕێوەبەری دیسکی ئابووریی ڕووداو

## پێشبینییەکان بۆ نرخی نەوت لە 2019 لە بەرژەوەندیی عێراقن

# نرخەکانی نەوت لە 2019دا چۆن دەبن؟



سیپان شێروانی
مامۆستای زانکۆ

بۆ پێشبینیی نرخەکانی نەوت، شارەزایان و ئابووریناسان پەنا بۆ ئەو هۆکار و فاکتەرانە دەبەن کە کاریگەرییان لەسەر نرخی نەوت هەیە، کاتێکیش توانرا خوێندنەوەی دروست بۆ هۆکار و فاکتەرەکان بکرێ، دەتوانرێ پێشبینییەکی لۆژیکی بۆ بازاڕی نەوت بکرێ. پێشبینی بۆ نرخی نەوت کارێکی وا ئاسان نییە، ساڵانە بانکەکان و پەیمانگا و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە وزە پێشبینی بۆ نرخی نەوت دەکەن، بەڵام زۆربەی جار، بە تایبەتی بەمدواییانە، پێشبینییەکان ڕاست دەرناچن. بەگشتی چەندین فاکتەر هەن کە کاریگەرییان لەسەر نرخی نەوت هەیە، ئەمانە هەندێکیانن:

1- خواستن و خستنەڕوو: کاتێک خواست لەسەر نەوت زیاد دەکات، نرخەکەی بەرز دەبێتەوە، ئەگەر خواست کەمی کرد بەراورد بە خستنەڕوو، نرخی دادەبەزێت، بە مەرجێک هۆکارە کاریگەرەکانی دیکە جێگیر بن، لە بارەی خستنەڕووەوە پێچەوانەی خواستە. کاتێک خستنەڕووی نەوت زیاد دەکات، نرخەکەی دادەبەزێت. ئەگەریش خستنەڕووی نەوت کەمی کرد، واتە کەمتر بوو لە بڕی خواست، ئەوا نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، بە مەرجێک هۆکارەکانی دیکەی کاریگەر لەسەر نرخی نەوت جێگیر بن.

2- ئۆپێک: بە فاکتەرێکی کاریگەر دادەنرێت لەسەر نرخی نەوت، چونکە 40%ی نەوتی جیهان لەژێر کۆنترۆڵی ئەودایە. لە کاتی دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی نەوتدا، لە ڕێگەی زۆر یان کەم خستنەڕووی نەوت، دەتوانێ هاوسەنگی بۆ بازاڕ بگەڕێنێتەوە.



پێشبینی دەکرێ نرخی نەوت لە ساڵی 2019دا لە سەرووی 70 دۆلارەوە بێ (فۆتۆ: AFP)

3- پێشبینییەکان: کاریگەری زۆریان لەسەر نرخی نەوت هەیە، چونکە جگە لە بەرهەمهێنەر و بەکاربەر، سەوداگەریش لە بازاڕەکەدا هەن کە بۆ بازرگانییەکەیان پشت بە پێشبینی دەبەستن. کاتێک پێشبینی بەرزبوونەوەی نەوت دەکرێ، ئەوان نەوتی بازاڕەکان دەکڕنەوە، بەمەش بەشێوەیەکی کاتی خواست زۆر دەبێ و نرخ بەرز دەبێتەوە. بەڵام کاتێک پێشبینی دابەزینی نرخ کرا، ئەوە خستنەڕوو زۆر دەبێ و دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی نەوت.

4- هۆکارە سروشتییەکان: کاتێک ناوچەیەکی نەوتی بەرەڕووی کارەساتێکی وەکو لافاو، گڕکان، ڕەشەبا دەبێتەوە، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان، بەمەش خواست پێش خستنەڕووی نەوت دەکەوێت و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

5- شەڕ و ململانێی سیاسی: کاتێک وڵاتێکی بەرهەمهێنەر و هەناردەکاری نەوت تووشی شەڕ دەبێت، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کەم دەبێتەوە، وەک ئەوەی لە سووریا و لیبیا و عێراق ڕوویدا، بەمەش نەوتی کەمتر دەگاتە بازاڕەکانی جیهان و ئەگەر خواست زۆر بوو، ئەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت. ئەگەر جەنگەکە لە وڵاتێکی هاوردەکاری نەوت بوو، ڕەنگە پیشەسازی ئەو وڵاتە ڕاوەستێ و نەوت هاوردە نەکات، لەو حاڵەتەدا نرخی نەوت دادەبەزێ.

گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، شەڕی بازرگانیی چین و ئەمریکا کە ڕەنگە بە زیانی گەشەی ئابووریی جیهان بشکێتەوە. یەکەمیان بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و دووەمیشیان نزمبوونەوەی نرخی نەوتیان لێدەکەوێتەوە.

### نرخی نەوت لە 2019دا چۆن دەبێت؟

ڕێکخراو و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە بە پشتبەستن بەم هۆکارانەی سەرەوە پێشبینی بۆ نرخی نەوت دەکەن، بەگشتی پێشبینییەکان بۆ نرخی نەوت لە ئەمساڵدا لە نێوان 60 — 80 دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێک. فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا پێشبینی دەکات تێکڕای نرخەکانی نەوت لە ئەمساڵدا 61 دۆلار بێ، بەڵام لە ڕاپۆرتی پێشوویان کە تشرینی دووەم بڵاوکرایەوە، پێشبینیان کردبوو 65 دۆلار بێ، هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە کە نەوتی لیتەیی ئەمریکا زیاد دەکات و گەشەی ئابووریی جیهانیش کەمێک خاو دەبێتەوە، بۆیە خواست لەسەر نەوت کەم دەبێت.

ئەگەرچی ئۆپێک و وڵاتانی هەناردەکاری نەوتی دەرەوەی ڕێکخراوەکە لە حەوتی کانوونی یەکەمی ڕابردوو ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ڕۆژانە 1.2 ملیۆن بەرمیل نەوت کەمتر بخەنە بازاڕەکانی جیهان، ئەمەش لە پێناو هێشتنەوەی نرخی نەوت لە سەرووی 70 دۆلار، بەڵام نرخ نەک لەو ئاستە نەمایەوە، بەڵکو دابەزی بۆ خوار 50 دۆلار. بەڵام شارەزایان پێیانوایە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ڕۆڵی دەبێ لە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە ساڵی 2019دا.

گۆڤاری وۆڵ ستریتی ئەمریکی پێشبینی دەکات نرخی نەوتی برێنت لە نێوان 68 بۆ 73 دۆلار بێت، ئەمەش ئەو نرخەیە کە ئۆپێک داوای دەکات، لەو نرخەش نزیکە کە (EIA) پێشبینی دەکات. هەروەها بانکی وەبەرهێنانی ئەمریکی (Bank of America Merrill Lynch) پێشبینی تێکڕای 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێکی نەوتی برێنت دەکات بۆ 2019. بانکەکە پێیوایە ئۆپێک دەتوانێ نرخی نەوت لە بازاڕەکاندا بەرز بکاتەوە.

ئاماژەکانی Standard & Poorsیش هەر پێشبینی 70 دۆلاریان کردووە، ئەویش پێیوایە دابەزینی ئەمدواییەی نرخی نەوت بەهۆی زیادبوونی بەرهەمی نەوتی ئەمریکا، سعودیە و لیبیا بووە، لەگەڵ ڕانەگرتنی هەناردەی نەوتی ئێران، بەڵام 2019 گەشەی ئابووریی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە زیاد دەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خواست لەسەر نەوت، هەمیش ئۆپێک ڕێککەوتنەکەی جێبەجێ دەکات.

هەروەها (JP Morgan) کە بانکێکی زەبەلاحی ئەمریکییە بۆ وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری دارایی، پێیوایە کە ساڵی 2019 نرخی نەوت بە خواستی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا نابێت کە خوازیاری نرخی نزمە، بەڵکو نرخەکە لە سەرووی 70 دۆلارەوە دەبێ. جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکەی ئۆپێکیش بە تاکە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەزانێ.

لە ناوەڕاستی بەهاری ئەمساڵ، ئەو نۆ وڵاتەی بەخشراون لە هاوردەکردنی نەوتی ئێران، مۆڵەتەکەیان تەواو دەبێت و دەبێت پابەندبن بە گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران و هەناردەی نەوتی ئێران سفر بکەن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە خستنەڕووی نەوت لە بازاڕدا کەم دەکات و دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت.

### نرخی نەوتی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟

حکومەتی عێراق، پرۆژەی بودجەی ناردووەتە پەرلەمان و خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە. لە پرۆژەی بودجەدا کە زۆرتر پشت بە داهاتی نەوت بەستراوە، نرخی نەوت بە 56 دۆلار خەملێندراوە، واش دانراوە ئەگەر عێراق ڕۆژانە 3 ملیۆن و 880 هەزار بەرمیل بفرۆشێ کە 250 هەزار بەرمیلی هی هەرێمی کوردستان بێ، هێشتاش 19 ملیار دۆلار کورتهێنانی هەیە. بۆ پڕکردنەوەی ئەم کورتهێنانەش عێراق ناچارە پەنا بباتە بەر قەرزی نێوخۆیی و دەرەکی، بەڵام ئەگەر نرخی نەوت وەک ئەوەی پێشبینیکراوە لە سەرووی 70 دۆلار بێ، عێراقیش ڕۆژانە 3 ملیۆن و 880 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێ، ئەوە 20 ملیار دۆلار لە داهاتی عێراق زیاد دەبێ و پێویستی بە قەرزکردن نابێ.

دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی تاڕادەیەک ئاسایی بوونەتەوە، پێشبینی دەکرێت لەسەر زۆرینەی کێشەکان ڕێکبکەون و هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل لەڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە بنێرێتە دەرەوە، عێراقیش بوجەی هەرێمی کوردستان بدات. ئەگەر نرخی نەوت لەسەرووی 70 دۆلارەوە بێ، ئەگەری جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکانی هەولێر و بەغدا ئاسانتر دەبێت و لە هەرێمی کوردستان کێشەی مووچە چارەسەر دەبێت. ئەگەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا ڕێکنەکەوت و نەوتیش لە سەرووی 70 دۆلار بێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو ئێستا ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشێ، دەتوانێ وەکو ئێستا بەردەوام بێ لەسەر پێدانی مووچەی فەرمانبەران. کەواتە ئەو پێشبینیانەی بۆ نرخی نەوت لە 2019 کراون، لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەبن.



## مەحموودی کلیپیکی ئەنیمیشن بڵاودەکاتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

شۆڕش مەحموودی، گۆرانیبێژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کلیپێکی ئەنیمیشنی بەناوی "سێڵاو" بڵاوکردەوە. هونەرمەند شۆڕش مەحموودی لەبارەی کلیپە نوێیەکەی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەم گۆرانییە لە ئەلبوومی مێخەکبەندی پارکە کە لە فێستیڤاڵی فەجر بوو بە باشترین ئەلبوومی ساڵ لە ئێران". شۆڕش دەشڵێت "فاروق سامانی کاری دەرهێنانی بۆ ئەنیمێشنەکە کردووە، هونەرمەند شەماڵ چەرخەنداز کاری دابەشکردنی میوزیکەکەی کردووە. هەروەها لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری دابەشکردنی میوزیک بۆ گۆرانییەکە کراوە".

### نوپەل هەژان، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان بۆ (ڕووداو)

# بەهۆی گۆرانییەوە فێری زمانی کوردی بووم



نوپەل هەژان، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، لە باتمان لەدایکبووە و لە ئیستەنبوڵ لە بنەماڵەیەکی هونەریدا گەورە بووە. باوکی ئەلف و بێی میوزیک و گۆرانیی کوردی فێر کردووە، هەر بەهۆی میوزیک و گۆرانیشەوە فێری زمانی کوردی بووە. نوپەل جگە لە خۆی، خوشک و براکانیشی دەنگخۆشن و گۆرانی دەڵێن. ماوەیەکە بۆ کاری هونەری هاتووەتە باشووری کوردستان و لەم هەڤپەیڤینەدا باس لە پرۆژە و بەرنامە هونەرییەکانی خۆی دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: سەرەتا چۆن ئاوێتەی جیهانی هونەری میوزیک و گۆرانی بوویت؟**

**نوپەل:** من هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ دەنگی میوزیک و گۆرانی گەورە بووم. باوکم میوزیکژەن و گۆرانیبێژە، لە ماڵی ئێمە هەمیشە میوزیک و گۆرانی هەبووە، هەرسێ خوشکەکانم لەگەڵ براکانم و باوکم گۆرانییان دەگوت. هەر لە ڕێگەی گۆرانییەوە فێری زمانی کوردی بووم، باوکم بۆ ئێمە قوتابخانەیەک بوو، بۆیە هەمیشە شانازی پێوە دەکەم، هەر ئەویش بوو لەنێو کاری هونەریدا دەستی گرتم و ئێستاش پاڵپشتیم دەکات.

**ڕووداو: چەند ساڵە کاری هونەری دەکەی؟**

**نوپەل:** زیاتر لە 10 ساڵە کاری هونەری دەکەم، یەکەمین ئەلبوومی خۆم لە تەمەنی 13 ساڵی تۆمار کرد، بەڵام بڵاوم نەکردەوە، پاشان هەر لە تەمەنی 13 ساڵی یەکەمین ڤیدیۆکلیپی خۆم بڵاوکردەوە، بۆ ئەو کات باش بوو، توانیم لە باکووری کوردستان خۆم بناسێنم، دواتر دەستم بە گۆرانی شایی لە ئاهەنگی بووکگواستنەوە کرد و سێ ساڵ بەردەوام بووم، پاشان هاتمە باشووری کوردستان.

**ڕووداو: لە ماوەی 10 ساڵ کارکردن ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی؟**

**نوپەل:** چوار ڤیدیۆکلیپم هەیە، لەگەڵ شەش گۆرانیی سینگڵ، زۆر کۆنسێرتیشم لە باشوور و باکووری کوردستان کردووە. چەند بەرهەمێکی هاوبەشیشم لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە هەیە.

### ئەلبوومێکی لاوک تۆمار دەکەم

**ڕووداو: کێ لە ئامادەکردنی ملیۆدی و تێکستی گۆرانییەکانت هاوکاریت دەکات؟**

**نوپەل:** بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانم، هەر باوکم ئاواز و تێکستم بۆ دەنووسێت، هەر ئەویش کاری دابەشکردنی بۆ کردووم، بەشێک لە گۆرانییەکانیشم هونەرمەند جێگر سەباح بۆی کردووم، زۆر سوپاسیان دەکەم کە هەمیشە هاندەر و پاڵپشتم بوون.

**ڕووداو: شاری باتمان بە دەنگبێژی و گۆرانیی گەلەری ناسراوە، بۆچی لە بەرهەمەکانتدا کەمتر گوێمان لە لاوک دەبێ؟**

**نوپەل:** بێگومان زۆر حەز لە گۆرانی گەلەری و لاوک و دەنگبێژی دەکەم، هەردەم باوکم لەسەر گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان ڕاهێنانی پێکردووین، لەگەڵ ئەوەشدا لاوک دەڵێم، بەڵام حەزم کرد، ئەلبوومی یەکەمم و بەرهەمە تازەکانم زیاتر بە شێوازی مۆدێرن بێت و لەگەڵ ئەم قۆناغەدا بڕۆین، لە بەرنامەمدا هەیە ئەلبوومێکی تایبەت بە گۆرانی گەلەری و دەنگبێژی بڵاوبکەمەوە.

**ڕووداو: بە چەند زمان گۆرانی دەڵێیت؟**

**نوپەل:** بە کوردی و تورکی و عەرەبی گۆرانی دەڵێم، بەڵام زیاتر بە کوردی گۆرانیم گوتووە. لە ئیستەنبوڵ و لە باشووری کوردستانیش هەر گۆرانی کوردی دەڵێم. من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی حەز ناکەم تێکەڵی بواری سیاسەت بم، لای من هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی بە زمانی خۆی گۆرانی بڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا منیش بە ئاسایی دەبینم بە زمانی تورکی و عەرەبی و فارسیش گۆرانی بڵێم، چونکە هونەر سنووری نییە و نابێت تێکەڵی سیاسەت بکرێت.

**ڕووداو: لە باشووری کوردستان زیاتر داوای چ گۆرانییەکت لێ دەکەن؟**

**نوپەل:** ئێستا لە باشووری کوردستان جگە لە گۆرانی کوردی، زۆر داوای گۆرانی تورکی و عەرەبیم لێ دەکەن، منیش دڵیان ناشکێنم، بەڵام تەنیا دوو گۆرانی عەرەبیم بەتەواوی لەبەرە، ئەوانی دیکە کۆپلە کۆپلەیە.

**ڕووداو: لەگەڵ چ هونەرمەندێک حەز دەکەی دوێت بکەی؟**

**نوپەل:** زۆر حەز دەکەم لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری کورد حەسەن شەریف دوێتێک بکەم، بەڵام تاوەکو ئێستا نەبووەتە قسمەت. لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی باکووری کوردستان دوێتم کردووە و بڕیاریشە لەم ڕۆژانە دوێتێک لەگەڵ خوشکم هێلینا کوردی بکەم، هیوادارم بەدڵی هەوادارانمان بێت.

**ڕووداو: دەنگی کامە هونەرمەندانی باشووری کوردستانت لا خۆشە؟**

**نوپەل:** لە باشووری کوردستان ئێستا دەنگی زۆر خۆش و بەهێز هەن، لە شاری

> لە تەمەنی 13 ساڵیدا ئەلبوومی گۆرانیم تۆمار کرد

### باوکم بۆ ئێمە قوتابخانەی میوزیک و گۆرانییە

دهۆک ئاشڤان فەرەج هەیە کە دەنگێکی زۆر نەرم و خۆشی هەیە، بەشێوازێک گۆرانی دەڵێت مرۆڤ تووشی هەیەجان دەکات، لە دەنگی کچەکانیش لە باکووری کوردستان دەنگی نازدار و مەلەک ڕۆژهات زۆر خۆشە.

**ڕووداو: ئێستا ڕەوشی میوزیک و گۆرانی لە باکووری کوردستان چۆنە؟**

**نوپەل:** پێموایە ئێستا زۆر باشە و ڕۆژ دوای ڕۆژ پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ. ئەمەش وایکردووە هونەرمەندی زۆر باش و سەرکەوتوو دەربکەون و کاری جوان پێشکەش بە خەڵک بکەن، ئێستا زیاتر ئازادن، پێشتر تەنیا بە زمانی تورکی گۆرانییان دەگوت، بەڵام ئێستا بە زمانی کوردی و عەرەبی و زمانەکانی دیکە گۆرانی دەڵێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشکەوتنێکی باشە و هیوادارم بەردەوام بێت.



### زارین ئانجو، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان بۆ ڕووداو:

# بە لایڤ میوزیک داهاتێکی باشم دەستدەکەوێت

خەڵکی باکووری کوردستانە، بە میوانی هات بۆ هەولێر، بەڵام حەوت ساڵە لێرە بووەتە خاوەن ماڵ، بەهۆی بەشداری لە چەند پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی و گوتنەوەی گۆرانی هونەرمەندانی دێرین ناوبانگی دەکرد، ئێستاش هەفتانە چەند شەوێک لایڤ میوزیک پێشکەش دەکات، زارین ئانجو خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باس لە کارە هونەرییەکانی لە باشووری کوردستان دەکات و دەڵێت بەنیازە ئەمساڵ یەکەم کلیپی گۆرانی بڵاوبکاتەوە.

**هەڤپەیڤین: دەرباز یونس**
**ڕووداو - هەولێر**



> زۆربەی ئەوانەی لە لایڤ میوزیکەکانم ئامادە دەبن پیاون

**ڕووداو: ماوەی حەوت ساڵە لە هەولێر دەژیت، ژیان لەم شارە بۆ تۆ وەک گۆرانیبێژێک چۆنە؟**

**زارین ئانجو:** سەرەتا کە هاتم تەنیا بۆ سەردان بوو، پلانم نەبوو زۆر بمێنمەوە، بەڵام دواتر هەستمکرد لێرە دەتوانم بەخۆشی بژیم، بۆیە مامەوە.

**ڕووداو: تۆ لە هەولێر زۆرتر لایڤ میوزیک پێشکەش دەکەی، بەو کارە هیچ داهاتێکت دەستدەکەوێ؟**

**زارین ئانجو:** هەفتانە چەند شەوێک لایڤ میوزیک پێشکەش دەکەم، بەڵێ بەو کارە داهاتێکی باشم دەستدەکەوێت کە دەتوانم لێرە لە هەولێر پێی بژیم و بمێنمەوە. کارکردن و گۆرانیگوتن چێژێکی تایبەتم پێدەبەخشێت، من هەمیشە دەڵێم میوزیک و گۆرانی خۆراکی ڕۆحن، بۆیە ئەگەرچی زەحمەتی زۆرە و زۆریش ماندوو دەبم، بەڵام چێژ وەردەگرم و دڵخۆشم دەکات.

**ڕووداو: ئەو زەحمەتییانە چین کە دێنە پێش گۆرانیبێژێکی خانم لە کاتی پێشکەشکردنی لایڤ میوزیکدا؟**

**زارین ئانجو:** زەحمەتییەکان زۆرن، بۆ نموونە ئەگەر دڵیشت خۆش نەبێت، ناچاری کە گۆرانی بڵێیت و خۆت کەیفخۆش پیشان بدەیت، ئەمە نموونەیەکی زۆر ئاسانە. هاوڕێکانم هەمیشە وا دەزانن کە من لە کەیفخۆشی و پێکەنیندا دەژیم، بەڵام وانییە، ئێمەش بێزار دەبین، بۆ نموونە شەوێک نامەوێ گۆرانی بڵێم، بەڵام چونکە پەیوەستین بە پلان و پرۆگرامێکی تایبەتەوە، ناچارم گۆرانی بڵێم ئەگەر دڵیشم خۆش نەبێت.

**ڕووداو: کاردانەوەی هەواداران و میوانانی لایڤ میوزیکەکانت چین؟ زیاتر داوای چ گۆرانییەک دەکەن؟**

**زارین ئانجو:** ئەوان هەمیشە داوای گۆرانییە کۆنە کوردییەکانم لێدەکەن، بەتایبەتی گۆرانی سۆرانی، منیش پێشکەشیان دەکەم، بەڵام شتێک کە دڵم ناخۆش دەکات ئەوەیە پیاوان خۆشەویست و هاوژینەکانیان لەگەڵ خۆیان ناهێننە لایڤ میوزیکەکان، هەمیشە دەبینی زۆرترین ئەو کەسانەی کە دێن پیاون، ئەوە دڵتەنگم دەکات، هەمیشە داوایان لێدەکەم و دەڵێم جاری داهاتوو لەگەڵ خۆشەویستانتان وەرن بۆ لایڤ میوزیک.

### ئەمساڵ یەکەم کلیپی گۆرانی بڵاودەکەمەوە

**ڕووداو: باشە تا ئێستا کە تەنیا لە پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی و لایڤ میوزیک دەرکەوتووی، بەنیازنیت گۆرانی خۆت هەبێت؟ یان کلیپی گۆرانی تایبەت بە خۆت بڵاوبکەیتەوە؟**

**زارین ئانجو:** لە ساڵی 2019 یەکەم کلیپی گۆرانی خۆم بڵادەکەمەوە. ئەویش گۆرانییەکی سۆرانی کۆنی کوردییە و بەشێوەیەکی نوێ گوتوومەتەوە. کلیپەکە ئامادەیە و هەموو کارەکان تەواو بوون، تەنیا ماوە بڵاوی بکەمەوە، بەڵام سەبارەت بە گۆرانی خۆم، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە زۆر هەستیارم لە هەڵبژاردنی ئاواز و تێکستی گۆرانی، پێشتر زۆر هەوڵمداوە کە گۆرانی خۆمم هەبێت، بەڵام نەمتوانیوە تێکستی جوان و گونجاو و ئاوازی باش بدۆزمەوە، زۆر کەسیش هاوکارییان کردووم، بەڵام نەگەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە تەواو ئەوەیە ئەو تێکست و ئاوازەی من دەمەوێت.

### کوران لێرە کەپڵەکانیان ناهێنن بۆ لایڤ میوزیک

**ڕووداو: ژیانت لە هەولێر جگە لە گۆرانی و لایڤ میوزیک بەچی بەسەر دەبەی؟**

**زارین ئانجو:** جگە لە کاری هونەری، کاتەکانم لەگەڵ هاوڕێکانم بەسەر دەبەم، هەروەها خواردن دروستدەکەم، من حەزم لە کاری پاککردنەوەی ماڵ نییە، بەڵام حەز دەکەم خواردن دروست بکەم.

**ڕووداو: خواردنی خۆش دروستدەکەی؟**

**زارین ئانجو:** بەڵێ، هاوڕێکانم پێمدەڵێن کە من زۆر بە باشی خواردن دروستدەکەم، بەتایبەتی زۆر حەز بە دۆڵمەی من دەکەن، منیش کەسێکم حەز بەتەنیایی ناکەم، بۆ نموونە حەز ناکەم بەتەنیا نان بخۆم، هەر کاتێک خواردنێکی خۆش دروست بکەم، هاوڕێکانم بۆ لای خۆم بانگهێشت دەکەم، یان خۆم دەچم بۆ لایان و پێکەوە خواردنەکە دەخۆین.

## کۆچبەرە "لەخۆبوردووەکان" ولاتینامەی یۆنانیان وەرگرت

**ڕووداو- هەولێر**

حکومەتی یۆنان ولاتینامەی بەخشییە 3 کۆچبەر کە هاوینی ڕابردوو بە لەخۆبووردەییەوە کاریان کرد بۆ ڕزگاکردنی دەیان کەس لە ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوەی ئەو وڵاتە. ئەوان بە هانای ئەو کەسانەوە چووبوون کە لەبەر ئاگرکەوتنەوەکانی نزیک یۆنان خۆیان فڕێ دابووە ناو ئاو و توانیان دەیان کەسیان لێ ڕزگار بکەن. کۆچبەرەکان کە بە کاری ماسیگرتنەوە سەرقاڵن، بریتین لە هەریەکە لە عیماد هەمیمی، مەحموود ئیبراهیم موسا کە خەڵکی میسرن و جاک غانی، کە خەڵکی ئەلبانیایە. لە ڕێوڕەسمێکدا لە ئەسینای پایتەختی یۆنان، پرۆکۆپیس پاولۆپۆلۆس، سەرۆککۆماری یۆنان، ستایشی مرۆڤدۆستیی کۆچبەرەکانی کرد و ولاتینامەی بەخشییە هەر سێ کۆچبەرەکە.



## پرۆژەیەکیشی بۆ کوردستان هەیە

BIG STORY

# پێشمەرگەیەک پۆلیسی هۆڵەندا نوێ دەکاتەوە

لەو باڵەخانەیەی وەک یەکێک لە بەڕێوەبەرە گەورەکان دەوامی تێدا دەکات، سێ پارێزگای باکووری هۆڵەندا لەڕووی ئەمنییەوە دەپارێزرێن. ئەمە هەمان ئەو باڵەخانەیەیە کە کاتی خۆی سامان وەک پەناخواز ڕووی تێکرد و داوای مافی پەنابەریی تێداکرد، کەچی ئێستا لە هەمان باڵەخانە پۆلیسە هۆڵەندییەکان وەک گەورەی خۆیان دەیبینن و لە ژوورەکەیدا کە ئاڵای کوردستانی تێدا داناوە، دەچنە بەردەمی و ڕاپۆرتی ڕۆژەکەی دەدەنێ. ئەو پێشتر لە کوردستان پێشمەرگە بووە و بە دڵێکی شکاوەوە وڵاتی یەکەمی بەجێهێشتووە، کەچی ئێستا لە وڵاتی دووەمیدا پرۆژەی نوێکردنەوەی پۆلیسی هۆڵەندای پێ سپێردراوە و بەهۆی کاریگەربوونیشیەوە سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا داوای لێکردووە ببێتە ئەندامی پارتەکەی ئەو.

هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو - هۆڵەندا



سامان وانە بەقوتابیانی کۆلێژی پۆلیسی هۆڵەندا دەڵێتەوە (فۆتۆ: ڕووداو)

ئەو کوڕی سلێمانییە. لەدایکبووی ساڵانی حەفتایە، کاتێک بیرەوەرییەکانی ساڵانی هەشتای زیندوو دەکاتەوە، ئەوەی لەبیرە کە لە ماڵێکی قەرەباڵغەوە هاتووە و لە کۆڵانەکانی سلێمانیدا یاریی کردووە. ئەوهێشتاش لەبیریەتی هاندەری یەکەمی بۆ گەورەبوون ئەوکاتە بووە کە برا گەورەکەی، بەناوی نەقیب ئەرسەلان، بۆ یەکەمجار کتێبێکی لەسەر ژیانی چارلی چاپلین بۆ هێناوە و گوتوویەتی دەبێ بیخوێنیتەوە، چونکە دواتر پرسیارت لێدەکەم. ساڵانی دواتری ژیانی سامان لە ئاوارەیی و شەڕی ناوخۆدا بە پێشمەرگایەتی و ئێش و ئازاری نەبوونی و نائومێدی تێپەڕیون. چەند ساڵێک دواتر لە کۆلێژی پۆلیس لە هۆڵەندا وێنەیەکی سامان بە دیوارەوە هەڵدەواسرێ کە چەکی بی کەی سیی پێیە. ئەو دەڵێت کاتێک ئەو وێنەیەی گرتووە، قەت بەخەیاڵیدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هۆڵەندا دەبێتە ئەو ئەفسەرە پلە باڵایەی پۆلیس کە هاوکات سێ پۆستی پێدەسپێردرێت.

### لە نائارامییەوە بۆ نائارامی

کاتێک سامان کوردستان بەجێدەهێڵێت، هێشتا کوردستان لە نائارامییەکی گەورەدایە. ئەو کە دەگاتە هۆڵەندا و دەچێتە کەمپی پەنابەران، زۆر نیگەران دەبێ لەوەی کە ناکۆکیی نێوان لایەنگرانی پارتی و یەکێتی لەو کەمپانەدا لە کوردستانیش توندترە. بۆیە هەر زوو بەخۆی دەڵێت: هەرچۆنێک بێت دەبێ خۆم لێرە ڕزگار بکەم، چونکە تووشی کێشەیەک دەبم. ئەمە ئەوکاتە دەبێت کە سامان بڕیاردەدات لە هۆڵەندا بەدوای ئارامیدا بگەڕێت و چیدیکە نەگەڕێتەوە بۆ نائارامی. کەچی دواتر بە هاندانی هاوڕێ هۆڵەندییەکانی دەچێتەوە دنیای پۆلیسی و ژیانی نائارامی کەسێکی ئەمنی. ئەو کۆلێژی پۆلیس بە ماوەیەکی کورتتر لە قوتابییەکی ئاسایی تەواو دەکات. وەک یەکێک لە مامۆستاکانی بۆی باسکردم، زیرەکترین و جدیترین قوتابیی پۆلەکە سامان بووە و هەمیشە لەوانی دیکە تووڕە بووە کە نەیانهێشتووە باش گوێی لە مامۆستا بێت و وانەکان بەباشی تێبگات.

> **سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا داوای لێکردم ببمە ئەندامی حیزبەکەی**

### لە قوتابییەوە بۆ مامۆستا

پێکەوە دەچینەوە هەمان ئەو کۆلێژەی کە سامان تێیدا وانەی خوێندووە. مامۆستاکان باوەشی پێدادەکەن و بیرەوەرییەکانیان لەگەڵ ئەو دەگێڕنەوە. ئەوەشم بۆ ئاشکرا دەکەن کە ئێستا سامان لە ئاستێکدایە بەردەوام وەک مامۆستا دێت و هەندێک وانە بە قوتابییەکانی کۆلێژی پۆلیسی هۆڵەندا دەڵێتەوە. پێکەوە دەچینە یەکێک لەو پۆلانە. هەموویان قژزەرد و هۆڵەندین، کەچی کە سامان قسەیان بۆ دەکات و ئەو بڕوابەخۆبوونەوەی تێیدا دەبینم، قەت لەوە ناچێت کاتی خۆی وەک پەناخواز بەرامبەر ئەو پۆلیسانە داوای مافی پەنابەریی کردبێ.

### لەنێوان کوردستان و هۆڵەندادا

سامان سێ ئەرکی سەرەکیی لە پۆلیسی هۆڵەندادا هەیە: یەکەم، بەرپرسی پرۆژەی نوێکردنەوەی دەزگای پۆلیسە. دووەم، یەکێکە لە بەرپرسانی بەشی کۆکردنەوەی زانیاری لە باکووری هۆڵەندا، سێیەمیش بەرپرسی کاروباری کۆچبەرانە لە باکووری هۆڵەندا. وەک خۆی دەڵێت لە هۆڵەندا زۆرتر لە 71 هەزار کورد دەژین و ئەو لە زۆر کەیسدا هاوکاریی کوردی هۆڵەندای کردووە، چونکە وەک ئەو دەڵێت، پۆلیس ئەرکی هاوکاریی هاووڵاتییانە، جا کورد بن یان هەرچییەک بن. لە باکووری هۆڵەندا تەنیا یەک کەس لەنێو دەزگای پۆلیسدا لەو پرۆژانەدا کە جێبەجێی دەکەن،

> **سەندیکای پۆلیسی هۆڵەندا پارەی پرۆژەیەک دەدات، بەڵام کوردستان وەڵام ناداتەوە**

لەسەرووی سامانە. دەچینە لای و دەیبینین. ئەو وا باسی ئەفسەرە کوردە هۆڵەندییەکە دەکات کە مرۆڤ وەک کوردێک پێی سەربڵند دەبێت. هاوکارەکانیشی دەڵێن سامان هەمیشە باسی کوردستان دەکات و ئاڵای کوردستانیشی لە ژوورەکەی داناوە، بەڵام ئەمە وای نەکردووە کە خۆشەویستیی بۆ هۆڵەندا کەمببێتەوە.

### چاوەکان لە هەموو شوێنێکن

سامان زۆر شانازی بە سیستەمی پۆلیسی هۆڵەنداوە دەکات. نهێنیی ئەوەشمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بۆچی قەت لە میدیاکاندا نابیسترێ لە هۆڵەندا هێرشێکی گەورەی تیرۆریستی کرابێت. ئەو دەڵێت لە هۆڵەندا مۆدێلێکی پۆلیس هەیە کە پێیدەڵێن (پۆلیسی کۆمەڵگە). ئەوەش بەو مانایەیە کە هەر گرووپێکی هۆڵەندییەکان کە 2500 کەس بن و لە گەڕەکێکدا بژین، پۆلیسێک دانراوە کە ئەرکی چاودێریی ژیان و ئاسایش و سەلامەتیی ئەو کەسانەیە. ئەو کەسە هەموو شتێک لەسەر ئەو کەسانە دەزانێت و ئاگادارە چەند کەس لەدایک دەبن و دەمرن و چی دەکەن و چی ناکەن. هەر شتێکیش لەو گەڕەکە ڕوویدات، بەشێوەیەک متمانە دروستکراوە کە خەڵکەکە خۆیان پۆلیسەکەی لێ ئاگادار دەکەنەوە. ئەو لەگەڵ خۆی دەمباتە یەکێک لەو شوێنانەی هەموو کەس بۆی نییە بۆی بچێت و زۆر هەستیارە. لە ژوورێکی گەورەدا ژمارەیەکی زۆر پۆلیس لەپشت کۆمپیوتەرەکانیان دانیشتوون و چاودێریی کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقامی شارەکانی باکووری هۆڵەندا دەکەن. هەرکاتێک لە هەر شوێنێکەوە پەیامێک بێت کە لە یەکێک لەو شوێنانەوە تاوانێک کراوە، ئەو پۆلیسانە بە کامێرا ڕاستەوخۆکان شوێنی تاوانەکە دەبینن و بە هاوکاریی ئەو تیمەی پۆلیس کە لەسەر زەوییە بەزوویی کێشەکە چارەسەر دەکەن.

### پرۆژەی بێوەڵام

سامان زۆر حەزدەکات ئەوەی لە هۆڵەندا هەیە بۆ کوردستان بیگوازێتەوە. ساڵانی زۆر لۆبیی کردووە و هۆڵەندییەکانی قایلکردووە کە پارە لە پرۆژەیەکدا خەرج بکەن بۆ دروستکردنی سەندیکایەک بۆ پۆلیسی کوردستان، تاوەکو لەو ڕێگەوە پۆلیسی کوردستان ببێتە دامەزراوەیەکی پرۆفێشناڵ و هەمان ئەو شتانە بکات کە هەمیشە هەواڵەکان لەسەر پۆلیسێکی هۆڵەندی بڵاویدەکەنەوە. ئەو ماوەی درێژ لە کوردستانیش ئیشی لەسەر پرۆژەکەی کردووە و ئێستا وەک پرۆژەیاسا گەیاندوویەتە پەرلەمان، بەڵام وەک خۆی دەڵێت هەرچەندە هیچ ئەرکێکی دارایی بۆ کوردستان دروستناکات و سەندیکای پۆلیسی هۆڵەندی هەموو ئەرکێک دەگرنەئەستۆ تا نەک هەر پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو وەک خەمڵاندوویانە ساڵانە نزیکەی دوو ملیۆن دۆلاریش ببێتە دەستکەوتنی سەندیکای پۆلیسی کوردستان. وەک ئەو دەڵێت ئێستا لە کوردستان بۆ ئیفاد و فێرکردنی پۆلیس ڕەنگە پارەی زۆر لەوە گەورەتر خەرج بکرێت، بەڵام هۆڵەندییەکان لەڕێگەی سەندیکاکەیانەوە دەیانەوێ ئەو شارەزاییە بەخۆڕایی بهێننە کوردستان و پێشتریش بۆ ئەفریقیای باشوور و تورکیا کردوویانە. کەچی کاربەدەستانی کوردستان هیچ وەڵامێکیان نادەنەوە و بەجدی لە پرۆژەکە نایەنە پێشەوە. ئەمەش پێشمەرگەکەی جاران و ئەفسەرە پلەباڵاکەی پۆلیسی هۆڵەندای نیگەران کردووە و دەڵێت: "خۆ من هیچ منەتم بەوان نییە و قازانجیش لەو پرۆژەیە ناکەم، بەڵام تێناگەم لە کوێی دنیا هەیە سەندیکای دەوڵەتێکی وەک هۆڵەندا بیەوێ لەسەر حیسابی خۆی ئیشێکت بۆ بکات و تۆ بەڕوونی وەڵامینەدەیتەوە کە دەتەوێ یان ناتەوێ".

*** وردەکاریی زۆرتر لە بەرنامەی (بیگ ستۆری)ی تەلەفیزیۆنی ڕووداودا ببینن کە شەوی چوارشەممە کاژێر 22 پەخشدەکرێت**

## چیرۆکی 100 ساڵەی خێزانێکی کەبابچی..

# لە سلێمانییەوە بۆ ستۆکهۆڵم




شێف ئومێد کەڵەبابی سویدی بەتامی کوردی ئامادە دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

لەنێو یەکێک لە چێشتخانە ناسراوەکانی سەنتەری شاری ستۆکهۆڵم لە سوێد، کە دەیان موشتەری کورد و بیانی خەریکی نانخواردنن، یان چاوەڕێ دەکەن خواردنەکە بخرێتە بەردەمیان. کورد گوتەنی بۆنی کەباب ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات. لەگەڵ کەباب، کەڵەشێری سوێدی بە تامی خۆماڵی، هەروەک کە لە بنەماڵە ناسراوەکانی شاری سلێمانین. کەم کەس هەیە، لە ئێستا یان ڕابردوو لە گەڕەکی کانێسکانی سلێمانی سەردانی کەبابخانەکەی نەکردبن.

ئەوان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، واتە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر کەبابخانەیان لە سلێمانی ها تەنجەی مەغریبی لەلایەن شێفێکەوە ئامادە دەکرێ کە خەندە لە لێوەکانی جیانابێتەوە و هەمیشە دەستی لەسەر سینگی داناوە بۆ میوانەکانی، بۆیە هەندێک لە میوانەکانی لە کاتی نانخواردن یان دوای نانخواردن داوایان لێدەکرد وێنەیان لەگەڵ بگرێ.

ئەو شێفە، ئومێدی کەبابچییە کە پیشەکەی لە وەستا مەدحەتی باپیرییەوە بۆ ماوەتەوە. ئەو نایەوێ پیشەکەی باپیری کوێر ببێتەوە و لە غەریبیدا درێژەی پێدەدات.

ئومێد کوڕی هیوای کوڕی مەدحەتی کەبابچییە داناوە. ئێستا ئومێد نەوەی وەستا مەدحەتی کەبابچی، لە سوێد درێژەی بە پیشەکەیان داوە و نهێنی سەرکەوتوویی کەبابەکەیان لەوێ بەرجەستە دەکات.

کەبابخانەکەی ئەوان ئێستا لە گەڕەکی کانێسکانی سلێمانی لەلایەن وەستا هیوای باوکییەوە بەڕێوەدەبرێت و خۆیشی لە ناوجەرگەی شاری ستۆکهۆڵم چێشتخانەیەکی هەیە. لە پاڵ کەبابە تایبەتەکەی، دەیان خواردنی دیکە پێشکەش دەکەن کە نەک تەنیا کورد و بیانیانی ئەو شارە، سەرنجی سوێدییەکانیشی بۆ خۆی ڕاکێشاوە.

### گۆشتی سوێد بەکەڵکی کەباب نایەت

لەگەڵ ئەو هەموو خواستەی لەسەر کەبابەکەی هەیە، بەڵام شێف ئومێد دەڵێت: "گۆشتی سوێد بە کەڵکی کەباب نایەت، چونکە چەوریی زۆر کەمە و ئەگەر زانایانە مامەڵەی لەگەڵ نەکەی، لەگەڵ ساردبوونەوەی تامی لاستیک دەدات".

یەکێک لە نهێنییەکانی دیکەی ئەو شێفە کوردە، جۆرە گۆشتێکی تایبەتە کە لە دانیمارکەوە بۆی دێت و لەبەر نهێنیی کارەکەی زیاتری لەبارەوە نالێت. بەڵام هەموو ئەو فێڵانە ڕەتدەکاتەوە کە وەستاکانی دیکەی ئەوروپا لە کەبابی کوردی دەیکەن و دەڵێت: "لە کەبابدا تەنیا لەبە بەکاردێت و تێکەڵکردنی هەر شتێکی دیکە لەگەڵ کەبابەکە دەچێتە خانەی فێڵەوە و ڕەسەنێتی خواردنەکە لەدەست دەدات".

لەگەڵ ئەوەی خۆی وەک کەبابچییەک ناسراوە، بەڵام لە خواردنە مەغریبی و ئیتاڵی و مەکسیکییەکانیش سەرکەوتووە و هەمووی بە باشی دەزانێت، بەڵام خواردنە کوردییەکان لای ئەو یەکەمە، لە ڕێگەی ئامادەکردنی کەڵەشێرێک کە تامی کەڵەشێری خۆماڵی دەدات، توانی ئەم خواردنە بۆ لیستی خواردنە پێشکەشکراوەکانی ڕێستورانتەکەی خۆی و سوێدییەکان زیاد بکات.

لەگەڵ ئەوەی جێگەی تێبینی زۆری شەریک و بەڕێوەبەرەکەی دەبێت، بەڵام بە کاتێکی زۆر کەم کەڵەشێر دەبێتە خواردنە سەرەکییە داواکراوەکانی کڕیارەکان. شێف ئومێد دەڵێت: "سەرەتا وەکو تێست 4-5 کەڵەشێرم ئامادە دەکرد، تا گەیشتە 50 کەڵەشێر، ئینجاش بەشی نەدەکرد". شێف ئومێد گوتیشی: "لەدوای ئەو تاقیکردنەوەیەی من، کەڵەشێر و قەرەخەرمانی کوردی، وەک براندێک ناوی دەرکرد و دەیان داواکاریم لە چێشتخانەکانەوە بۆ هات، بۆ ئەوەی بۆیان دابین بکەم".

لەگەڵ ئەوەی کەڵەشێرەکانی ئەو کوردی نین و قەرەخەرمانەکەشی لە وڵاتی دیکەوە بۆ دەچوو، بەڵام هەمووی وەک خواردنێکی کوردی ناسران. شێف ئومێد دەڵێت: "جۆری لێنان و ئامادەکردن و قیاسەکان و سەلیقەی شێف، خۆی ئەو تایبەتمەندییە دەبەخشێت".

### خواردنی کوردی نابنە براند

سەرەڕای دەیان چێشتخانەی کوردیی ناسراو لە ستۆکهۆڵم و لەگەڵ ئەو هەموو خواستەی لەسەر خواردنی دەیان شێفی دیکەی کوردی وەک ئومێد هەیە، بەڵام ئەم کەبابچییە ناسراوە دەڵێت: "خواردنی کوردی، بەداخەوە نە کەباب و نە کەڵەشێر و نە کفتە، نابنە براند".

شێف ئومێد هۆکاری ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: "کابرا باشترین جۆری گۆشت، باشترین و گرانترین دۆشاو و برنج دادەنێ تا ئەو کاتەی دەناسرێ، دوای سێ مانگ هەمووی دەگۆڕێت، تەنیا بۆ گەڕانەوەی چەند هەزار کرۆنێک، ئێ ئەو کاتە تامەکەی لە دەست دەدات و بەمەش ئەو کواڵیتییەی نامێنێت و خەڵک ڕووی تێناکات".

نەمانی موشتەری و دواتر ئیفلاسکردنی خاوەنەکەی و پاشان داخستنی، چیرۆکی دەیان چێشتخانەی کوردین. بەڕای ئەو شێفە شارەزایە، هەمووی پەیوەندی بە خواستی زیادکردنی قازانج و کەمکردنەوە و دابەزاندنی کواڵیتییەوە هەیە: "تۆ ئامادە نەبیت هەموو ئەم شتانە وەک خۆی بۆ ماوەیەکی درێژ بهێڵیتەوە، چۆن دەبیتە براند؟".

ئەو ئەزموونی لەگەڵ چەندین چێشتخانەی ئەورووپی هەیە کە سەتان ساڵە وەک خۆیان ماونەتەوە و ئێستا براندن. " دوای 10 ساڵ، ئەو چاودێرییەی لەسەر جۆر و ئاستی خواردنەکە هەیانبووە، وەک خۆی ماوە، سەرەڕای گۆڕینی دەیان شێف بەڵام تامی خواردنەکەیان وەک خۆیەتی، ئەوان یەک یاسا دادەنێن و لەسەری دەڕۆن، بەڵام بەداخەوە کورد وا ناکەن و بەدوای کەمترین خەرجییەوەن، بۆ زۆرترین قازانج".

ژنان
رووداو
ژمارە ( 537 ) – دووشەممە 2019/1/7



## لە قەڵادزێ کوڕێک و ژنێک کوژران

**رووداو – قەڵادزێ**

رۆژی 2018/1/6 لەنێو ماڵێکی گەڕەکی ئیمام قاسم لە قەڵادزێ، کوڕێک و ژنێک کوژران، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری کوشتنەکەیان نەزانراوە. عوسمان محەممەد، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شەهیدانی قەڵادزێ بە (رووداو)ی راگەیاند: "رووداوەکە کاژێر 5:30 خولەک لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە قەڵادزێ روویداوە، کوژراوەکان کوڕێک و ژنێکن کە خاڵۆزا و پورزای یەکدین، شوێنەواری گوللە بە سەریانەوە دیارە، بەڵام تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە نەزانراوە". هەروەها شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت: "کوڕەکە لە دایکبووی ساڵی 1985ـە و ناوی (س.م.ێ)ـە و ژنەکەش ناوی (پ.ئـ) لە دایکبووی ساڵی 1992ە".

# بۆ نوێژکردن چووە دەرەوە و خۆی سووتاند

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو– هەولێر**

فاتیمە بە دایکی گوتبوو دەچم نوێژی عیشا دەکەم، بەڵام دوای ئەوەی دەستنوێژ هەڵدەگرێت، دەچێتە سەربانی ماڵەکەیان و دەبەیەک نەوت بەخۆیدا دەکات و ئاگر لە جەستەی بەردەدات. فاتیمە رۆژێک لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد، کەسوکارەکەی دەڵێن "نەخۆشیی دەروونی" هەبووە.

کاژێر هەشتی شەوی 2018/12/31 کچێکی تەمەن 15 ساڵان بە ناوی فاتیمە عوسمان، دانیشتووی گەڕەکی حوڕیەی شاری کەرکووک، لە سەربانی ماڵی خۆیان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەرەبەیانی رۆژی دواتر بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی، گیانی دەرچوو.

عەقید ئەفراسیاو کامیل، گوتەبێژی پۆلیسی کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو کچە لە سەربانی ماڵەکەیان ئاگری لەخۆی بەردابوو، 90%ی جەستەی سووتابوو، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمان بۆ کردەوە، ئیفادەمان لە کەسوکارەکەی وەرگرتووە، دەڵێن نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بەڵام ئێمە بەدواداچوونی زیاتر دەکەین بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری خۆسووتاندنەکەی تەنیا نەخۆشیی دەروونی بووە، یان هۆکاری دیکەی لە پشتەوەیە".

عوسمان سلێمان کە باوکی فاتیمەیە، لە دووەم رۆژی پرسەی کچەکەیدا قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی: "فاتیمە تەمەنی 13 ساڵان بوو کە تەندروستیی تێکچوو، نەماندەزانی چییەتی، لە ناکاو دەبووراییەوە و دواتر بەهۆش خۆی دەهاتەوە".

ئەوان هەروا دەزانن کچەکەیان شوێنێکی جەستەی ئازاری هەیە، تا ئەو کاتەی تووشی حاڵەتەکەی پێشوو دەبێتەوە. ئیدی دەیبەن بۆ نەخۆشخانە. عوسمان دەڵێت: "بردمان بۆ نەخۆشخانە، پزیشکەکە پێیگوتین کچەکەتان هیچ کێشەیەکی نییە، بیبەن بۆ لای پزیشکی دەروونی، ئێمەش وامانکرد، پزیشکە دەروونییەکە گوتی: کچەکەتان باری دەروونی زۆر زۆر خراپ بووە".



فاتیمە بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە وازی لە خوێندن هێنابوو

هەر بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە، فاتیمە واز لە خوێندنەکەی دێنێ، چونکە چەندینجار لە کاتی دەوامدا بورابووەوە. باوکی فاتیمە دەڵێت: "بردمان بۆ لای چەندین دکتۆر، بەڵام سوودی نەبوو، ناچار بووین لە خوێندن دەریهێنین، فاتیمە زۆر زیرەک بوو، زۆرم پێناخۆش بوو لە خوێندن دابڕا، بەڵام هیچ چارەیەکم نەبوو".

فاتیمە زۆر داوا لە باوک و دایکی دەکات بچێتەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زوو زوو لە هۆش خۆی دەچوو، رێگەیان نەدا. باوکی فاتیمە دەڵێت کچەکەیان رۆژێک باری دەروونی تێکچووە، لە ماڵ دەرچووە و زۆر بەدوایدا گەڕاون نەیاندۆزیوەتەوە، تا رۆژی دواتر پۆلیس ئاگاداری کردبوونەوە کە کچەیان لەسەر رێگای کەرکووک – سلێمانی دۆزیوەتەوە.

ئیدی لەو رۆژەوە فاتیمە بەردەوام لەژێر چاودێریی خێزانەکەیدا بووە. باوکی فاتیمە دەڵێت: "یەک دەقە فاتیمەمان بە تەنیا جێنەهێشتووە، هەمیشە خوشکێک یان برایەکی چاودێری دەکرد".

باوکی فاتیمە بەگریانەوە باسی ئەو شەوە دەکات کە فاتیمە خۆی سووتاند و دەڵێت: "سەعات هەشتی شەو بوو، تازە گەڕابوومەوە ماڵەوە، نانی ئێوارەیان بۆ هێنام. خەریکی سەیرکردنی تەلەفزیۆن بووین. فاتیمە هەستا بچێتە دەرەوە، گوتم بۆ کوێ؟ گوتی نوێژ دەکەم. دەرگاکەی داخست. ئێمە هەر لە ژوورەوە بووین، ئەومان لەبیرکرد ماوەیەکی پێچوو گوتم ئەرێ کوا فاتیمە هەر نەهاتەوە، چوونە دەرەوە گوتیان فاتیمە لە ژوورەوە نییە".

لەو کاتەدا بە توندی لە دەرگا دەدرێ، دراوسێکانیان بینیبوویان ئاگر لەسەربانی ماڵی عوسمان بەرز دەبێتەوە. عوسمان دەڵێت: "کاتێک کوڕەکەم چوو دەرگای کردوە، دراوسێکان گوتیان دووکەڵ لەسەربانی ماڵەکەتان بەرز دەبێتەوە. کاتێک چووینە سەربان بینیمان فاتیمە ئاگری گرتووە، منداڵەکان ویستیان بە ئاو بیکوژێننەوە، بەڵام نەکوژایەوە، بە پەلە چووم بەتانییەکم هێنا و ئاگرەکەم کوژاندەوە".

فاتیمە بەپێی قسەی پزیشکەکان 90%ی جەستەی سووتابوو، بۆیە هیچ ئومێدێک نەبوو کە لە ژیاندا بمێنێ.

کەسوکاری فاتیمە لەبەردەم نەخۆشخانە چاوەڕێ بوون هەواڵێکی دڵخۆشکەر ببیستن، بەڵام کاژێر چواری بەرەبەیانی رۆژی 2019/1/1 فاتیمە دەمرێ.

بە گوتەی عەقید ئەفراسیاو، لە ماوەی 2018/12/31 تاوەکو رۆژی 2019/1/3 لە شاری کەرکووک چوار ئافرەت هەوڵی خۆلەناوبردنیان داوە، دوویان ئاگریان لە خۆیان بەرداوە و مردوون، دووەکەی دیکەش ویستوویانە بە حەب خۆیان بکوژن، بەڵام کەسوکاریان فریایان کەوتوون و لە مردن رزگاریان کردوون.

# کچێکی کورد لە 100 کەسە کاریگەرەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

**دیمەن بورهان**
**رووداو – هەولێر**



شەیدا لە ساڵێکدا سێ ناسناوی بەدەستهێناوە

کچە کوردێکی دانیشتووی شاری هەڵەبجە، لە لایەن رێکخراوێکی نێودەوڵەتییەوە بە یەکێک لە 100 کەسایەتی کاریگەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ساڵی 2018 هەڵدەبژێردرێ و خەڵات دەکرێ، بەڵام دەڵێت خەڵاتەکە لە فەرەنسایە و پارەی نییە بچێ خەڵاتەکە وەربگرێ، چاوەڕێیە رێکخراوەکە سەردانی کوردستان بکەن و خەڵاتەکەی بدەنێ.

ساڵی 2018 بۆ شەیدا موعتەسەمی تەمەن 27 ساڵ، ساڵێکی پڕ لە دەستکەوت بوو، ئەو توانی لەو ساڵەدا سێ ناسناو بەدەستبهێنێ کە یەکێکیان ناسناوی کاریگەرترین کەسایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بواری مرۆیی و کاری رێکخراوەییدا.

شەیدا لە ساڵی 2005ـەوە کاری رێکخراوەیی دەکات و دەڵێت: "هەمیشە حەزم بۆ کارکردن و خزمەتکردنی خەڵک هەبووە بەتایبەت کارکردن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە پێموابوو لەو بوارەدا دەستکراوەتر دەبم و دەتوانم خزمەتێکی باشتر بکەم".

شەیدا لە 2005ەوە تاوەکو 2010 تەنیا لە نێو باڵەخانەی رێکخراوەکاندا کاری کردووە، واتە زۆرتر کاری ئۆفیسی کردووە، بەڵام دواتر بڕیار دەدات بەشێوەیەکی مەیدانی کاری رێکخراوەیی بکات. جگە لە کاری رێکخراوەیی ماوەی دوو ساڵ لە رادیۆی یەکگرتوو کاری راگەیاندنی کردووە لە شاری هەڵەبجە.

شەیدا ئەندازیاری کشتوکاڵە، دوای تەواوکردنی زانکۆ، کاتەکانی زیاتر بۆ کاری رێکخراوەیی تەرخان دەکات، ئێستاش بەرپرسی رێکخراوی ماڵی سەرکەوتنە. هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی گشتی تۆڕی سەرکەوتنی عێراقە. کارگێڕی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکیی لاوانە. هەروەها ئەندامی تۆڕی رێکخراوەکانی هەڵەبجە و ئەندامی دەستەی خانمانی هەڵەبجەیە.

ئەو کچە هەڵەبجەییە باسی دەستکەوتەکانی دەکات لە 2018دا و دەڵێت ساڵی رابردوو سێ ناسناو و خەڵاتم بەدەستهێنان، ئەوانیش: سەرکردەی مرۆیی لەلایەن رێکخراوی چاوی ژیانی عێراق، خانمی رۆشنبیریی ساڵ و هەروەها یەکێک لە 100 کەسایەتی گرنگی ساڵی 2018 لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

شەیدا باسی دوایین خەڵاتی دەکات و دەڵێت :"ئەو خەڵاتە ساڵانە لەلایەن یەکێتی رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدرێتە کاریگەرترین کەسایەتیی ساڵ، منیش یەکێک بووم لەو 100 کەسەی کە ئەمساڵ ئەو ناسناوەیان وەرگرت.

بە گوتەی شەیدا 16 هەزار و 300 کەس سیڤییان بۆ رێکخراوەکە ناردبوو.

یەکێتی رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بنکەی سەرەکی لە فەرەنسایە، تۆڕێکی گەورەی جیهانیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و لە 48 رێکخراو پێکدێ.

شەیدا دەڵێت ئەو یەکەمین کوردە ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە :"هیچ کوردێک نە ئەمساڵ و نە ساڵانی پێشتر بەشداری لەو کێبڕکێیە نەکردووە، من یەکەم کەسم بەشداری دەکەم و ئەو ناسناوە بەدەستدێنم".

شەیدا لە مانگی 11ی 2018 سیڤییەکەی خۆی بۆ ئیمەیڵی کێبڕکێیەکە ناردبوو، لە کۆتایی 2018 لەلایەن رێکخراوەکەوە وەڵامی درایەوە کە ئەو یەکێکە لە 100 کەسایەتییە کاریگەرەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بواری کاری مرۆیی.

شەیدا دەڵێت ئەو خەڵاتە وای لێدەکات زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و کاری زیاتر بکات "بێگومان وەک چۆن لە رابردوودا کارم کردووە و خزمەتم بە تایبەتی بە خانمان کردووە، لێرە بەدواوە کارەکانم فراوانتر دەبن و لە قاڵبی لۆکاڵییەوە دەردەچم و خزمەتی هەموو خانمانی کوردستان دەکەم".

شەیدا زۆرتر لەبارەی ناسناوەکە قسەی کرد و گوتی :"لە پاڵ ناسناوەکە، بڕوانامەیەک و میدالیایەکم دەدرێتێ، لەگەڵ ئۆفەرێکی خوێندن لە دەرەوەی وڵات، هەروەها بەشداری لە کۆنگرەکانی رێکخراوەکە".

شەیدا چاوەڕێی ئەو رێکخراوە دەکات سەردانی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی میدالیا و بڕوانامەکەی بدەنێ. ئەو گوتی: "نەمتوانی سەردانی فەرەنسا بکەم بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، بەهۆی زۆریی تێچووی سەفەرەوە، بۆیە چاوەڕێی ئەوەم نوێنەری رێکخراوەکە سەردانی کوردستان بکات".




# "کچەکەم بەهۆی بوختانێکەوە خۆی سووتاند"

**تریسکە شێرزاد**
**رووداو – هەولێر**

نەجوە سێ ساڵ بەرگەی ئەو "بوختان"انەی گرت کە خزم و کەس بۆیان هەڵبەستبوو، دایکی دەڵێت چیدی بەرگەی نەگرت و خۆی سووتاند، بەڵام نەجوە لە سەرەمەرگدا گوتبووی: خۆم سووتاند و یەخەی کەس مەگرن.

نەجوە، تەمەن 22 ساڵ، دایکی سێ منداڵ، دانیشتووی شاری دهۆک بوو، رۆژی 2018/12/15 ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، 10 رۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە و بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی مرد.

موقەددەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند: "لە نەخۆشخانە ئیفادەمان لە ئافرەتەکە وەرگرت، لە ئیفادەکەیدا دەڵێت کێشەم لەگەڵ کەس نییە و هیچ کەسیش بەرپرس نییە لەوەی خۆم سووتاندووە. ئەو ماوەیە زوو زوو دڵم توند دەبوو، بۆیە خۆم سووتاند".

بەڵام سەمیرە قاسم کە دوای تەواوبوونی پرسەی کچەکەی قسەی بۆ (رووداو) کرد، دەڵێت :"کچەکەم چوار ساڵ بوو شووی کردبوو، لەگەڵ مێردەکەی هیچ کێشەی نەبوو، بەڵام خزمێکی خۆمان ژیانی لێ وێران کرد".

سەمیرە پێیوایە هەر ئەو کەسە بووەتە هۆی خۆسووتاندنی کچەکەی و دەڵێت: "سێ ساڵ پێش ئێستا رۆژێک کچەکەم هاتەوە ماڵەوە، گوتی دایە دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، بە گریانەوە گوتی فڵان وازم لێناهێنێ و نامەم بۆ دەنێرێ و دەڵێت ئابڕووت دەبەم".

دایکی نەجوە قسە لەگەڵ خزمەکەی دەکات بۆ ئەوەی واز لە کچەکی بێنێ، بەڵام ئەو رەتیدەکاتەوە نامەی بۆ کچەکەی ناردبێ.

ماوەیەک بەسەر ئەوەدا تێپەڕ دەبێت، نەجوە هانا بۆ دایکی دەباتەوە بۆ ئەوەی لە دەست ئەو خزمەیان رزگاری بکات. سەمیرە دەڵێت "نەمدەزانی چی بکەم بۆ ئەوەی ژیانی کچەکەم تێکنەچێت، دەترسام بە باوکی نەجوە بڵێم و بەڵایەک بەسەر ئەو کوڕە بهێنێ".

نەجوە ترسی هەبوو مێردەکەی بەو بابەتە بزانێ، بەڵام دواجار پێی زانی. دایکی نەجوە دەڵێت "رۆژێک کچەکەم بە تەنیا لە ماڵ بوو، ئەو کوڕە چووبووە حەوشە، نەجوەش هاواری کردبوو، ئیدی دراوسێکانی تەلەفۆنیان بۆ مێردەکەی کردبوو، گوتبوویان ژنەکەت لەگەڵ پیاوێکە، بەڵام ئەو باوەڕی بەو قسانە نەکرد".

دایکی نەجوە پێیوایە تاکە هۆکار کە وای لە کچەکەی کردووە بوختان و قسە و قسەڵۆکی خەڵک بووە. هەر ئەمەش ناچاری کردبوون لە ناحیەی کەلەکچی باریکەن بۆ ئاکرێ، ساڵێک باریان کرد بۆ دهۆک.

دایکی نەجوە دەڵێت "کەسوکاری هاوژینی نەجوە حاشایان لە هاوژینەکەی کرد، چونکە رازی نەبوو لە ژنەکەی جیاببێتەوە".

مەولود خەلەف کە هاوژینی نەجوەیە، باسی ئەو رۆژە دەکات کە نەجوە خۆی سووتاندووە و دەڵێت: "سەعات 12ی نیوەڕۆ بوو تازە لە ئیش گەڕابوومەوە، نانمان خوارد، نەجوە چای بۆ هێنام و چووە دەرەوە، گوتی قاپەکان دەشۆم. لە ژوورەوە پاڵکەوتبووم، هەر ئەوەندەمزانی نەجوە هاواری کرد، کە چوومە دەرەوە بینیم دەسووتێ، نازانم چۆن ئاگرەکەم کوژاندەوە، بەپەلە بردم بۆ نەخۆشخانە".

دوای ئەوەی پزیشکەکان رێگە بە مەولود دەدەن هاوژینەکەی ببینێت، لێی دەپرسێت بۆچی خۆت سووتاند؟ نەجوە دەڵێت :"بێزار بووم بۆیە خۆم سووتاند".

مەولود رەتیکردەوە هیچ کێشەیەک لە نێوان ئەو و هاوژینە کۆچکردووەکەیدا هەبووبێ و گوتی: "ئێمە پێش ئەوەی ببینە هاوژین، خۆشەویستی یەکدی بووین. من نەجوەم باش دەناسی، دڵنیام قەت خیانەتی لێنەکردووم".

دوای 10 رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، نەجوە بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی کە 75% بوو، دەمرێ.

دایکی نەجوە دەڵێت: "لەو رۆژەوەی نەجوە مردووە منداڵەکانی داوای دایکیان دەکەن، بەهیچ کەسێک ژێر نابنەوە و هاوار دەکەن و ناوی دایکیان دەهێنن. نازانم کچەکەم چۆن دڵی بە من و منداڵەکانی نەسووتا، ئەوانی هەتیوکردن و جەرگی منیشی سووتاند".



نەجوە و هاوژینەکەی لەبەر قسەو قسەڵۆکی خەڵک سەری خۆیان هەڵگرتبوو



## لە هەولێر تاوانی کرد لە سلێمانی دەستگیرکرا

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2019/1/6 پۆلیسی سلێمانی تۆمەتبارێکی دەستگیرکرد کە لە هەولێر تاوانێکی کردووە و فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە. بەشی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بڵاویکردەوە: "ئەو تۆمەتبارە پێنج ئۆتۆمبێلی جۆری تۆیۆتا هایلوکس-ی بەفێڵ لە کەسێک وەرگرتووە، گوایە بۆی بە کرێ دەدات، بەڵام ئۆتۆمبێلەکانی بردووە و بەرەو شاری سلێمانی هەڵاتووە. تۆمەتبارەکە لە هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی هەبووە، ئێستاش ئەو تۆمەتبارە بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە و دوای گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان دەگوازرێتەوە بۆ شاری هەولێر".

# بە هاوکاریی پیاوێک، مێردەکەی خۆی دەکوژێت



▼ هاوژینەکەی و بکوژی ڕێباز سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

حەوت ساڵ لەمەوبەر ڕێباز عەبدوڵڵای تەمەن 29 ساڵ لەگەڵ (ئە.س)ی تەمەن 21 ساڵ کە کچە خاڵیەتی دەبنە هاوژین، بەڵام ڕێباز بە پلانێکی ڕێکخراو کە هاوژینەکەی دەستی تێدا هەبووە، دەکوژرێت و دواتریش دەسووتێنرێ.

ئەحمەد عەبدوڵڵا، برای ڕێباز، باسی وردەکاریی تاوانەکە بۆ (ڕووداو) دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی 2017/5/18 ڕێباز لەگەڵ دایک و هاوژین و منداڵەکانی بۆ سەردانی ماڵی خەزووری چوونە کەرکووک، دوای نانخواردنی ئێوارە (د)ی ژنبرای پێیدەڵێت با بچینە دەرەوە و پیاسەیەک بکەین، ڕێبازیش لەگەڵی دەڕوات".

ڕێباز بێئاگا بووە لەوەی (ئە)ی هاوژینی بە هاوکاریی (د)ی برای و کەسێکی دیکە بەناوی (س.س) کە هاوڕێی خەزوورییەتی، پلانی کوشتنیان داناوە. ئەحمەد عەبدوڵڵا گوتی: "براکەم کاری کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی دەکرد. (د) ئەو شەوە بردبووی بۆ لای (س)، لەوێ (س) پێیگوتبوو هەندێک ئاژەڵ هەیە دەتەوێ بیکڕی؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ، بۆیە (س) بە (د) دەڵێ تۆ بگەڕێوە ماڵەوە و ئێمە دەچین بۆ کڕینی ئاژەڵەکان".

ڕێباز و (س) بۆ ئاژەڵ کڕین دەچنە دەرەوەی کەرکووک. برای ڕێباز دەڵێت: "(س) لە ڕێگا بەناوی ئەوەی ئۆتۆمبێلی براکەی بەنزینی لێبڕاوە و بەنزینی بۆ دەبات، براکەم دەبات بۆ گوندی داربەسەر کە سەعاتێک لە کەرکووکەوە دوورە، لەوێ دادەبەزێ و بە دەمانچەکەی دوو گوللە لە ڕێباز دەدات، پاشان بەنزین بە ئۆتۆمبێلەکەدا دەکات و ئاگری تێبەردەدات، بۆ ئەوەی ئاسەواری تاوانەکە بشارێتەوە".

نەگەڕانەی ڕێباز، کەسوکارەکەی تووشی دڵەڕاوکێ دەکات و دەچن بۆ کەرکووک بۆ گەڕان بەدوایدا، بەڵام سوودی نابێ، دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە کەسوکاری ڕێباز ئاگادار دەکرێنەوە کە کەسێک لەناو ئۆتۆمبێلەکەی سووتاوە. ئەحمەد دەڵێت: "پزیشک پێیگوتین ئەو کەسە سووتاوە و ناناسرێتەوە، دواتر لە ڕێگەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەی زانرا کە ئەوە تەرمی براکەمە".

بەگوتەی براکەی ڕێباز، ئەوان گومانیان لە کەس نەبووە، بۆیە لە سکاڵاکەیان ناوی هیچ کەسێکیان نەهێناوە، بەڵام دواتر (س) لە 2017/5/24 دەستگیر دەکرێ و دەڵێت بەهاوکاریی (ئە)ی هاوژینی ڕێباز و برایەکی (ئە) پلانی کوشتنی ڕێبازیان داناوە.

(ئە) دوای دەستگیرکردنی دانی بەوەدا ناوە کە پەیوەندی لەگەڵ (س) هەبووە. ئەحمەد عەبدوڵڵا دەڵێت: "کوشتنی براکەم بۆ ئەوە بوو کە (ئە) بەڵێنی بە (س) دابوو دوای کوشتنی ڕێباز هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، تەنانەت پێیگوتبوو دوای کوشتنی تەرمەکەشی بسووتێنە".

وەک ئەو دەڵێت، تەنانەت برا و خوشکێکی (ئە) ئاگاداری ئەو پەیوەندییە بوونە، بەڵام ئاشکرایان نەکردووە.

### بڕیاری لەسێدارەدان

(ئە) و (د)ی برای و (س) بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دادگایی کران، دوای 14 دانیشتن لە ڕۆژی 2018/9/9 دادگای سلێمانی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ (ئە) و (س) دەرکرد، و (د)یش بە 10 ساڵ بەندکردن سزا درا. نزیکەی چوار مانگ بەسەر بڕیاری دادگادا تێپەڕیوە، بنەماڵەی ڕێباز داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگا دەکەن، ئەحمەد عەبدوڵڵا گوتی: "لە دوای بڕیارەکەی دادگا ئێمە داوای تەمیزمان بۆ حوکمەکەی (د) کرد و دەمانەوێت حوکمەکەی زیاد بکرێت، هەروەها دەمانەوێت حوکمی لەسێدارەدانی (ئە) و (س)یش جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، لەوانەیە بەر لێبووردنێک بکەون و ئازاد بکرێن، ئەوکاتە ئێمە دەبێت بیانکوژینەوە و دووبارە کێشەکە سەرهەڵدەداتەوە".

سەلمان حەسەن، باوکی (ئە) و (د)، کە خاڵی ڕێبازیشە، هێشتا شۆکی ڕووداوەکە بەرینەداوە و زوو زوو دەڵێت کەسەکانم بێکەسیان کردم، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "من پشتم شکاوە، ماڵم وێران بووە، کوڕی خوشکەکەم بە پیلانی کچ و کوڕەکەم کوژرا و سووتێنرا، خۆشیان لە زیندانن، دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی کچەکەمی داوە، کوڕە تاقانەکەشم 10 ساڵ لە زیندان دەبێت، ئەم هەموو کارەساتە ژیانیان وێران کردم، ئێستا بێکەس ماومەتەوە و سەرگەردان بووم".

**پێنج پیاو بە هاوکاریی ژنەکانیان کوژران**

ڕۆژی 5/1/2019 یەکێتی پیاوانی کوردستان، ئاماری توندوتیژیی دژی پیاوانی لە ساڵی 2018 لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند لە ساڵی ڕابردوودا پێنج پیاو لەلایەن ژنەکانیانەوە، یان بە یارمەتیی کەسانی دیکە کوژراون. هەر بە گوێرەی ئامارەکە، ساڵی ڕابردوو 115 حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان تۆمارکراوە، لە کاتێکدا بەپێی ئاماری یەکێتییەکە لە ساڵی 2014دا 65 پیاو خۆیان کوشتبوو.

# وەستاکەی خۆی بەچەقۆ دەکوژێ و تۆمەتباریشی دەکات

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

شەوی 2018/12/15 لە قەزای کەلارگەنجێک کە وەستای لەبغ بوو لەلایەن شاگردەکەیەوە درایە بەر چەقۆ و و دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە مرد. لەسەر ڕووداوەکە پێنج کەس کە یەکێکیان شاگردەکەیە دەستگیرکراون. شاگردەکە دەڵێت وەستاکەی داوای سێکسی لێکردووە، بۆیە کوشتوویەتی، بەڵام پۆلیس بڕوا بەو قسەیە ناکات و دەڵێت ئێستا هەندێ لەوانەی تاوانی کوشتنیان لەدەست دەقەومێ، پەنا بۆ پاساوی لەوجۆرە دەبەن.

(ه.س) کە تەمەنی 17 ساڵە و ماوەی چەند مانگێک بوو بەردەستیی وەستاکەی دەکرد، دوای کوشتنی وەستاکەی، دەستگیرکرا، ئەو لە گوتەکانیدا بۆ پۆلیس هۆکاری کوشتنی وەستاکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە داوای سێکسی لێکردووە، ئەویش وەک بەرگری لە خۆی ناچار بووە بە چەقۆ بیکوژێ.

(ئە.م) کە برای وەستاکەیە، قسەکانی شاگردەکەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "براکەم گەنجێکی کاسبی بێ کێشە بوو، تەنانەت لەگەڵ شاگردەکەشی هیچ کێشەیەکی نەبووە، لە ڕۆژی ڕووداوەکە دەمەقاڵێیەک لەنێوانیاندا بووە. ئێمە نازانین لەسەر چی بووە و دواتر شاگردەکەی بە چەقۆ هێرشی کردووەتە سەری و کوشتوویەتی، ئەوەی شاگردەکە بۆ پۆلیسی باس کردووە، ڕاست نییە".

**داوای سێکسی لێکردم**

بکوژەکە

پۆلیسی کەلار 5 کەسی لەسەر ڕووداوەکە دەستگیر کردووە، ڕائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی 2018/12/15 بەهۆی دەمەقاڵێ لەنێوان وەستا و شاگردێک، وەستاکە کە تەمەنی 21 ساڵە، لەلایەن شاگردەکەیەوە سێ چەقۆی لێدەدرێت، پاش گەیاندنی بە نەخۆشخانە مرد".

دوای ئەوەی پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کرد، بە فەرمانی دادوەر بێجگە لە شاگردەکەی، چوار کەسی دیکەش کە هاوڕێی وەستا و شاگردەکە بوون دەستبەسەرکراون.

سەبارەت بە هۆکاری کوشتنەکەش کە شاگردەکە دەڵێت وەستاکەی داوای سێکسی لێکردووە، ڕائید عەلی دەڵێت: "ڕاستە تۆمەتبارەکە لە ئیفادەکەیدا بۆ ئێمە وادەڵێت، بەڵام مەرج نییە ئەو قسەیە ڕاست بێت، چونکە زۆرجار تۆمەتبار بۆ ئەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی تاوانەکەی بشارێتەوە ئەم قسانە دەکات، ئێستا بەشێک لە بکوژەکان لە گەرمیان سوود لەم بیرۆکەیە وەردەگرن، ئەگەرچی هەندێک جاریش دوای لێکۆڵینەوە بەڵگە دەستکەوتوون کە کەسی کوژراو، داوای ئەم کارەی لە بکوژ کردووە، بەڵام قبوڵی نەکردووە، بۆیە بووەتە شەڕیان، هەر بۆیە ئێمە و دادگاش لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زۆر ورد لەسەر ئەو ڕووداو و تاوانانە دەکەین بۆ ئەوەی هۆکارە ڕاستەقینەکە ئاشکرا ببێت".

کارمەندێکی دەزگا ئەمنییەکان لە گەرمیان کە نەیویست بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە سنووری گەرمیان حاڵەتی لەم جۆرە زیاتر لە چەند جارێک دووبارە بووەتەوە. کەسێک یان چەند کەسێک داوای سێکس لە کوڕان دەکەن و دواتر ڕووداوی لەم شێوەیەی لێدەکەوێتەوە".

**ئێستا هەندێک لە بکوژەکان پەنا بۆ ئەم بیانووە دەبەن**

پۆلیس

خەبات ڕەشید، بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە گەرمیان لەبارەی ئەم کەیسانە و حاڵەتەکانی دەستدرێژی بە (ڕووداو)ی گوت: "یەکەمجار نییە ئەم حاڵەتە ڕوودەدات، کەسێک بە بیانووی ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر یان هەوڵدراوە دەستدرێژی بکرێتە سەری، یەکێکی کوشتووە. پێشتریش چەند حاڵەتێک هەبووە، ئەگەرچی هەندێکجار ڕاست نین و بکوژ کێشەی دیکەی لەگەڵ کوژراوەکە هەیە، بۆیە ئەو تۆمەتەی دەخاتە پاڵ، بەڵام زۆر جاریش دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کوژراوەکە هەوڵیداوە دەستدرێژی بکاتە سەر بکوژ یان دەستدرێژی کردووەتە سەری، بەڵام بکوژ کاردانەوەی هەبووە و تاوانی بەدوادا هاتووە".

بەپێی قسەی بەرپرسی نووسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان چەند گرووپێکی نێربازی لە سنوورەکە پەیدابوون: "ئەو گرووپانە لە کەلار و دەوروبەری بە پلان کاردەکەن و بەشێکیان دەستگیرکراون و سزاش دراون".

گوتیشی :"ئێمە 7 کەسمان دواندووە کە بەشێوەی گرووپ کاری نێربازییان کردووە، ئەوانە سزادراون، سزاکەشیان 3 بۆ 15 ساڵ بەندکردنە. ئەوانەشی دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان، سزاکەیان تاوەکو لەسێدارەدان دەڕوات".



# لەسەر چیای زاوا خۆی کوشت



غازی پێشتر تەلەفۆنی بۆ ئامۆزاکەی کردبوو کە خۆی دەکوژێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

غازی نانی نیوەڕۆی لەگەڵ دایکی خوارد و پێیگوت دەچێت یارمەتی باوکی دەدات کە خەریکی دروستکردنی خانوو بوو، بەڵام دەمانچەی براکەی هەڵدەگرێت و دەچێتە چیای زاوا و لەوێ خۆی دەکوژێ. ڕۆژی دواتر کەسوکارەکەی تەرمەکەیان لە چیاکە دۆزییەوە.

ڕۆژی 2018/12/26 ، گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ، بەناوی غازی ئەحمەد، دانیشتووی کۆمەڵگەی تەناهی لە شاری دهۆک، لە چیای زاوا لە دهۆک بە گوللەیەکی دەمانچە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

موقەدەم هێمن سلێمان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی لەلایەن ئامۆزای ئەو گەنجەوە لە ڕووداوەکە ئاگادار کراینەوە، تیمەکانی بەڵگە و تاوان چوون بۆ شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی پزیشکی دادی دهۆک کرد، لەوێ دوای پشکنین دەرکەوت گەنجەکە خۆی کوشتووە".

گوتیشی: "ئەو گەنجە بە دەمانچەی براکەی، خۆی کوشتووە، بەڵام هێشتا هۆکاری خۆکوشتنەکەی ڕوون نەبووەتەوە".

غازی تا نۆی بنەڕەتی خوێندبوو، دوای ئەوەی وازی لە خوێندن هێنا، باوکی دووکانێکی دارتاشی بۆ دانا.

ئەحمەد خەلیل باسی دوایین دیدار و قسەی نێوان خۆی و کوڕەکەی دەکات و دەڵێت: "خەریکی دروستکردنی خانوویەکی تازەین لە نزیک ماڵی خۆمان، بەیانییەکەی هاتە لام گوتی باوکە من ژوورێکی گەورە و خۆشم دەوێت. منیش گوتم: بەسەرچاو کوڕم، ژوورێکی جوانت بۆ دروست دەکەم. ئەوە دوایین گفتوگۆی من و کوڕەکەم بوو".

وەک باوکی غازی باسی دەکات، غازی لەگەڵ دایکی نانی نیوەڕۆیان پێکەوە خواردووە، دواتر بە دایکی گوتووە کە دەچێتە سەر خانوو یارمەتی باوکی بدات، بەڵام ملی چیای زاوای گرتووە و لەوێ خۆی کوشتووە.

ئەحمەد خەلیل دەڵێت :"غازی دەمانچەی برا گەورەکەی بردووە کە پێشمەرگەیە، نەهاتووە بۆ لای من".

باوکی غازی هیچ لەبارەی کوڕەکەی نازانێت تا ئێوارە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و هەواڵی لە دایکی غازی دەپرسێ، ئەویش پێیدەڵێت: غازی لە سەعات سێی عەسرەوە هاتە دەرەوە و گوتی: دەچم بۆ لای باوکم.

باوکی غازی یەکسەر دەست دەکات بە تەلەفۆنکردن بۆ غازی، بەڵام وەڵامی ناداتەوە. لەگەڵ خزمان و دراوسێیان زۆر بەدوایدا دەگەڕێن، بەڵام نایدۆزنەوە.

باوکی غازی دەڵێت :"لە کاتی گەڕان بەدوای غازیدا دایکی خەیاڵی بۆ دەمانچەی کوڕە گەورەکەمان چوو کە پێشمەرگەیە، بینیمان دەمانچەکە دیار نییە، ئێمە ترساین کە غازی تاوانێک بە دەمانچەکە بکات، نەمانزانی خۆی پێ دەکوژێ".

ئەحمەد ئێستاش باوەڕ بە ڕاستیی ڕووداوەکە ناکات "چونکە کوڕەکەم هیچ کێشەی نەبوو، نەمزانیوە پەیوەندی سۆزداریشی هەبووبێ، قەتیش داوای نەکردووە ژنی بۆ بێنین و گوتبێتمان بۆت ناهێنین، یان داواکارییەکی هەبووبێ و بۆمان جێبەجێ نەکردبێ".

غازی بەر لەوەی خۆی بکوژێ، پەیوەندی بە زیندانی ئامۆزایەوە کردووە و پێیگوتووە لە ژیان بێزارە و دەیەوێ خۆی بکوژێ، بەڵام زیندان قسەکانی بەجدی وەرنەگرتووە.

زیندان سابیر باسی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە دەکات و دەڵێت: "سەعات حەوتی ئێوارە غازی پەیوەندی پێوەکردم، گوتی "لە خۆم بێزارم، لەسەر چیای زاوام و خۆم دەکوژم، گەردنم ئازاد بکە، من پێمگوت: گاڵتە مەکە. گوتی گاڵتە ناکەم و یەکسەر تەلەفۆنەکەی داخستەوە، هەرچەند تەلەفۆنم بۆ کرد، وەڵامی نەدایەوە".

تا ئەوکاتەی باوکی غازی تەلەفۆن بۆ زیندان دەکات، زیندان قسەکانی غازی بە گاڵتە تێگەیشتبوو. زیندان دەڵێت: "کە مامم تەلەفۆنی بۆ کردم زۆر ترسام غازی ئەو قسانەی شەو بۆی کردم بە ڕاستی بووبێ، بەڵام نەموێرا لەلای باوکی بڵێم غازی تەلەفۆنی بۆ کردووم، تەلەفۆنم بۆ برا گەورەکەی کرد و بابەتەکەم بۆ باس کرد".

برا گەورەکەی غازی لەگەڵ زیندان دەچن بۆ سەر چیای زاوا، لەوێ زۆر دەگەڕێن تا دەگەنە کۆتایی چیاکە، دەبینن ئۆتۆمبێلەکەی غازی لەوێیە و دەرگای لای شوفێر کراوەتەوە. کاتێک نزیک دەبنەوە، دەبینن غازی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدایە و گوللەیەک بەر سەری کەوتووە.

زیندان بە گریانەوە گوتی: "من وامزانی غازی گاڵتە دەکات، چوزانم بە جدیەتی، ئەگەرنا پەشیمانم دەکردەوە، یان هەر هیچ نەبوایە پۆلیسم ئاگادار دەکردەوە".

# ماموستا جەعفەر بەشوێن چییەوەیە!



سەلاح ڕەشید*

ماموستا جەعفەر، لە ژمارە (536)ی هەفتەنامەی ڕووداودا وتارێکی دەربارەی کتێبی (دیداری تەمەن) بڵاوکردووەتەوە. ئەم بۆچوونانەی ماموستا دوای 20 مانگ دێت بەسەر دەرچوونی چاپی یەکەمی کتێبەکە، ئەوەی سەرەتا جێی پرسیارە، بۆچی ماموستا ئەم هەموو کاتە چاوەڕێی کرد؟ بۆچی وەک هاوڕێکانی تری دوای دەرچوونی کتێبەکە تێبینییەکانی نەنووسی؟ هەرچەندە بۆچوونەکانی ماموستا هیچیان تازە نین و پێشتر چەند کەس و لایەن، بە هەمان ناوەڕۆک و تێبینی، دوای بڵاوکردنەوەی کتێبەکە هەمان سەرنجیان دەربڕیوە و بەندەش دەربارەی هەڵەی نووسین، ڕاستکردنەوەی مێژوو، تەنانەت ناوی کەسایەتی یان شوێن، لە چاپەکانی دواتردا زۆر سوودم لێوەرگرتوون و هەڵەکانم ڕاست کردوونەتەوە، یاخود خۆم داوای لێبوردنم لە هەندێ لایەن کردووە و ڕوونکردنەوەم نووسیوە، وەک دەربارەی حیزبی سۆسیالیست و سەرکردەکانی (چاپی سێیەم، بەشی دووەم . ل ١٤٣). ئیتر نازانم مەبەستی ئەم نووسینەی ئەو لەم کاتەدا چییە؟

ماموستا ماوەیەکە لە هەفتەنامە و سایتی ڕووداو نووسینی درێژ بڵاودەکاتەوە لەسەر یەکێتی و مێژووی شۆڕشی نوێ و کەسایەتییەکانی و ناو و ڕووداوەکان، بۆ ئەو مەبەستەش چەند کەسێک دێنێت و وەک سەرچاوەش بەکاریان دێنێت، تا بەو مەبەستە بگات کە خۆی دەیەوێت!.

لەم نووسینەشدا باسی دانیشتنێکی ماڵی خوالێخۆشبوو عەبدولڕەزاق فەیلی دەکات و شتەکان بە (گوتم) و (گوتی) دەگێڕێتەوە، وەک ئەوی تۆماری کردبێت.. ناچمە سەر ناوەڕۆکی ئەوەی چی گوتووە، هەر ئەوەندە دەڵێم: من کتێبم نەداوە بە مام جەلال تا بۆم (فرێیدا) چونکە ئەوکاتە نەکراوەتە کتێب تا فرێ بدرێت، دیارە ئەوە ڕەوشتی مامیش نەبووە، پێشتریش شتی واشی لەگەڵ من نەکردووە، ئیتر نازانم لەگەڵ ماموستا! ڕاستییەکەی ئەوەیە کۆپییەکانم داوەتێ و بۆی نەگەڕاندوومەتەوە.

**دەربارەی چۆنێتی بڵاوکردنەوەی:**

ئەم چەند دێڕە دەربارەی چۆنێتی بڵاوکردنەوەی، وەک خۆی بڵاودەکەمەوە کە پێش ساڵێک لە چەند ڕۆژنامە و سایتێک بڵاوبووەتەوە.

" ئەم دیدارە لە ماوەیەکی درێژ، کە نزیک لە 15 ساڵی خایاندووە، تۆمارکراوە و ئەنجامدراوە، لەو ماوەیەشدا ڕووداوی گەورە و گرنگ لە جیهان، ناوچەکە، عێراق، کوردستان و ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕوویانداوە، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە کە مام جەلال کاتێ بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەوە گوزارشت لە کات و شوێنی دیاریکراوی خۆی دەکات، کە پرسیارەکەی تێدا کراوە و زیاتر ئەو ڕووداوە مێژووییە بەوشێوەیە دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی کە ئەو لەوساتەدا چۆن بینیویێتی، نەک وەک ئەوەی ئێستا هەیە، لەبەرئەوە، هەموو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و شیتەڵکردنەوەی ئەم دیدارە، پێویستە لە ڕوانگای ئەو ڕۆژەوە لێکبدرێتەوە. لە سەرەتادا ڕەخنە لە هەندێ کەس یان لایەن دەگرێت، بەڵام لە 2003 پرسیاری ترم لێکردووە، مام جەلال مەدحی ئەوانەی کردووە کە ڕەخنەی لێگرتوون. چونکە زروفە سیاسیەکە گۆڕاوە، بۆ نموونە مام جەلال باسی ئاڵای شۆڕشی کردووە، وەک سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی ڕەخنە لەو برادەرانەی ئاڵای شۆڕش دەگرێت کە لەناو یەکێتی نیشتیماندا چوونەتە دەرەوە. بەڵام دوای ئەوەی کە گەڕاونەتەوە ڕیزی یەکێتی و هەندێکیان ڕۆڵی ئیجابییان بینیوە، مام جەلال باسی ڕۆڵی باشی هەندێ لەو برادەرانە دەکات لە 31 ی ئابدا".

ئەو پرسیارەی کە ماموستا و هەندێ هاوڕێی زۆر جار باسیان کردووە، ئایا پێش چاپکردنی (دیداری تەمەن ) پرسم بە کەس کردووە؟

بە ماوەیەکی زۆر پێش چاپکردنی، کۆپی (دیداری تەمەن) م داوە بە (نەوشیروان مستەفا، د. بەرهەم ساڵح، فەرید ئەسەسەرد، ستران عەبدوڵڵا و چەند برادەرێکی تر لە ناوەوە و دەرەوەی یەکێتی. هەر هەموویان تێبینی زۆر باشیان داومەتێ و کۆمەڵێک زانیارییان بۆ ڕاست کردوومەتەوە و تەنها گلەیی ئەوەیان کردووە کە پێویستە زوو بڵاوبکرێتەوە، نەک بڵاونەکرێتەوە.

دەربارەی ئەوەی ئایا مام جەلال ڕازی بووە لە بڵاوکردنەوەی یان نەبووە؟

لە پێشەکییەکەدا نووسیومە "کە بەداخەوە مام جەلال نەخۆشە و پێشتریش دەرفەتی ئەوە نەڕەخساوە دیدارەکە ببینێ و سەرنجی نوێی لەسەر بڵێ، یان تەنانەت ڕوخسەتی بڵاوکردنەوەشی لێوەربگرم، بەڵام خۆم باوەڕم بەوە هەیە کە مێژووی هاوچەرخی کورد و نەوەی نوێ، پێویستی بەم شایەتی و زانیاریانەی لای مام جەلال هەیە، هەر لەبەر ئەوەش بڵاوکردنەوەیم بە گرنگ زانی."



ئەوەی مام جەلال (تەحەفوز) ی لەسەر هەبوو، تەنها باسکردنی پارتی و مێژووی ململانێکان و باسی مەلا مستەفا بوو، لە دیدارێکدا لەگەڵ بەندە لە نەخۆشخانەی بەرلین، مام جەلال، ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەو جارێکی تر نایەوێت لەگەڵ پارتی و خانەوادەی بارزانی بکەوێتەوە ململانێ، ناکۆکیەکانیش ئەو بەو گەورەییە نایانبینێ!

مادام مام جەلال بۆچوونی لەسەر ڕووداوەکان وابێت، نابێت بە ئاشکرا ڕێگا بدات چاوپێکەوتنەکانی لە حزوری خۆیدا بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەوە بارودۆخێک دێنێتە پێشەوە کە مام نەیویستووە، بە تایبەتی گرژیی نێوان پارتی و یەکێتی.

ئەگەر مام جەلال نەیویستبێت ئەم چاوپێکەوتنە بڵاوببێتەوە، بۆچی دەیان سەعات کاتی خۆی بۆ تەرخان کردووە، خۆ لە یەک ڕۆژدا ڕووی نەداوە، بەڵکو ماوەی 15 ساڵی خایاندووە.. باشە تۆ بڵێی مام جەلال هەر بۆ خۆشی ئەم دیدارەی ئەنجام دابێت؟

پێش چاپکردنی کتێبەکە، بەندە بە یاوەری د. محەممەد سابیر و ستران عەبدوڵڵا سەردانی هێرۆخانمان کرد، ئەو دوو زاتە ماون و خۆیان دەتوانن باسی ئەو دانیشتنە بکەن، نەک بە دەمیانەوە باس بکرێت، د. محەممەد سابیر .. هێروخان وتی ئێستا کاتی بڵاوکردنەوەی نییە و با ماوەیەک چاوەڕێ بکەین، بۆ نموونە ساڵێک، منیش پێشنیازەکەیم بە باش زانی و کۆپییەکانیشم لای ئەو دوو برادەرە دانا، دوای ساڵێک هێرۆخانم ئاگادار کردەوە، کە کاتەکە ڕۆیشتووە، ئەو گوتبووی کەیفی خۆیەتی و با بە خراپی باسی کەسی تێدا نەکرێت و با حەمە و ستران سەیری بکەن، دوای ماوەیەک هەردوو کاکەکە کۆپییەکانیان بۆ گێڕامەوە و چەند تێبینییەکیان هەبوو، تێبینییەکان و نامەکانیان تاکو ئێستا پارێزراون.

د. محەممەد سابیر کە هاوڕێی نزیک و ئاوەڵزاوای مام جەلال و کادیرێکی پێشکەوتووی یەکێتییە، لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 578 ی 2017/5/22، بەم شێوەیە باسی کتێبەکە دەکات: "ساڵێک لەمەوبەر یان زیاتر، من و سەلاح ڕەشید و ستران عەبدوڵڵا، ئەو کتێبەمان برد بۆ هێرۆ وەک هاوسەری مام جەلال بۆ ئەوەی بۆچوونی بزانین. ئەو وتی لە ڕاستیدا لەم بارودۆخەی یەکێتی ئەم کتێبە بڵاوبێتەوە، ڕەنگە دەرگای قسە و ڕەخنە بکرێتەوە لێمان، ئەگەر هەندێ شتی تێدا لا ببرێت، یان هەندێ ناو هەیە لاببرێت ئەگینا تا ماوەیەک بوەستە. سەلاح ڕەشیدیش وتی باشە من تا ساڵێکی تریش دەوەستم. ساڵەکە تەواو بوو، ڕۆشتمەوە بە هێرۆم وت، وتی وڵا ئەو شتانە لابەرێت باشە، لاشی نابات، بڵێم چی؟ خۆی دەزانێت و خۆی ئازادە!

سەلاحیش هەندێ دەستکاری ناوی کرد و بە ڕاستگۆیی قسەکانی مام جەلالی لەو قۆناغەدا بە ئەمانەتەوە نووسیوەتەوە. خۆشت دەزانی هەر سەردەمە و قۆناغێک ڕووداوی خۆی هەیە، ناکرێت بە چاوی ڕابردوو ئێستا بخوێنیتەوە، ناشکرێت بە چاوی ئێستا سەیری ڕووداوەکانی ڕابردوو بکەین"

تۆ بڵێی ماموستا جەعفەر زیاتر لەو هەموو خوشک و برا و هاوڕێ و خزم و ناسیاوانەی مام کە کتێبەکەیان بینیوە، دڵسۆزتربێت بۆ مام جەلال؟ ئەم پرسیارە بە کراوەیی بەجێدێڵم بۆ خۆی و خوێنەر..

ماموستا دەپرسێت، چۆن تا ئێستا بافل و قوباد منیان نەداوە بە دادگا!! ماموستا پێش هەموومان دەزانێت، ئەگەر ڕۆژێ دادگایی هەندێ کەس بکرێت، دەبێ ئەوانە بدرێنە دادگا کە زیانیان بە یەکێتی و ڕێبازی مام جەلال گەیاندووە و دژی وەستابوونەوە، ئەوانەی کە لە ڕۆژانێکی



سەختی خەباتی پێشمەرگایەتیدا وازیان لە یەکێتی مام جەلال هێنا و چوونە هەندەران و کەوتنە دژایەتی بێ سنووری یەکێتی و مام جەلال، ئەوانە دەبێت بدرێن بە دادگا کە لە کاتێکدا بوونەوە بە یەکێتی، ئیمتیازاتی دارایی یەکێتیان وەردەگرت، کەچی لە 2014/4/30 بەرامبەر بە یەکێتی لیستی تایبەتی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا دروستکرد.. ئەوانە دەبێت بدرێن بە دادگا کە جۆرەها ناشرینییان لە مەکتەبی (بیر و هوشیاری) بڵاوکردەوە، ڕاپۆرتەکەی ئەوکاتەی (مەکتەبی چاودێری و پشکنین)ی ساڵەکانی 2007- 2008ی یەکێتی لەگەڵ چەند کادیرێکی ئەوکاتە ماون، ئەوانە دەبێت بدرێن بە دادگا کە بە ڕۆژی ڕووناک و با ئاشکرا دزی لە حکومەت و حیزب دەکەن و تا بیناقاقایان پڕە لە گەندەڵی، هەموو کەس لەو بارەیەوە قسە بکات، نابێت ئەو لەوبارەوە هیچ بڵێت!

ماموستا ویستوویەتی نووسینەکەی درێژ بکاتەوە، هەستاوە باسی شەجەرەی ماڵی مام جەلالی کردووە، لە بەرگی یەکەمدا ئەوەم نوسیووە کە مام جەلال باسی کردووە، بەڵام کاتێ کەسوکارەکەی ناوی ڕاستەقینەیان پێوتم، هەستام لە چاپی سێیەمدا ڕاستمکردەوە

( چاپی سێیەم . ل 21) بەڵام ماموستا کاتی نەبووە سەیری چاپەکانی تر بکات و ڕاستیەکان ببینێ.

ماموستا هەڵساوە بەشوێن هەڵەی ڕێزمانیدا بگەڕێت و تەنها ئەوەی دۆزیوەتەوە کە لە چەند وشەیەکدا لە جیاتی (ص) من نووسیومە (س).. بێگومان ئێستاش بگەڕێیت لە کتێبێکی 900 لاپەڕەییدا، هەڵەی تر دەدۆزیتەوە، بەڵام نەک س و ص، ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بەندە شارەزای عەرەبیە یان نییە.

لەسەر داخوازیی هێرۆخان و هاوڕێیانی تر، هەموو ئەو وەڵامانەی مام جەلالم وەک خۆی نەنووسیوەتەوە کە دەربارەی هەندێ کەسایەتی لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا بە زبری لەسەریان قسەی کردووە، ڕەنگە ماموستا یەکێک بێت لەوانە.. ئەو کاسێتانە هەمووی پارێزراون و بەم نزیکانە پێشکەشی دەزگایەکی یەکێتی نیشتیمانی دەکەم، بێ ڕتوش.

**دوا وشەی ماموستا:**

نووسەر هاتووە، منی ئیتهام کردووە: " ئەم کتێبە بۆ مەبەستێکی سیاسی نووسراوە، نەک بۆ مەبەستێکی زانستی و ئەکادیمی و خزمەتی مێژووی گەلی کورد. دیارە بە هاندانی چەند کەسێک لە برا گەورەکانی لە تەڤگەری گۆڕان ئەم کارەی بڵاوکردووەتەوە، دیارە چەند بەشێکی گفتوگۆکە کە بە زەرەری بەشێک لە سەرانی تەڤگەری گۆڕان بووە، سڕاوەتەوە".

ئەم کۆپلەیە ئەوەندە ئاستی نزم و بێ ناوەڕۆک و پڕ ئیتهامکردنە کە پێویست بە وەڵامدانەوە ناکات، تەنها ئەوەندە دەڵێم، ئەو ئەوەندە ئازا نەبووە ناوەکە بهێنێت و نووسیویەتی (برا گەورەکانی تەڤگەری گۆڕان) کە مەبەست لە خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا بووە، چونکە لەناو گۆڕاندا تەنها ئەو کۆپیەکانی پێش چاپکردنی دیوە، ئەمە یەکەم جار نییە کە باسی کاک نەوشیراون بەخراپە دەکات و هێرش دەکاتە سەری، جارێک دەڵێ ئازادی مستەفا خۆشناو وتویەتی کە نەوشیروان لە ڤییەنا وتویەتی من ترۆتسکیم "ئازاد من ئێستا ترۆتسکیم و لەگەڵ ترۆتسکییەکانی ڤییەنا ژیانێکی خۆش بەسەردەبەم، بڕۆ وازم لێبێنە".

ئەمە نەک هەر درۆیە، بەڵکو یاریکردنە بە خەیاڵ و هەموو ئەو کەسانەی کە ئەویان ناسیوە، دەزانن کە ئەو هیچ کاتێ نە ترۆتسکی بووە، نە بڕوای پێیان هەبووە.



یان دەنووسێت: "من ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمبینیوە (نەوشیروان) لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یان مەکتەبی سیاسی پێداگری لەسەر کردنەوەی دەورەی مەشق و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگە بکات. ڕۆژێک ڕێسا و ڕێنوێنی بۆ شێوەی کاری هێزی پێشمەرگە دەرنەکردووە.." (وتارەکەی دەربارەی شەهید عەلی عەسکەری (هەفتەنامەی ڕووداو- ژمارە -530 ل 14).

لێرەدا باسی ڕۆڵی کاک نەوشیروان ناکەم لەناو پارتیدا یان دروستکردنی یەکێتی و گەشەکردنی کۆمەڵە و ڕۆڵی لە پێشمەرگایەتی و لە شاخ و ڕاپەڕینی 1991 کە چی کردووە و چی نەکردووە، هەقە هەڤاڵانی ئەو ڕۆژانەی کە بەیەکەوە پێشمەرگە بوون، وەڵامیان هەبێت.. خۆ ڕەنگە ماموستا کاک نەوشیروانی لە شەڕدا نەبینیبێت، چونکە بڕوا ناکەم ماموستا فیشەکێکی لە شەڕدا تەقاندبێت.



لە نووسینی (کۆمیتەی هەرێمەکان هەڵوەشایەوە.. یان هەڵیانوەشاندەوە) کە ئەویش هەر لە ڕووداو لە ژمارە 523 بڵاوی کردووەتەوە، نووسیویەتی:

"نەوشیروان هەر لە ساڵی 1978 تا هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە دەسەڵاتی ڕەهای هەبوو. هەمیشە مام جەلال نیوەی ئەو چەک و پارەیەی دەست (ی. ن. ک) دەکەوت، لەبەردەستی ئەوی دادەنا، ئیدی چۆن سەرف دەکرا و بە کێ دەدرا و بە کێ نەدەدرا ئەوە هەر خۆی و خوا دەیانزانی، مەبەستمە بڵێم: هیچ سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ڕەهای ئەو دانەنرابوو. ئەندامی سەرکردایەتی زیندانی دەکرد و کادری دارکاری دەکرد و بیانووی بۆ کوشتنی خەڵک لەناو شار و لەناو شۆڕش دەدۆزییەوە، دەسەڵاتێک نەبوو ڕێگری لێبکات".

ئێستا با بپرسین، ئاخۆ هەقە ئێمە لەسەر (دیداری تەمەن) بدرێینە دادگا یان ماموستا لەسەر ئەم ئیتهامانە بدرێتە دادگا؟. یان هەقوایە دژ بەم ئیتهامانە، هاوڕێ و دۆستان و قەڵەم بەدەستانی بە ئاگا و هوشیار و بەویژدان یان کەسوکاری کاک نەوشیراون و بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی بدەنەوە و بیدەنە دادگا.

خۆ ئەگەر ماموستا خۆی بەهەقبێژ دەزانێ و داکۆکی لەراستی دەکات، خۆ ئەو بە حساب، ئەو کاتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی ڕاگەیاندن بووە، خێرە ئەو قسانەی هەڵگرتووە بۆ ئێستا و لەکاتی خۆیدا دژ بەم کارە دژوارانە فزەی نەکردووە، کێ دەستی گرتبوو وتارو ڕوونکردنەوە بنووسێت، یان بۆ لە کۆبوونەوەکانی (م.س) زاتی بە گژداچوونەوەی نەبووە، خۆ گەر کاری لەو شێوەیەش کرابێت، ئەوە بەناوی یەکێتی یان کۆمەڵەوە کراون، نەک بەناوی کەسێکەوە، واتە هەموویان بەرپرسیار بوون و پێویست بوو ئەویش وەک سەرکردایەتی بێتە دەنگ و بە دەنگی بەرز بەرەنگاری بێتەوە.

سەبارەت بە مەبەستی سیاسی نووسینیش، بەرواری چاپکردن دیارە کاتێک ئەم کتێبە بڵاوبووەتەوە، پەیوەندی نێوان یەکێتی و گۆڕان زۆر باش بووە و دوای ڕێککەوتنی دەباشان بووە، ئیتر بۆ دەبێت بە مەبەستی سیاسی نووسرابێت.. ئەم لێکدانەوەیە، وەک زۆر لێکدانەوەی تری نووسەر، ئاوێنەی ناخی خۆی کە پڕ ڕقە دەردەخات بەرامبەر بە هەندێ سەرکردە و پرۆسەی سیاسی.

زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی و گۆڕان دەزانن کە بەندە هەمیشە هەوێنی تەبایی نێوان مام جەلال و کاک نەوشیروان بە تایبەتی و یەکێتی و گۆڕان بە گشتی بووم و بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە.. کاتێکیش ئەم کتێبە بڵاوبووەتەوە، من هیچ پۆستێکم لەناو گۆڕاندا نەبووە، لەبەر ئەوە ئەو قسانەی ماموستا جێی پێکەنینە.

کەم کتێب هەیە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا سێ جار چاپکرابێت.. ئەم بەدەنگەوە هاتنە گرنگی بۆچوون و ڕۆڵی مام جەلال لە مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمان دەردەخات، جگە لە فرۆشتنە زۆرەکەی، بە سەدان کەس نامەی هەمەجۆریان ناردووە بۆ دەستخۆشی و ستایشی کتێبەکەیان کردووە، زۆر ئاساییە چەند کەسێک ڕەخنە بگرن، بەڵام تۆ بڵێی ئەگەر مام جەلال لەم دیدارەدا بە ئیجابی باسی ڕۆڵی ماموستای بکردبایە لە ناو شۆڕشدا، ئەو ئێستا هەر بەم شێوەیە باسی کتێبەکەی بکردایە؟

بۆ زانیاری ماموستا و هاوڕێیانی تر، چاپی چوارەم بەڕێوەیە و وەرگێڕانە عەرەبییەکەشی بڵاوبووەتەوە.

***وەزیری پێشووتری مافی مرۆڤ و نووسەری کتێبی (دیداری تەمەن).**


رووداو
ژمارە (536) - دووشەممە 2018/12/31
شرۆڤە
14
(دیداری تەمەن)

بایەخی مێژوویی خۆی لەدەستدا

ماموستا جەعفەر

بەلامەوە سەیرە کە هێرۆخان یان بافڵ و قوباد لە دادگا داوایان لەسەر (بەناو) ئامادەکاری ئەم کتێبە تۆمار نەکردووە

مام جەلال
دیداری تەمەن

# ئەسپسواری.. چارەسەرە پزیشکییە نوێیەکە

ئاراس برادۆستی
ڕووداو- هەولێر

تەندروستی هەموو لایەنێکی ژیان دەگرێتەوە، هەر پیشەیەکت هەبێت تەندروستی خۆی تێکەڵ دەکات، هەر خولیا و ئاواتێکت هەبێت، دەبێت تێکەڵی بکەی لەگەڵ تەندروستی، ئەسپسواریش ئەگەر دیوێکی وەرزش بێت، 100 دیوی تەندروستی هەیە.

چوومە یانەی ئەسپسواریی هەولێر، گەورەترین یانەیە لە هەموو عێراق و لە ناوچەکەدا هاوتای کەمە، بەشەکانی زۆرن، دەمەویست بزانم چۆن دەبێت ئەسپێک غاربدات و ببێتە وەرزش بۆ سوارەکەی؟

ژمارەیەک خوێندکاری کۆلێژی ڤێتێرنەری زانکۆی سلێمانیم لەگەڵدابوون، ئەوان لەگەڵ ئاژەڵ بە گشتی نزیک و دۆستن، بۆیە زانیاریی گرنگم لەسەر دیوە تەندروستییەکانی ئەسپسواری لێوەرگرتن.

د.عوسمان جەمال پسپۆڕی ڤێتێرنەری و مامۆستای زانکۆی سلێمانی، ئەسپسواری بە هاوتای مەلە دەزانێت :"لە مەلە و ئەسپسواریدا زۆربەی ماسولکەکانی جەستە بەشداری دەکەن".

کۆشیار لەگەڵ ئەوەی پێنج ساڵە خەریکی خوێندنی پزیشکی ڤێتێرنەرییە، خولیایەکی زۆریشی بۆ ئەسپسواری هەیە، جگە لەوەی چێژ لە ئەسپسوارییەکە وەردەگرێت، زانیاری گرنگیشی پەیوەست بە وەرزشە تایبەتەکە پێگوتم.

کۆشیار ئەسپسواری بە هۆکاری دڵخۆشبوون دەزانێت بەهۆی دەردانی هۆرمۆنی سیرۆتۆنین لە جەستەی ئەسپسواردا "بیری ئەسپسوار تیژترە، یادەوەریشی بەهێزترە".

بەشێکی ئەوانەی لەوێ بوون، بەهۆی کێشەیەکی جەستەییەوە ڕوویان لە وەرزشەکە کردووە، مام ئیسپات تەمەنی نیو سەدەیە، دەڵێت کە هاتمە ئێرە پشتم چەمابووەوە، ئێستا ڕێکبووەتەوە.

ئیسپات، ئیسپاتی کردووە بۆ خۆی و دەوروبەری کە سوودە تەندروستییەکانی ئەسپسواری زیاترن لەوەی بیریان لێکراوەتەوە، ئەو دەڵێت "پێستم گەنج بووەتەوە، بەهێزتر و تۆکمەترم".

یانەی ئەسپسواری ئاگادارە کە چەند نەخۆشییەک هەن تووشی ئەسپ دەبن و ڕەنگە بۆ مرۆڤ بگوازرێنەوە، بۆیە بە وردی چاودێریی تەندروستیی ئەسپەکان دەکەن.

لانە عەبدولڕەحمان کە ژیانی بووەتە لانەی زانستی ڤێتێرنەری، دوو نەخۆشی گرنگی باسکردن کە دەبێت ئەوانەی مامەڵەی نزیکیان لەگەڵ ئەسپدا هەیە ئاگاداری بن، ئەگینا جەستەیان دەبێتە لانەی نەخۆشییەکان.

سوودەکانی ئەسپواری زۆرن، بەڵام هەندێکیان هێندە گرنگن کە نابێت هەرگیز لەبیریان بکەین، ماسولکە و جومگەکان بەهێز دەکات، سووڕی خوێن چالاک دەکات و هۆکاری دڵخۆشیشە.



لە یانەی ئەسپسواریی هەولێر ڕۆژانە ئەسپەکان خزمەتێکی شاهانەیان دەکرێت، خۆراک و ئالیکیان تایبەت و جیاوازە، ڕۆژانە بە باشی پاک دەکرێنەوە، شۆردنیشیان ڕێسای خۆی هەیە، پاشان دەخرێنە ژێر ئامێرێکی تایبەت تاوەکو هەم وشک ببنەوە و هەمیش گەرم ببنەوە، لەوێ تەندروستی ئەسپەکان لە پێش قازانجەوەیە.

لەمیا ئەلحەدیسی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی یانەی ئەسپسواریی هەولێر، دەڵێت ئا لیکی ئەسپەکانی پێشبڕکێ لە ئیسپانیاوە دەهێنن، بایەخ بەوە دەدەن خۆراکی ئەسپەکان ریشاڵ و ڤیتامینی باشیان تێدابێت.

بەشێک لە سەلامەتی و تەندروستی لەژێر پێی ئەسپەکاندایە، بۆیە ناڵکردنی ئەسپ کار و هونەرێکی تایبەتە، ئەوەی بۆ ئەم کارە ڕاسپێردراوە دەبێت گەرەنتیی پاراستنی سەلامەتی ئەسپەکە و سوارەکەیش بکات. ئەو کەلوپەلانەی لەوێ بینیمن وایان لێکردم هەستبکەم لە شوێنێکی تایبەتی ئاسنگەریم. شوێنی حەوانەوەی ئەسپەکان بەگوێرەی جەستە، دەروون و باڵای ئەوان دروستکراوە.

ڕۆژانە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و گەشتیاری ناوچەکانی دیکەی عێراق سەردانی یانەی ئەسپسواریی هەولێر دەکەن، هەندێکیان دەچنە نێو کەشەکە، دەست دەکەن بە ئەسپسواری، ئەگەرچی هەنگاوەکانیش سەرەتایی بن، بەڵام چێژبەخشن.

هەندێکیشیان لەسەر پەیژەکان دادەنیشن و چێژ لە دیمەنەکان وەردەگرن، لە هەردوو بارەکەدا کاتێکی خۆش بەسەردەبەن و سوودی دەروونی بۆ خۆیان مسۆگەر دەکەن.

ئارمان نەوجەوانێکی تووشبووی نەخۆشییەکی دەماری بوو، ڕێکردنەکەی زۆر بە ڕوونی دەریدەخست کە چ کێشەیەکی سەختی هەیە. دوای ساڵانێک لە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی، ئێستا لە یانەی ئەسپسواریی هەولێر لەپاڵ چارەسەرە پزیشکییەکان ڕۆژانە ئەسپسواریش دەکات، دوای ماوەیەک لە وەرزشەکە هەستی بە پێشڤەچوونێکی زۆر کردووە.

هەندێک لە دیمەنەکانی ئەوێ تەنیا لە پێشبڕکێ نێودەوڵەتییەکاندا دەبینرێن، پاڵەوانان ڕاهێنان دەکەن، یادەوەری بینەران و بەشداربووان پڕدەکەن لەو دیمەنانەی کە مێشک و دەروون لە جەنجاڵیی ژیان خاڵی دەکەنەوە.

ژمارەیەکی زۆری منداڵانیش لەوێ بوون، ئەسپسواری باشیشیان تێدابوو، سارا یەکێک لەوان بوو "تەمەنم حەوت ساڵە، هەفتانە سێ ڕۆژ دێمە ئێرە، هەر جارێک نزیکەی دوو کاژێر ئەسپسواری دەکەم". سارا لەسەر ئەسپێکەوە ئەمانەی پێگوتم و دەستی کردەوە بە ئەسپسوارییەکەی.

ئەسپسواری لەپێشدا لە لادێکان برەوی زیاتری هەبوو، بەڵام شارێ بەختیار کە خوێندکاری کۆلێژی ڤێتێرنەریی سلێمانییە، لە شارەوە باسی سوودە تەندروستییەکانی وەرزشەکەی بۆ کردم: "چالاککردنی کۆئەندامی هەرس لە گرنگترین ئەو سوودانەی ئەسپسوارییە کە کەم کەس باسی دەکات". شارێ جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشا و بە "گیانەکەم" بانگی دەکرد.

سوودە دەروونی و تەندروستییەکانی ئەسپسواری هێندە دەهێنن کە ئەو بەربەستە دەروونییە بشکێنین و وەرزشەکە بکەینە بەشێک لە ژیانمان، من گەرەنتی ئەوەت دەدەمێ دوای دەستپێکردن، خۆشی و سوودە تایبەتەکانی وات لێدەکەن وازنەهێنی و بەردەوام بی.



## سوودە تەندروستی و دەروونییەکانی ئەسپسواری

- هۆکارێکی خێرای دڵخۆشبوونە
- ماسولکەکانی جەستە بەگشتی و پشت بەتایبەتی، بەهێز دەکات
- هەڵتەکانی مرۆڤ لەکاتی ئەسپسواریدا، جومگەکانی بەهێز دەکات
- تواناکانی مێشک زیاتر دەکات
- توانای هاوئاهەنگی بەهێز دەکات
- هەستی متمانەبەخۆبوون لە ئەسپسواریدا زیاترە
- ڕێگەیەکی کارای خاوبوونەوەی دەروونیی مرۆڤە
- وەرزشی ئەسپسواری سووڕی خوێن چالاک دەکات
- بڕبڕەکانی پشت تۆکمە دەکات

(فۆتۆ: ڕووداو)

# چۆن منداڵەکەت دەخەوێنی؟



ڕووداو- هەولێر

خەوتنی دروست یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان لە گەشەی منداڵدا، منداڵان بە گشتی 40%ی کاتەکانیان بە خەو بەسەردەبەن ئەمەش کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت لەسەر تەندروستیی مێشک و گەشەکردنی. پزیشکانی ئەمریکی دەڵێن خەواندنی منداڵ بە بەردەوامی لە کاتێکی دیاریکراودا کارێکی ئاسان نییە، بەڵام بە پەیڕەوکردنی چەند ڕێنماییەک دەتوانرێت ئاسانتر بکرێت.

د.جێسیکا ئەلێکساندەر ڕاوێژکاری تەندروستی لە ئەمریکا دەڵێت چەند تەکنیکێک هەن دەبێت دایکان و باوکان ئاگاداریان بن لەوانە:

1- شووشتنی منداڵ پێش خەوتن بایەخێکی بەرچاوی هەیە لە خەواندنی منداڵ و ئارامکردنەوەی. شووشتنی منداڵ یارمەتی خاوکردنەوەی ماسولکەکان دەدات، بەتایبەت بە بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی لەش بۆ ئاستێک کە منداڵ هەست بە خەوالوویی بکات.

2- خوێندنەوەی کتێب و چیرۆک بۆ منداڵان زۆر گرنگە، لەلایەک پەیوەندی نێوان باوان و منداڵان بەهێز دەکات و لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەکی هزریی منداڵ و زووناسینەوەی وێنە و وشەکان دەکات.

3- دوورخستنەوەی هەموو جۆرە سکرینێک لە ژووری خەوتنی منداڵ، ژووری منداڵ دەبێت شوێنی حەوانەوە بێت و بەدوور بێت لە هەموو ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنییانەی کار دەکەنە سەر ئەو هۆرمۆنانەی یاریدەدەرن بۆ خەوتن.

4- بێدەنگی و ئارامیی ژووری نووستن

5- پاکی ژوورەکە یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکان، ژووری منداڵ پێویستە هەمیشە بۆنێکی خۆش و ژینگەیەکی پاک بێت.

# ژەهری دووپشک دەرمانە؟

عیسا عەبدولڕەحمان عیسا*

لە زانست و پیشەی دەرمانسازیدا ڕێگەی نوێ دەگیرێتەبەر بۆ دروستکردنی دەرمانی تازە، بەو پێیەی زۆربەی دەرمانەکان بەڕێگەی کیمیایی ئامادە دەکرێن. بەکارهێنانی سەرچاوەی دیکە بۆ دۆزینەوە و بەرهەمهێنانی دەرمانی نوێ ڕێگەی بایۆلۆژییە، بایۆتەکنۆلۆژی و بەکارهێنانی ئەنزیم، هۆرمۆن، مۆڵیکیول و پرۆتینەکانی زیندەوەران وەک سەرچاوەیەک بۆ دۆزینەوەی دەرمانی نوێ لەناو زانایاندا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ.

لەم ساڵانەی دواییدا دەرمانی نوێ دۆزراونەتەوە کە سەرچاوەیان زیندەوەرانن. ئەو جۆرە دەرمانانە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، لە 15 ساڵی ڕابردوودا 23%ی ئەو دەرمانانەی لەلایەن دەزگای خۆراک و دەرمانی نیشتیمانی ئەمریکا (FDA) پەسەندکراون، سەرچاوەیان سروشتی بووە.

هەر بۆ ئەو مەبەستە دەتوانرێت سوود لە گەلێک ژەهر وەربگیرێت کە توانا و تایبەتمەندییان هەیە بۆ کارلێک لەگەڵ هەندێک خانە و مۆڵیکیولی دیاریکراو کە بەرپرسن لە ڕێکخستنی فسیۆلۆژیی خانە، دەتوانرێت بکرێنە سەرەتایەک بۆ دۆزینەوەی دەرمانی نوێ.

ژەهری دووپشک کۆمەڵێک پرۆتین و پێپتایدی گرنگی تێدایە کە وەک دەرمان کاریگەری لەسەر فسیۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵان دروستدەکەن، دەبنە هۆی چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشی، ئەگەر ئەو جۆرە پێپتایدانە لەنێو ژەهری دووپشک بیهێنرێنە دەرەوە، جیابکرێنەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا بهێنرێ، پاشان لە شێوەی دەرمان دابڕێژرێن و فۆرمولە بکرێن، دەبێتە شۆڕشێکی گەورە لە بواری دەرماندا.

لە جیهاندا زیاتر لە 1500 جۆر دووپشک هەن کە دابەش بوون بەسەر نوێ و کۆندا. جۆرە کۆنەکە لە ئەفریقا، ئاسیا و باشووری ئەمریکا هەن، سینگیان سێگۆشەییە کە لە چوارچێوەی یەک جۆر خێزاندا کۆبوونەتەوە و پێیاندەڵێن بوتیدای (Buthidae)، جۆرەکەی دیکەیان کە بە دووپشکی نوێ ناسراون و پێیاندەڵێن چاکتیدای (Chactidae)، سینگیان پێنجگۆشەییە، لە ئەوروپا، ئاسیا و ئەمریکا هەن.

دووپشکی خێزانی چاکتیدای ژەهری دژەخانە و شیکەرەوەی خانە دەردەدات، بەڵام ژەهری هەردوو جۆری دووپشک پەردەی خانە شیدەکەنەوە و فسیۆلۆژیی خانە تێکدەدەن (دەمارەخانە، ماسولکەخانە و ماسولکەخانەی دڵ).

ژەهری دووپشک زۆر گرانە، یەک گاڵۆنی (4.5 لیتر) بە 39 ملیۆن دۆلارە، هەر دووپشکێک دوو گرام ژەهری هەیە، کۆکردنەوەی گاڵۆنێک ژەهر زۆر زەحمەتە، ژمارەی پێپتایدە جیاکراوەکان کە مرۆڤ جیای کردوونەتەوە لە نێو ژەهری دووپشکدا دەگاتە نزیکەی 100 هەزار پێپتاید، بەڵام لە نێوان هەموویاندا تەنیا 1% یان فرمان و ئیشیان زانراوە لەسەر فسیۆلۆژیی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵان. لەسەر جۆر، ژمارە، ئیش و فرمانی پێپتایدەکانی نێو ژەهری دووپشک هێشتا مشتومڕی زۆر لە نێو زانایان هەیە، ئەو پێپتایدانەی کە فرمانیان زانراوە، بە میکانیزمی جیاواز کاریگەری لەسەر فسیۆلۆژیی خانە و لەش دروست دەکەن.

## کاریگەریی ژەهری دووپشک وەک دژەمیکرۆب

جۆرە پێپتایدێک کە لە زنجیرەیەک ئەمینۆئەسید پێکهاتووە و لەنێو ژەهری دووپشکدا دۆزراوەتەوە، هێرش دەکەنە سەر پەردەی خانەی میکرۆبەکان و تێکیدەشکێنن و ئەوانەی دیکەشیان بە میکانیزمی دیکە ئیش دەکەن.

ئەو جۆرە پێپتایدانەی لەنێو ژەهری دووپشکدا دۆزراونەتەوە بە میکانیزمی جیاواز دژی میکرۆبەکان دەجەنگن، بەشێکیان هێرش دەکەنە سەر پەردەی خانەی بەکتریاکان و تێکیدەشکێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی وەستانی گەشەی بەکتریاکان.

هەندێک پێپتایدی دیکە دەتوانن پاراسایتی مەلاریا لەنێو ببەن بە قەدەغەکردنی گەشەکردنی پاراسایتەکە لەنێو خڕۆکە سوورەکاندا.

پێپتایدەکانی نێو ژەهری دووپشک کاریگەری باشیان هەیە بۆ لەنێوبردنی میکرۆبەکان لەگەڵ کاریگەرییەکی کەم لەسەر خانەکانی خوێن و خانەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ و ئاژەڵان.

کاریگەریی ژەهری دووپشک لەسەر خوێن

هەندێک ماددەی نێو ژەهری دووپشک ڕێگری دەکەن لە مەیینی خوێن. ڕێگری لە کەڵەکەبوونی پەپکەکانی خوێن لەسەر یەک، خوێن شل دەکاتەوە و ماوەی نەمەیینی خوێن درێژ دەکاتەوە، بەڕاستی ئەم جۆرە پێپتایدە ئەگەر لە داهاتوودا بەشێوەی دەرمان دیزاین و فۆرمولە بکرێت، شۆڕشێکی مەزن دەبێت لە بواری دەرماندا.

هەندێک ماددەی دیکەی نێو ژەهری دووپشک کاریگەریی باشیان هەیە بۆ کۆئەندامی سووڕان و دڵ، ڕێکخستنی پەستانی خوێن و دابەزاندنی پەستانی خوێن.

## کاریگەریی ژەهری دووپشک لەسەر بەرگریی جەستە

ڕۆڵێکی گرنگی ژەهری دووپشک لە چالاکترکردنی خانەکانی خڕۆکە سپییەکان دۆزراوەتەوە، ئەویش بە چالاکتربوونیان لە ڕامالینی بەکتریاکان و میکرۆبەکانی دیکە بۆ دەرەوەی خانە.

ژەهری دووپشک کاریگەری ڕاستەوخۆی بەسەر ڤایرۆسەکانیشەوە هەیە، ئامانجی سەنتەرەکانی توێژینەوەی دەرمانە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا شۆڕشێکی گەورە لەو بوارەدا بەرپا بکەن.

## ژەهری دووپشک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی دەمار

لە پزیشکی کۆنی چینیدا ژەهری دووپشک بۆ چارەسەری پەرکەم و بێهۆشبوون بەکارهاتووە، ئەمە بنەمایەکی زانستیشی هەیە. هەندێک ماددەی نێو ژەهری دووپشک دەتوانن چالاکی وەرگرەکانی ماددە سڕکەرەکان لەسەر دەمارەکان زیاد بکەن و ببنە هۆی کەمکردنەوەی هەستی ئازاری دەماری. ئەمە جگە لەوەی میکانیزمی دیکە دۆزراونەتەوە کە دەکرێت لە چارەسەری نەخۆشیی شیزۆفرینیا و پارکینسندا سوودیان لێوەربگیرێت.

## ژەهری دووپشک بۆ چارەسەری شێرپەنجە

هەندێک ماددەی نێو ژەهری دووپشک کاریگەرییان دەرکەوتووە لەسەر تێکشکاندنی خانە شێرپەنجەییەکان، دەکرێت لە داهاتوودا بەشێوەی دەرمان دیزاین بکرێن و بۆ چارەسەری شێرپەنجە بەکاربهێنرێن.

هەندێک لە ماددەکانی نێو ژەهری دووپشک پووکانەوە و فشەڵبوونی ئێسقانەکانیش ڕادەگرن، هاوکات چڕیی ماددە سوودبەخشەکانی نێو ئێسقانەکان زیاد دەکەن.

*پزیشکی دەرمانسازی کلینیکی



# چەکە مەترسیدارەکەی ئەمریکا لەدەستی داع

**رووداو- هەولێر**

مووشەکێکی پێشکەوتووی دژەتانکی ئەمریکی بووەتە مایەی نیگەرانی فەرماندە سەربازییەکانی ئەو وڵاتە، چەکەکە توانای تەقاندنەوەی پێشکەوتووترین جۆرەکانی تانکیشی هەیە و ئێستا کەوتووەتە دەست گروپە جیهادییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە کاتێکدا ئەمریکا هیچ ئامادەکارییەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو چەکانە نەکردووە.

ئەو جۆرە چەکانە بە مووشەکی دژەتانکی ئاراستەکراو (ATGMs) ناسراون کە مێژووی داهێنانیان بۆ چەندین دەیە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام لە چەند ساڵی رابردوودا پێشکەوتنی گەورەیان تێدا کراوە، بە جۆرێک هەم هەڵگرتن و گواستنەوەیان لە مەیدانەکانی شەڕدا ئاسانترە و هەم توانای لەناوبردنیان یەکجار زۆرترە. لەگەڵ قڵیشانەوەی دۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ساڵانی رابردوودا ژمارەی ئەو جۆرە چەکانە لە مەیدانەکانی شەڕی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش بەرزبوونەتەوە، بەشێکی زۆریشیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە دەست گروپە چەکدارەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

عومەر لەمرانی، شرۆڤەکاری کاروباری سەربازی لە ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریکی، بە رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی راگەیاندووە: "بێگومان ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا رۆژێک لە رۆژان رووبەڕووی ئەو موشەکە دژە تانکانە ببێتەوە کە خۆی لە رابردوودا رەوانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردوون". لە کاتێکدا بەشێک لەو چەکانە کەوتوونەتە دەست داعش و لقە جۆراوجۆرەکانی ئەلقاعیدە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، هەموو ئەو چەکانە لە ئەمریکا دروست نەکراون، بەڵکو هەندێکیان لەسەر بنەمای دیزانە ئەمریکییەکە لە بولگاریا، چین، فەرەنسا، ئێران و تەنانەت رووسیا دروستکراون، لەوێشەوە بۆ بەرە جیاجیاکانی شەڕ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نێردراون.

ئەو چەکانە بەشێوەیەکی یاسایی بە ئەندامێکی ناتۆ، یان دۆستێکی ناتۆ یان وڵاتێکی دۆستی ئەمریکا لە ناوچەکە فرۆشراون، لایەنی کڕیاریش لە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی یاساییدا پشتڕاستی دەکاتەوە کە دوایین وەرگری چەکەکەیە و چەکەکان بە لایەنێکی دیکە نافرۆشرێن، بەڵام بەرپرسانی پیشەسازیی چەک لە ناوچەی باڵکان بە رۆژنامەی ئەلکترۆنی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانییان گوتووە لایەنی کڕیار هیچ ئیلتیزامێکی نییە لەسەر بەڵێنەکەی خۆی بێ و هیچ میکانیزمێکی لێکۆڵینەوەش نییە بۆ ئەوەی لایەنی فرۆشیار دڵنیا بێ چەکەکانی بە "قاعیدە، نوسرە و داعش" نافرۆشرێنەوە.

لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی ئیدارەی پێشووی ئەمریکی بۆ رووخاندنی رژێمی سووریا، مووشەکی دژە تانکی ئەمریکی رادەستی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداریی سووریا دەکرا. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دواتر ئەو پرۆگرامەی هەڵوەشاندەوە و رایگەیاند چەکەکان گەیشتوونەتە دەست چەکدارانی ئەلقاعیدە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی ماڵپەڕی (بازفید)ی ئەمریکی، دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لە ساڵی 2015 لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی نهێنیدا مووشەکێکی دژە تانکی لە داعش کڕیوەتەوە، دوای ئەوەی چەکەکە بەشێوەیەکی نەزانراو کەوتووەتە دەست چەکدارانی ئەو رێکخراوەوە. بەپێی زانیارییەکان ئەو مووشەکەی بە دەست چەکدارانی داعشەوە بینراوە پێشتر بۆ هێزەکانی جەیش ئەلنەسر نێردراون کە هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سووریا بوون و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا لە تورکیا مەشق و راهێنانی پێدەکردن.

مووشەکە نوێیەکان بەپێچەوانەی کۆنەکان مەودای پێکانیان زۆر زیاترە و دەکرێ لە رێگەی سیستەمێکی کۆنترۆڵەوە ئاراستە بکرێن. جۆن گۆردن، شرۆڤەکار لە ناوەندی (رەند)، لە لێدوانێکدا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "مووشەکی دژە تانکی نوێ دەتوانێ 1000 میلیمەتر لە پلێتێکی ساردی پۆڵایین ببڕێت و لە دووریی کەمتر لە یەک مەتریش دەتوانێ ئامانجەکەی بپێکێ. ئەم جۆرە شتانە ئێستا لە دەستی گروپی وەکو داعش، تاڵیبان، حیزبوڵڵا و زۆر گروپی دیکەدان".

هێزە سەربازییەکان هەوڵدەدەن پیشەسازیی تانک زرێپۆشی وڵاتەکەیان لە پێش ئەو مووشەکە نوێیانە بێ کە بۆ لێدانی تانکەکان دروستکراون، بەڵام حاڵی حازر مووشەکەکان توانای لەناوبردنی زۆربەی جۆرەکانی تانکیان هەیە.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)، ئیسرائیل پێشەنگە لە پیشەسازیی بەرگریی لە بەرامبەر ئەو جۆرە چەکانەدا، لە کاتێکدا ئەو وڵاتە زیاتر لە دەیەیەکە هەڕەشەی چەکی مووشەکی لەسەرە، بە پێچەوانەوە ئەمریکییەکان زیاتر بەرەنگاری بۆمبی چێنراو یان هاوەن بوونەتەوە. کۆلۆنێل گلێن دین، فەرماندەیەکی سوپای ئەمریکا، لەمبارەوە دەڵێ: "ئیسرائیلییەکان لە ژینگەیەکی ئەمنی دان کە هەڕەشەی راستەوخۆیان لەسەرە، هەر ئەمەش هانی داون پەرە بەو پیشەسازییە بدەن، بەڵام ئێمە لە عێراق و ئەفغانستان هەڕەشەی مووشەکی ئاراستەکراومان لەسەر نەبووە".

دوو کۆمپانیای ئیسرائیلی لە بواری بەرگری لەبەرامبەر سیستەمیی مووشەکیی ئاراستەکراودا لە پێشەوەی هەموو کۆمپانیاکانی جیهانن. ئەو دوو کۆمپانیایە سیستەمێکیان دروستکردووە کە لە رێگەی سێنسۆرەوە بە مووشەکە ئاراستەکراوەکە دەزانێ و لە نیوەی رێگە دەیتەقێنێتەوە. ئەمریکا لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە لە چوارچێوەی پرۆگرامی (سیستەمەکانی شەڕی داهاتوو) هەوڵی پەرەپێدانی سیستەمی بەرگریی چەکەکانی خۆی دەدا. بەڵام لە ساڵی 2009 ئەو پرۆگرامە راگیرا و لە بری ئەو پشتیان بە سیستەمەکەی ئیسرائیل بەست.

لەمرانی لە بارەی هۆکاری راگرتنی پرۆگرامەکە دەڵێ: "مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئێمە پێویستمان بە پرۆگرامێکی لەو جۆرە نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە پەرەپێدانی سیستەمێکی لەو جۆرە و دروستکردنی ئۆتۆمبێل و کەرستەی سەربازی ئاڵۆز پێویستی بە پارەیەکی زۆر بوو، دواجاریش نەبووین بە خاوەنی تەکنەلۆژیاکە".

بەرپرسان و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا هۆکاری شکستهێنان و دواجار راگیرانی پرۆگرامەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە سیستەمی وەرگرتنی بودجە لە وەزارەتی بەرگری و سوپادا زۆر ئاڵۆزە. ژەنەراڵ مارک مۆڵی، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکاش بەڵێنی داوە ئەو



هەندێک لە دژە تانکەکان لە رێگەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە گەیشتوونەتە دەست داعش

# کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت.. لانکی نوێی

**رووداو- هەولێر**

بەدرێژایی دوو دەیەی رابردوو، فۆکەسی زۆربەی دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهان بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لەسەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا بووە، بەجۆرێک ئەو ناوچەیە بە جوگرافیای سەرهەڵدان و پەرەسەندنی تیرۆریزم ناوی دەرکردووە. ڤێرا میرۆنۆڤا، شارەزای گروپە توندئاژۆکان لە زانکۆی هارڤارد، پێیوایە کاتی ئەوە هاتووە سەرنجەکان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقاوە بۆ کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەت بگوازرێنەوە، چاوەڕێش دەکرێ ئەو ناوچانە سەرچاوەی هێرشەکانی داهاتوو بن.

میرۆنۆڤا لە راپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە گەرمەی شەڕی نێودەوڵەتی دژی داعش لە عێراق و سووریا، هاووڵاتیانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو لە وڵاتانی جیاجیادا هێرشیان دەکرد، لەوانەش هەردوو هێرشەکەی نیویۆرک و ستۆکهۆڵم لە 2017 کە لەلایەن خەڵکانی بە رەچەڵەک ئۆزبەکەوە کرابوون، هەروەها هێرشەکەی 2016ی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئیستانبووڵ و هێرشەکەی سەر یانەی شەوانەی ئیستانبووڵ لە 2017.

راپۆرتەکە ژمارەیەک هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی هێرشەکانی جیهادییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەخاتەڕوو، یەکەم هۆکاریش ئەوەیە جیهادییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سێ ساڵی رابردوودا ئەوەندەی سەرقاڵی شەڕەکانی سووریا و عێراق بوون، ئەوەندە دەرفەتی ئەوەیان نەبووە بیر لە هێرش بۆ پایتەختەکانی ئەورووپا بکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە شەڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە هۆی ئەوەی ئەو جیهادییانەی پێشتر فۆکەسیان لەسەر کێشە نێوخۆییەکانی وڵاتەکانی خۆیان بوو بێنە نێو تیرۆریزمی جیهانییەوە.

ئامارەکانی گروپی سۆفان بۆ لێکۆڵینەوە لە تیرۆر و رەوتە جیهادییەکان ئەو لێکدانەوەیە پشتڕاست دەکەنەوە. تاوەکو کۆتایی 2017، زیاتر لە 8700 چەکداری بیانی لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووەوە روویان لە سووریا و عێراق کردووە، لە کاتێکدا لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە 7054 چەکدار هاتوونەتە ئەو دوو وڵاتە. ئەزموونی "کۆچ" بەرەو عێراق و سووریا نەک هەر روانگەیەکی جیهانی بەو جیهادییانە داوە، بەڵکو دەرفەتی ئەوەشی پێبەخشیون بۆ یەکەمجار بەرەنگاری هێزەکانی ئەمریکا و ناتۆ ببنەوە و وڵاتانی رۆژئاوایی وەکو ئامانجی هێرشەکانی خۆیان ببینن.

ئەحمەد چەتایەڤ، ئەندامی داعش و پلاندارێژەری هێرشەکەی سەر فرۆکەخانەی ئیستانبووڵ، ماوەیەکی زۆر بوو لە عێراق و سووریا خەونی بە هێرشێک لەدژی دامەزراوەکانی وڵاتانی رۆژئاواوە دەبینی. چەند مانگێک پێش هێرشەکەی ئیستانبووڵ، چەتایەڤ لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئیسلام عەتابایەڤ، چەکدارێکی دیکەی داعش، باس لە پلانێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کۆنسوڵخانەکانی ئەمریکا لە تورکیا و جۆرجیا دەکات.

میرۆنۆڤا ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە سەنگ و بڕواپێکراوێتی پاسپۆرتی کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت وایکردووە جیهادییەکانی ئەو ناوچانە زۆر ئاسانتر لە جیهادییەکانی عێراق، سووریا و یەمەن سەردانی وڵاتانی دیکەی جیهان بکەن، لەوانەش وڵاتانی رۆژهەڵات و باشووری ئاسیا.

ئامادەکاری راپۆرتەکە لە تەمووزی 2018 و لە کەمپێکی ئاوارە موسوڵمانەکانی بۆرما لە بەنگلادیش چاوی بە دوو گروپی ئیسلامی کەوتووە کە لە قەوقازەوە هاتبوونە کەمپەکە، سەرکردەی یەکێک لەو دوو گروپە بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پەیوەندیی بە گروپێکی چەکداری لە سووریا هەیە و هەوڵدەدات دارودەستەی خۆی بێنێتە بەنگلادیش. ئەم جۆرە هەنگاوانە بە ئاسانی دەتوانن پێناسەی قەیرانێکی نێوخۆیی نێوان موسوڵمانان و بوزییەکانی بۆرما بۆ هەڵمەتێکی جیهانی لەدژی موسوڵمانان بگۆڕن.

لەدوای رووخانی خەلافەتەکەی داعش و لاوازبوونی بەرچاوی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری سووریا، زۆرینەی چەکدارە رووسی زمانەکانی ئەو رێکخراوە نەک هەر دەتوانن بگەڕێنەوە وڵاتەکانی خۆیان، بەڵکو زۆر ئاسانتریش لە چەکدارەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەورووپای داعش خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکانی قەوقاز حەشار بدەن، بەگوێرەی راپۆرتەکە ئەو چەکدارانە "دوور لە چاوی ئەمریکا زۆر ئاسانتر دەتوانن پلانی هێرش دابنێن



خەلافەتەکەی داعش 8700 چەکداری لە کۆمارەکانی پێشووی یەکێتیی سۆڤیەتەوە بۆ هاتبوو

# چین و رووسیا.. دوو دۆستی ناچاری



**رووداو- هەولێر**

کاربەدەستانی ئەمریکی بەشێوەیەکی گشتی پێیانوایە ئەگەری هاوپەیمانیی نێوان چین و رووسیا لاوازە، بەڵام شارەزایان پێیانوایە دوژمنایەتی ئەمریکا و دامەزراندنەوەی جیهانێکی فرەجەمسەر، دەتوانێ پاڵنەرێکی بەهێز بێ بۆ ئەوەی ئەو دوو وڵاتە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ خۆیان لە یەک بەرەدا بیبیننەوە، بە جۆرێک سەر لەنوێ نەزمی جیهانی دابڕێژنەوە.

## دوو دۆستی ناچاری

چین و رووسیا هیچکات دوو دۆستی راستەقینەی یەکدی نەبوون، بەپێچەوانەوە مێژوویەکی دوور و درێژی ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبووە. دیمیتری سیمیس، لێکۆڵەر و سەرۆکی ناوەندی بەرژەوەندیی نیشتمانیی ئەمریکا، لە وتارێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چین دەیەوێ بە چاوێکی بچووکەوە سەیری "ئابووریی بچووکتری رووسیا"، "ژمارەی کەمتری دانیشتووان" و "بێتوانایی رووسیا لە پەرەپێدانی ناوچەکانی سیبریا" بکات، هاوکاتیش چینییەکان پێیانوایە کولتووری رووسیا (بە پێچەوانەی کولتووری چین) درێژکراوەی کولتووریی رۆژئاوایە.

لە لایەکی دیکەوە رووسەکانیش حەز ناکەن زۆر بە شان و باڵی سەرکەوتنەکانی ئەمدواییەی چیندا هەڵبدەن کە بەرهەمی وەرگرتنی سیاسەتی ئابووریی رۆژئاوایە (واتە بازاڕی ئازاد) بێ پەیڕەوکردنی بنەما دیموکراتیکەکانی حوکمڕانی. مۆسکۆ دڵگرانیشە بەوەی کۆمپانیا چینییەکان تاوەکو ئێستاش لە ترسی سزاکانی ئەمریکا و ئەورووپا ناوێرن لە رووسیا وەبەرهێنانێکی ئەوتۆ بکەن، لە کاتێکدا کریملینیش نایەوێ وڵاتەکەی ببێ بە بازاڕێکی گەورە بۆ کاڵاکانی چین، هەرچەند ئێستا چین گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی رووسیایە.

سیمیس پێیوایە ئەم ناکۆکییانەی نێوان مۆسکۆ و بەیجینگ نابێ وەها لە ئەمریکا بکەن "لە خۆی دەربچێ"، لەبەر ئەوەی: "بەدرێژایی مێژوو زۆربەی هاوپەیمانێتییەکان لەسەر پێویستیی هاوبەش دامەزراون، نەک خۆشەویستی دوولایەنە". وەکو چۆن لە ساڵانی شەڕی جیهانی یەکەمدا ئەوەی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیمپراتۆریەتی رووسیای لەسەر یەک مێز کۆکردەوە بەها هاوبەشەکان نەبوو، بەڵکو پێویستیی بەرەنگاربوونەوەی ئەڵمانیا بوو.

## ئەمریکا دوژمنی هاوبەش

لە کاتی دەسەڵاتی ریچارد نیکسن لە حەفتاکانەوە هەوڵی سەرەکی کۆشکی سپی بۆ ئەوە بووە لە رێگەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین رێگە لە نزیکبوونەوەی بەیجینگ لە مۆسکۆ بگرێ. ئێستا هەردوو وڵاتەکە هەنگاوەکانی ئەمریکا لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان وەکو هەوڵێک بۆ لێدان لە بەرژەوەندیی ئەمنی، سیاسی و ئابووریی خۆیان دەزانن، بەڵام جیاوازی قۆناغی ئێستا لەگەڵ سەردەمی جەنگی سارد ئەوەیە کە ئەمجارەیان چین پێشەنگی بەرەی دژی رۆژئاوایە و رووسیا شوێنکەوتووە.

گراهام ئەلیسن، ...، لە وتارێکی گۆڤاری (ناشناڵ ئینترست)ی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەگەر سەردەمانێک نیکسن هەوڵی یاریکردن بە "کارتی چین"ی دابێ لە دژی یەکێتیی سۆڤییەت، ئەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بپرسین "ئاخۆ چین یاری بە کارتی رووسیا دەکات؟". لە کاتێکدا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، دەیەوێ وەهای پیشانبدات کە نەیاری ستراتیژی وڵاتەکەی چینە نەک رووسیا. لە دۆخێکی وەک ئێستارچین وەک زلهێزێکی ئابووری دەیەوێ رووسیای وەک زلهێزێکی ئەتۆمی لەگەڵ بێ، بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێزی لەگەڵ ئەمریکادا بپارێزێ.

نزیکبوونەوەی رووسیا و چین لە گوتار و هەڵسوکەوتە دیپلۆماسییەکانی سەرکردەی هەردوو وڵاتەکەشدا دەردەکەوێ. ڤلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیار"مەدالیای دۆستایەتی"ی چینی پێبەخشراوە، شی

ڕۆژانی سێشەممە لە سەیدنایە مەرگ دەبارێ

# ڕژێمی سووریا بەندکراوە سیاسییەکان لەکۆڵ دەکاتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا خەریکە دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا دەگرنەوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزیسیۆندا بوون، لە هەمانکاتدا دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمیش دەستیان بە کوشتنی بەندکراوە سیاسییەکان کردووە، لە کاتێکدا دادگاکانی ئەو وڵاتەش پرۆسەی دەرکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی خێراتر کردووە.

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی لەگەڵ دەیان گیراوی بەندکراوی گرتووخانەی سەربازیی سەیدنایەی سووری قسەی کردووە، هەمووشیان باس لەوە دەکەن حکومەت هەڵمەتێکی پاکتاوی گیراوە سیاسییەکانی دەستپێکردووە. بەندکراوەکان باس لەوە دەکەن هێزە ئەمنییەکان لە هەموو گرتووخانەکانی سووریاوە بەندکراو دەگوازنەوە بۆ سەیدنایە و لەوێ لە ژێرزەمینەکان لە سێدارەیان دەدەن، ڕەوتی خێرا و بەرفراوانی لە سێدارەدانەکانیش وای کردووە ژمارەی بەندکراوەکانی گرتووخانەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبێتەوە.

ژمارەیەک لەوانەی کە ئازادبوون دەڵێن کەسوکاریان دەیان هەزار دۆلاریان بە دەزگا ئەمنییەکان داوە بۆ ئەوەی ئازاد بکرێن، دوو لەو کەسانەش کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو جار لەو دادگایانە بوون دەڵێن هەڵسوکەوتی بەرپرسانی دادگای سووریا لە جاران توندتر بووە و خێراتر لە جاران حوکمی سزای لەسێدارەدان بۆ گیراوەکان دەردەکەن.

یەکێک لەو شایەتحاڵانە دەڵێ: "جاری دووەم کە بردیانم بۆ دادگا، یەک تۆز دڵنەرمیم لێیان نەبینی. دەتوانم بڵێم هەموو ئەوانەی دەچنە ئەو ژوورە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەردەچێ کە هەموو جارێکیش بە دەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە". هەروەها دەڵێت: "زۆر کەس پێش ئەوەی هیچ سزایەکیان بۆ دەربچێ بەهۆی بەدخۆراکی، نەبوونی دەرمان، ئەشکەنجە و دەستدرێژی فیزیکی یان ڕووخانی دەروونییەوە دەمردن".

حکومەتی سووریا لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی ڕەتکردووەتەوە کە باس لە ئەشکەنجە و کوشتنی بەندکراوەکان دەکەن، بەڵام وێنەی سەتەلایتی گرتوخانەکە کە دەست (پۆست)ی ئەمریکی کەوتوون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لە ڕۆژانی سەرەتای ئاداری 2018 ژمارەیەک کەرستەی درێژ لە گرتووخانەکە بەدی دەکرێن. هەرچەند وێنەی سەتەلایت جێگەی متمانە نییە، بەڵام ئیزاک بەیکەر، شارەزای لێکدانەوەی وێنەکانی سەتەلایت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو وێنانە لەگەڵ "لێدوانی بەندکراوەکانی پێشووی گرتووخانەی سەیدنایا یەکدەگرنەوە".

پاش زیاتر لە حەوت ساڵ لە دەستپێکی قەیرانی سووریا، چارەنووسی 100 هەزار بەندکراو دیارنییە، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ڕێی تێدەچێ هەزاران کەس لەو بەندکراوانە کوژرابن. هەر چەند هەموو بەندکراوەکان لە لایەن حکومەتی سووریاوە دەستگیرنەکراون و گروپەکانی دیکەی بەشدار لە شەڕی نێوخۆی سووریاش پشکیان هەیە، بەڵام تۆڕی مافەکانی مرۆڤی سووریا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پشکی ڕژێم لە بەندکردن و شوێنبزرکردن 90%.

(واشنتن پۆست) لەگەڵ 27 بەندکراوی پێشووی گرتووخانەی سەیدنایە قسەی کردووە کە گروپەکانی مافەکانی مرۆڤ ناسنامەکەیان پشتڕاست دەکەنەوە، زۆربەیشیان ئێستا لە تورکیا، لوبنان، عێراق و ئەڵمانیا دەژین و هەندێکیشیان هەر لە سووریا ماونەتەوە. یەکێک لە شایەتحاڵەکان بە ناوی محەممەد، تەمەن 28 ساڵ، دەڵێ "لە سەیدنایە ناتوانیت بیر لە هیچ شتێک بکەیتەوە، تەنانەت ناتوانیت لەگەڵ خۆیشت قسە بکەیت، لەوێ تەنیا لێدان ئەشکەنجە نییە، بەڵکو بێدەنگیش ئەشکەنجەیە".

محەممەد گیراوەکانی سەیدنایە بە "ئاژەڵی ناو قەفەس" وەسف دەکات و دەڵێ "هەندێکیان لەڕووی ڕوحییەوە تەواو ڕووخاون، ئەوانی دی شێت بوون. لای ئەوان مەرگ لوتفە و ئەوە تاکە شتێکە کە چاوەڕێی دەکەن".

هەرچەند لە سەیدنایە مەرگ ڕۆژ ناناسێ، بەڵام زۆربەی ئەو شایەتحاڵانەی قسەیان بۆ (پۆست) کردووە کۆکن لەسەر ئەوەی سێشەممە ڕۆژی مەرگ و ئەشکەنجە بووە. یەکێک لە بەندکراوانی پێشووی گرتووخانەکە دەڵێ: "کاتێک لە دەرگا ئاسنینەکەیان دەدا و داوایان دەکرد هەموومان ڕوو لە دیوار بکەین، دەمانزانی بۆچی هاتوون. لەو کاتەدا ئێمە لەوێ دەوەستاین و نزامان دەکرد ئێمە بانگ نەکەن".

محەممەد یەکێک بووە لەوانەی کە لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا ناوی خوێندرابووەوە و ڕوانەی ژێرزەمینی سەیدنایە کرابوو. بەڵام ئەو لە ژێرزەمینەکە تەنیا نەبوو، بەڵکو خەڵکانێکی دیکەش هاواریان دەکرد. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە هەموو بەندکراوەکان ڕووت دەکرانەوە و ڕەوانەی ژوورێکی قەرەباڵغ دەکران و بۆ یەک هەفتە لەوێ ڕادەگیران. حەسەن، تەمەن 29، یەکێکی دیکە لەوانەیە کە ئەزموونی گواستنەوە بۆ ژێرزەمینی هەیە و دەڵێ "ئەوێ تاریک بوو، ترس لە دەموچاوی هەموومان نیشتبوو. لە پڕ هەموومان وازمان لە قسەکردن دەهێنا".

ئەوانەی کە دەبووایە لە سێدارە بدرێن لە بەندکراوانی ناو ژێرزەمینەکەوە هەڵدەبژێردران، بەڵام حەسەن و محەممەد دوو لەو کەسانە بوون کە ناویان نەخوێندرابووەوە، دواتریش زانیبوویان خێزانەکانیان هەزاران دۆلاریان بە خەڵکانی "نێوەندگیر" داوە بۆ ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانەکەیان جێبەجێ نەکرێ و ئازاد بکرێن.

پرسی گیراوە سیاسییەکان یەکێک لە خاڵەکانی دانوستاندنی نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی سووریا بووە، بە تایبەتیش لە دانوستاندنەکانی ئاستانە کە تێیدا هەر یەک لە ڕووسیا، ئێران، تورکیا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوخۆی سووریا دەدەن.

مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوو، نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بڕیاری بە لێشاوی لە سێدارەدان لەلایەن حکومەتی سووریاوە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی حکومەت بیر لە قۆناغی دوای تەواوبوونی شەڕەکە دەکاتەوە. هانی مێگالی، بەرپرسی بەدواداچوونەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سووریا بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاند "خەڵک زانیارییان دەوێ لەسەر ئەوەی چی بەسەر کەسوکاریان هاتووە، بۆچی گیراون و لە کوێ یان تەرمەکانیان لە کوێیە؟".

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئێنتەرناشناڵ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پاش لە سێدارەدان، تەرمی کەسەکە یەکسەر سواری ئوتۆمبێل یان بارهەڵگرێک دەکرێ و بۆ نەخۆشخانەیەکی سەربازی دەگوازرێتەوە بۆ ئەوەی ناوی لەوێ تۆمار بکرێ، دواتریش لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا دەنێژرێن.

حەسەن کە لە سەرەتای ساڵی ڕابردووەوە لە تورکیایە، تاوەکو ئێستاش کابووس دەبینێ و شەوان لە گەرمەی خەودا هاوار دەکات. وەکو خۆی دەڵێ "بیرەوەرییەکانی سەیدنایە بە ئاسانی لەبیر ناکرێن. زۆربەی هاوڕێکانم کوژراون و ئێستا بیر لەو خەڵکانە دەکەمەوە کە تاوەکو ئێستاش لەوێ ماونەتەوە".


وێنەی سەتەلایتی زیندانی سەیدنایە لە سووریا

ش و قاعیدەدایە



سیستەمە ئاسانتر بکات.

ئەمریکا لە ساڵی 2014ەوە دەستی بە پرۆگرامێکی نوێ کردووە بۆ پاراستنی تانک و بارهەڵگرە سەربازییەکان، بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو پرۆگرامەیان بەرهەمدارە. بەڵام سەرەڕای ئەو چارەسەرە خۆماڵییە، سوپای ئەمریکا تاوەکو ئێستاش پشت بە سیستەمی بەرگریی دەرەکیی دەبەستێ، بە تایبەتیش ئەوانەی لە ئیسرائیل بەرهەمدەهێنرێن.

## تیرۆر

و جێبەجێیان بکەن". لە کاتێکدا ناڕەزایەتی خەڵکی ئەو ناوچانە لە حکومەتەکانیان دەرفەتی ئەوە بۆ جیهادییەکان دەرەخسێنێ سەرنجی خەڵک رابکێشن.

گۆڕانی لانکی تیرۆریزم و تەحەدا نوێیەکان

گۆڕانی جوگرافیای تیرۆر پێویستی نوێش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ کە هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەوە هەیە. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات حکومەتەکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش ئەمریکا، لە دوو دەیەی ڕابردوودا دەزگای زەبەلاحیان لەسەر بنەمای بەرەنگاربوونەوەی "تیرۆری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" دامەزراندووە، سەدان ملیۆن دۆلار بۆ دۆزینەوە یان پێگەیاندنی لێکۆڵەری عەرەبیزان خەرجکراوە و تاوەکو ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندکارانەی دەیانەوێ لەبواری تیرۆردا کار بکەن عەرەبی دەخوێنن و ژمارەیەکی زۆر کەمیان بایەخ بە ڕووسی دەدەن.

بەڵام بەرەنگاربوونەوەی گروپە توندئاژۆکان لە قەوقاز و ڕووسیا پێویستی بە هاوکاریی هەواڵگریی توندوتۆڵ لە نێوان دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیاش هەیە، ئەمەش پێش هەموو شتێک وەها دەخوازێ گرژییە سیاسییەکانی نێوان واشنتن و مۆسکۆ هێورتر ببنەوە. بۆ نموونە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرکەوتنی گەورەیان لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گروپە جیهادییەکان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستهێناوە. بەڵام لە ڕووسیا و قەوقاز تۆڕی کۆمەڵایەتیی دیکەی وەکو (OK) و (VK) هەن کە هەم جەماوەرێکی زۆریان هەیە و هەمیش ئەمریکا دەسەڵاتی بەسەریانەوە نییە.

ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە پێیوایە بەشێک لە کێشەی داهاتووی هاوکارییەکانی ئەمریکا لەگەڵ ڕووسیا و وڵاتانی قەوقاز پەیوەندی بە کواڵێتی و بێلایەنی سیاسی کاری هەواڵگرییەوە هەیە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆر لەوانەی لەو وڵاتانە خراونەتە لیستی تیرۆرەوە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنن، لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لەوانەی تیرۆریستی ناسراون ناویان نەخراوەتە لیستی تیرۆرەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "کاری هەواڵگری لەو ناوچەیە بە سیاسی کراوە و ئەستەمە بزانرێ ئەمریکا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەدا بکات".

ڤێرا میرۆنۆڤا جەخت لەوە دەکاتەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەبووایە ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بەو ڕاستییەیان زانیبا کە هێرشەکانی داهاتوو ئەوەندەی لە کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەتەوە دەبن هێندە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە پلانیان بۆ دانارێژرێ، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییەش هیچ ڕێگەیەک نییە جگە لەوەی "لەگەڵ ڕووسیا و دراوسێکانی هاوکاری بکرێ".


"مەینەتی" بەدەست دوژمنی هاوبەش کە ئەمریکایە پاڵنەرێکی سەرەکیی نزیکبوونەوەی چین و ڕووسیایە

جینپینگ، سەرۆککۆماری چینیش هاوتا ڕووسییەکەی خۆی بە "باشترین هاوڕێی نزیک"ی خۆی وەسف دەکات و پەیوەندییەکانی ڕووسیا و چین بە "گرنگترین پەیوەندیی دوولایەنی وڵاتان وەسفدەکات" تەنانەت پوتین هەتا ئەو شوێنەش چووە کە بڵێ وڵاتەکەی ئامادە نییە لە پرسی "سەرکردایەتیی جیهان"دا ململانێی چین بکات.

ئەڵیسن لەسەر زاری بەرپرسانی ئاسایشی نیشتمانی ڕووسیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕووسیا و چین خەریکی دامەزراندنی "هاوپەیمانێتییەکی سەربازی"ن، ئەوچەکانەش کە ساڵانێکی زۆر ڕووسیا ئامادە نەبوو بە چینیان بفرۆشێ، ئێستا نەک هەر دەیخاتە بەردەستی چین، بەڵکو هەوڵێکی هاوبەش بۆ دروستکردنی کەرستەی هاوەنی دوورهاوێژ لە نێوان هەردوو وڵاتدا دەستپێکردووە. مانۆڕە سەربازییە هاوبەشەکەی چین و ڕووسیا لە ئەیلوولی 2017ش گەورەترین هەوڵی سەربازیی هاوبەشی دوو وڵاتەکە بووە لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت.

هەردوو وڵات لە ئاستی دیپلۆماسی نێودەوڵەتیشدا هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی یەکدی دەدەن، بۆ نموونە چین و ڕووسیا لە ٪98ی ئەو بڕیارانەدا هاوڕا بوون کە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا خراونەتە دەنگدانەوە، لە ساڵی 2007یشەوە ڕووسیا پشتگیری لە هەموو ڤیتۆکانی چین کردووە.

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە ڕووسیا خەریکە بەرەبەرە لەڕووی ئابووریشەوە پشت بە ڕۆژهەڵات ببەستێ، لە کاتێکدا ئێستا چین لە شوێنی ئەمریکا و ئەڵمانیا بووە بە گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی ڕووسیا، ئێستا چین گەورەترین کڕیاری نەوتی خاوی ڕووسیایە و لە ساڵی 2019شدا دەبێ بە دووەم گەورەترین کڕیاری غازی سروشتیی ڕووسیا.

سێرگێی کاراگانۆڤ، سەرۆکی شانازیی ئەنجوومەنی سیاسەتی دەرەوە و بەرگریی ڕووسیا دەڵێت: "دیاردەی بە ڕۆژئاواییکردنی ڕوانگەکان شتێکە پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە. ئێستا وای لێهاتووە کە ئەگەر چاوت لە داهاتوو بێ دەبێ بایەخ بە ڕۆژهەڵات بدەیت".

ئەلیسن پێیوایە "مەینەتی" بەدەست دوژمنی هاوبەشەوە پاڵنەرێکی سەرەکیی لێکنزیکبوونەوەی هەردوو زلهێزەکەیە، چونکە لە ڕوانگەی پوتینەوە ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت گەورەترین کارەساتی سەدەی بیستەم بووە و ئەمریکا هۆکاری کارەساتەکەیە، لە کاتێکدا جینپینگیش پێیوایە سەردەمی نەهامەتی چین کاتێک کۆتایی هات کە کۆمۆنیستەکان بەسەر ناسیۆنالیستەکانی چیندا سەرکەوتن کە حکومەتی چین پێیوابوو ئەمریکا و ڕۆژئاوا پشتگیرییان لێدەکات.

دیمیتری سیمیس پێیوایە تاوەکو ئێستا دیار نییە ئاخۆ هەڵوێستی چین چی دەبێ ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکادا ڕووبدات، بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە چین بەرژەوەندی گەورەی ئابووری لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە نزیکبوونەوەی مۆسکۆ و بەیجینگ، ورەیەکی زیاتری بە حکومەتی ڕووسیا داوە بۆ ئەوەی لە ناوچە و بوارە جیاجیاکاندا تەحەدای ئەمریکا بکات.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بەرپرسیارێتی یەکێتی لە مەسەلەی کەرکووکدا

16ی ئۆکتۆبەر لە چرکەساتی ڕوودانییەوە تا کورد بمێنێ، وەک پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی (ی.ن.ک)دا باس دەکرێت. لەکاتێکدا یەکێتی وەک حیزب نەیکردووە، هیچ ناوەندێکی ئۆرگانی حیزبیی یەکێتی بەشێک نەبووە لە بڕیاردان لەو ڕووداوە. ئەو قسەوباسانەش لە دوای ڕووداوەکەوە دەکران بۆ سەپاندنی بەسەر سەرکردایەتی یەکێتیدا وەک بەشێک لە بڕیارەکە، بۆ پینەکردنی ئەوە بوو کە گوزەشت.

عەرابەکانی 16ی ئۆکتۆبەر لە دەرەوەی یەکێتی بوون و بە بەکاربردنی خەڵکانێکی ناو یەکێتی، ئۆباڵی تاوانەکەیان خستە ملی یەکێتی و بەشێک لە ئامانجەکەش بە قوربانیکردنی یەکێتی و بە ئامانجگرتنی کەسی یەکەمی یەکێتی (کۆسرەت ڕەسوڵ) بوو. بەڵام ئەم قسانە بۆ مێژوو نایخوات، مەگەر ڕۆژێک ئەوانەی لەپشتەوە ئاراستەی ڕووداوەکانیان دەکرد و 16ی ئۆکتۆبەریان خوڵقاند، ئازایەتی ئەوەیان هەبێت لە یاداشتەکانیاندا ڕاستییەکان بنووسنەوە، ئەگینا بۆ هەتاهەتایە وەک شەرمەزارییەک لەسەر یەکێتی حساب دەکرێت.

سەربارى ئەوەی ئەم ڕووداوە یەکێتیی دابەش کردە سەر دوو بەرە، بەڵام لە دوای ڕووداوەکەوە هەردوولایان یەک ئامانجیان هەبوو، ئەویش پاککردنەوەی یەکێتی بوو لەو هەڵە ستراتیژییەی مەسەلەی کەرکووکی لە دەستی کورد دەرهێنا. ئەوانەی دژی 16ی ئۆکتۆبەر بوون وەک لە بەیاننامەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ و مەلا بەختیار و لێدوانی فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە و بەشێک لە سەرکردەکانی یەکێتیدا ڕوون دەکرایەوە، ئەوە بوو کە بێ ئاگاداری یەکێتی چەند کەسێک بەو کارە هەستاون. (ئۆکتۆبەرچییەکانیش) نەک قبوڵیان نەبوو وەک خەتایەک باس لەو ڕووداوە بکرێت، بەڵکوو تا ماوەیەکی زۆریش دەیانویست وەک دەستکەوت و شانازی بۆ یەکێتی لە قەڵەمی بدەن بەوەی کەرکووکیان پاراستووە. واتا هەردوو بەرەکە مەبەستیان بوو یەکێتی بێ خەتا دەربکەن لەم ڕووداوە.

بەڵام ئەوەی ئێستا وەک دەرئەنجامی سەرەتایی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەرکەوتوون، دۆخێکە لە ئێستادا بۆ کورد خراپ و بۆ ستراتیژی نەتەوەیی کوردیش هەڕەشەئامێزە. یەکێتی کە دەیویست ڕووداوەکان بە ئاقارێکدا نەڕوات وەک خیانەتی نیشتمانی تەماشای 16ی ئۆکتۆبەر بکرێت، پێویست بوو هەموو هەوڵەکانی بۆ ئەوەبێت سیمای داگیرکاری بەسەر کەرکووکدا نەسەپێ. ئەوەی پارتی لەیەکەم ڕۆژەوە وەک شارێکی داگیرکراو ناساندی. دەبوو ئۆکتۆبەرچییەکانی ناو یەکێتی کە وەک حەلیفی ئەو هێزە دەرکەوتن دەستی بەسەر کەرکووکدا گرت، ئەوەیان لەگەڵ بڕاندایەتەوە کە ئیدارەی شارەکە لە دەستی یەکێتیدا بهێڵنەوە، تاهیچ نەبێت کێشەکە وەک بەشێک لە ململانێی نێو ماڵی کورد و ناکۆکیی پارتی و یەکێتی وێنا بکرایە، وەک چۆن پارتی لە 31ی ئاب وایکرد، بەهێزی عێراق هەولێری لەژێر دەستی یەکێتی دەرهێنا و هاوسەنگیی هێزی بە قازانجی خۆی گۆڕی. ئەوانەی لەناو یەکێتی لەو پرۆسەیەدا بەکاربران، دەبوو ئەوەندەیان بۆ یەکێتی بکردایە تا بۆ مێژوو بەرپرسیارێتی لەدەستدانی خاک و شکستی پرۆژەی نەتەوەیی کوردیان نەکەوتایەتە ئەستۆ. کەرکووک لەدەستی یەکێتیدا بمایەتەوە هاوسەنگیی هێز بۆ هەرێمی کوردستانیش دەگەڕایەوە. بەڵام ئەمەیان نەکرد و کەرکووکیان خستە ناو قوڕگی شێرەوە.

ئێستا ئەوانەی دژی ئەوە بوون کەرکووک بەو جۆرە وێنا بکرێت کە لەژێر هەژموونی داگیرکاریدایە و ڕۆژانە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد کە کەرکووک ڕزگار کراوە لەدەستی (مافیای نەوتدن) و بەشان و باڵی قۆناغی دوای 16ی ئۆکتۆبەریاندا هەڵدەدا، خۆیان هاواریان لێهەستاوە کە پرۆسەی تەعریب خەریکە بیناقاقامان دەگرێت و بانگەواز بۆ بە هاناوەچوونی کەرکووک دەکەن. بەڕاستیش کەرکووک لەژێر هەڕەشەی گەورەدایە، پێویستیشە کورد وەک نەتەوە بەفریای کەرکووک بکەوێت و بیر لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە و دەروازەی ڕزگارکردنی کەرکووک بکەنەوە لەو دۆخەی تێیکەوتووە.

یەکێک لەو ڕێگایانەی ئەمڕۆ لە پرۆسەی زاڵکردنی هەژموونی عەرەب لەسەر کەرکووک بەکار دەبرێت، ئیدارەی شارەکەیە. پۆستی پارێزگار کراوەتە ئامرازێک بۆ تەشەیوع و بۆ تەعریب. ئەگەر سیاسەتەکە ناوەندیش بێت و بەشێک بێت لە ستراتیجی بەغدا، بەڵام پارێزگار کراوەتە ئامرازی جێبەجێکردن. واتا ئەگەر پارێزگار کەسێک بووایە ئامادەیی ئەو بەئامرازکردنەی نەبووایە، بەدڵنیاییەوە دۆخی کەرکووکیش بەو جۆرە نەدەبوو. بۆیە گرنگ بوو کورد ئەو ئاسانکارییەی نەکردایە بۆ تەعریبی شارەکەی خۆی و ئەو پۆستەی لەسەر سینییەکی زێڕ بۆ عەرەب جێنەهێشتایە کە پشکی کوردە. هەرکاتێکیش کورد ڕێکارە یاساییەکان بگرێتەبەر بۆ دانانی پارێزگارێکی کورد، زۆر بە ئاسانی دەتوانێ. پرسیار ئەوەیە ئەی بۆچی ئەوە ناکات؟

لە دەرەوەی عاتیفە و تۆمەتبارکردنی یەکتری، ئەگەر لە هاوکێشەکان و واقیعی کەرکووک بڕوانین، ئەوکاتەی پارێزگاری کەرکووک لادرا، هێشتا ئەنجوومەن کارا بوو، ناکۆکی ئەوتۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی نەبوو، ئەگەر یەکێتی بڕیاری بدایە لەسەر کارەکتەرێکی گونجاو، بەزوویی و دوور لە هیچ کێشەیەک پارێزگارێک دادەنرا، بەڵام ناکۆکیی ناو یەکێتی و تێڕوانینی جیاجیا بۆ بڕیاری لابردنی پارێزگار، پۆستەکەی بەو جۆرە هێشتەوە. تەنانەت دوای 16ی ئۆکتۆبەر و بایکۆتی پارتیش، عەرەب و تورکمان ئامادەییان هەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی پارێزگار و دانانی پارێزگارێکی کورد، ئەگەر یەکێتی مکوڕ نەبووایە لەسەر سەپاندنی کەسێک بۆ پارێزگار کە بەشێکی یەکێتی و حیزبە کوردییەکانی تر و پێکهاتەکانیش قبوڵیان نەبوو، ئەوکاتیش بە ئاسانی پارێزگارێکی کورد دەستبەکار دەبوو، بەڵام عینادی یەکێتی وایکرد تورکمان و عەرەب پاشەکشە بکەن لە کاراکردنەوەی ئەنجوومەن بە قازانجی یەکێتی. ئیتر لەوکاتەوە پۆستی پارێزگار بەچۆڵی مایەوە و لەلایەن جێگری پارێزگار بە وەکالەت بەڕێوەدەچێت و خستوویەتییە خزمەتی بەعەرەبکردنەوە. بە ئەندازەیەک کار گەیشتووەتە ئەوەی هێز بەکاربەرێت بۆ لادانی بەڕێوەبەرە کوردەکان لە فەرمانگەکان و دەرکردنی جووتیاری کورد لەسەر زەویوزارە کشتوکاڵییەکانیان و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنیان.

ئێستا دوو ڕێگە لەبەردەم یەکێتیدایە بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەکە، یان لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوێت بۆ کاراکردنەوەی ئەنجوومەن و دانانی پارێزگار کە پارتی زۆرینەی لیستی برایەتییە تیایدا و ئەوەش مەعلومە کە یەکێتی پارێزگار نادات بە پارتی، پارتیش ڕایانگەیاندووە کە ئامادەنین پارێزگار بدەن بە یەکێتی. یان لەگەڵ عەرەب و تورکمان ڕێکبکەوێت بۆ هەمان ئامانج. عەرەب و تورکمان درک بە ناتەبایی ناوماڵی کورد دەکەن و ئەوەیان قۆستۆتەوە، بە مەرجی زۆر قورس نەبێ پارێزگار نادەنەوە بە کورد. کەواتا چارەسەر چییە بۆ دانانی پارێزگارێکی کورد؟ بەرپرسیارێتی یەکێتی ئەوەیە دەستبەرداری ئەو ئینکارییەی بێت کە هەر دەبێ پارێزگار یەکێتی بێت، لەکاتێکدا پارێزگار لەناو ئەنجوومەن دادەنرێت و ئەندامانی یەکێتی لە پارتی و لە عەرەب و تورکمانیش کەمترن.

ئەگەر کوردێکی بێلایەنی وەک بەختیار ئەمین بۆ ئەم قۆناغە بکرێتە پارێزگار کە لەئاستی نێودەوڵەتی و لە عێراقیش لەلایەن پێکهاتەکانی کەرکووکەوە پەسەند کراوە، بۆ پێتناوایە بەئەندازەی کادرێکی حیزبی باش نییە؟ کەرکووک دەیان کادری ئیداری و خەڵکی دڵسۆزی تێدایە لە هەموو بەرپرسانی ئەو دوو حیزبە لە کەرکووک دڵسۆزترە بۆ شارەکەی، بەڵام دیارە شێوەنەکە بۆ حوسێن نییە، ئەوەندەی بۆ هەریسەکەیە.



عرفان عەزیز عەزیز

# قۆناغێکی نوێی سیاسی لە ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی

هەر ئەوکات، واتە لە ساڵی (2007) کە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرا، بۆچوونم وابوو کە دەبێت ئەم ڕێککەوتنە خاڵێکی تێدابێت: (بەپێی ئەو خاڵە: ئەم ڕێککەوتنە لە قۆناغی گۆڕانکاری سیاسی لە کوردستان و ناوچەکە دەسکاری بکرێت). چونکە ڕاستە ئەو کاتەی ئەم ڕێککەوتنە کرا پارتی و یەکێتی هێزی زۆرینە بوون لە کوردستان و گۆڕانکاری ناوچەکەش بەم شێوەی ئێستا نەبوو، بەڵام دوای ڕێککەوتنەکە زۆر گۆڕانکاری ڕوویاندا کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان کردە سەر پێکهاتەی ڕێککەوتنەکە، بەتایبەت دووڵەتبوونی یەکێتی و (هاتنی بەهار و پایزی عەرەبی) و هاتنی داعش و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لە کوردستان، بۆنموونە ڕەنگ بێت پرسیاری ئەوە بکرێت کە بەهاری عەرەبی چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕێککەوتنەکە هەبوو؟ لەڕاستیدا تێڕوانینی پارتی و یەکێتی بۆ پرسی ڕۆژئاوای کوردستان جیاواز بوو، هەرئەمەش بوو وای کرد لە دەرەوەی ڕێککەوتنی (ستراتیژی) زۆر هەنگاو نران باش نەبوون، چونکە لە ئەنجامی بەهاری عەرەبی ڕژێمی سووریا نیوەی دەسەڵاتی لەدەستدا و خۆیشی ناوچە کوردییەکانی ڕادەستی (پەیەدە) کرد کە دەرهاوێشتەی ئەو بەهارە بوو، ئەوکاتەی ڕێککەوتنی (هەولێر 1 و هەولێر 2 و دهۆک) کرا لەنێوان (ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) و تەڤگەری ئازادی دیموکرات (تەڤدەم)). لەسەر پرسی ڕۆژئاوای کوردستان، نەمانبینی یەکێتی بەپراکتیکی پشتیوانی ڕێککەوتنەکە بکات، بەڵکو پشتیوانی ڕاستەوخۆی پەکەکەی کرد تا ئەو کاتەی هەرسێ ڕێککەوتنەکە لەلایەن (پەیەدە)وە پێشێلکرا لەکاتێکدا ئەو کات ڕێککەوتنی ستراتیژی هەڵنەوەشابووەوە، لێرەدا دەرکەوت کە چەند خاڵێک هەبوون لەبیرکرابوون، لەناو ڕێککەوتنی ستراتیژی کە دەبوو کاتی خۆی چارەسەر بکرابایە.

پێش (ڕێککەوتنی ستراتیژی) ساڵی 2006 ڕێککەوتنێکی دیکە کرابوو لە نێوان (پارتی و یەکێتی و حزبی دەعوە و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق) هەرئەوکات دەبووایە هەردوو حزب، بیانزانیایە کە گرنگە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی ڕێکبخەنەوە، ئەگەر ئەوە بکرابایە، ڕەنگ بوو نە بەغدا هێرشی بکردبایەتە سەر کوردستان، نە قووتی خەڵکی کوردستان دەبڕدرا، چونکە دیاربوو کە سەرکردە عێراقییەکان باسیان لەوە دەکرد (هەندێک سەرکردەی کوردستان پێشنیاری لەو شێوەیان داوەتە بەغدا و دەشیانگوت نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن)، ئەم گرفتانە درێژەی کێشا بە پرسی سەرۆک کۆماری ئێستای عێراقیشەوە کە گرفتی لەنێوان پارتی و یەکێتی دروستکردووە.

ئەو دوو مەشهەدەی سەرەوە، نموونەی هەڵکشان و داکشانی کاری سیاسین لە ماوەی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژیەی لە کوردستان کرا، ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە، پارتی و یەکێتی لەبەردەم تەحەدایەکی گەورەدان، دەبێت قەوارەی سیاسی کوردستان بپارێزن، کاری سیاسی لە کوردستان بەبێ هەردوو هێز ئاستەمە، کەوایە (دوو) چارەسەر بۆ پرسی سیاسی ئێستای کوردستان هەیە، یان ئەوەتا ÷ دەبێت ڕێککەوتنی ستراتیژی بەشێوەیەکی نوێ دووبارە دابڕێژرێتەوە، لەنێوان پارتی و یەکێتی. یان دەبێت ڕێککەوتنێکی نوێ بکرێت و هێزی سێیەمیش بەشداری بکات کە ئەویش بزووتنەوەی گۆڕانە، بڕوای من وایە ئەگەر پەلە نەکرێت لەم هەنگاوە دۆخی کوردستان باش نابێت، چونکە متمانە لەنێوان هێزە سیاسییەکان نەماوە، بۆ ئەمەش گرنگە سەرۆک بارزانی پێشنیاری دووبارە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی هەردوو حزب بکات، بەمەرجێک بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دووبارە نوێکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی و (پرسی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا..پێشمەرگە...پرسی پەیوەندی پارچەکانی دیکەی کوردستان... ئێران و تورکیا و وڵاتانی عەرەبی...پۆستە سیادییەکان) لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکە ڕێکبخرێنەوە. کاتێک ئەمانە کران، نە گرفتی پێکهێنانی حکوومەت بەم شێوە دەبێت، نە مامەڵەکردن لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان و بەغداش بەم شێوەی ئێستا دەبێت، ئەمانە پێشنیارن، کام حزب زوو بەدەمیانەوە بچێت ئەوە قازانج دەکات، لە ئاستی جیاوازی سەرکردایەتی یەکێتییەوە دەبیستین کە ئەوان لارییان نییە، بەڵام دەبێت یەکێتی بزانێت کاتێک ئەم ڕێککەوتنە نوێیە واژۆ دەکات، دۆخەکە دۆخی پێش 2007 نییە، ئێستا نە سەنگی یەکێتی وەک جارانە و نە پارتی و یەکێتیش دەتوانن نکوڵی لە بوونی ئۆپۆزسیۆن بکەن لە کوردستان، بە کورتی واژۆکردنی ڕێککەوتن بەرپرسیارێتی دەوێت.

خۆ ئەگەر بکرێت لایەنی سێیەم بێتە ڕێککەوتنەوە (بزووتنەوەی گۆڕان)، هەم پارتی و هەم یەکێتی ئەزموونێکی تاقیکراوەیان لەگەڵ گۆڕان هەیە، پارتی لە ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان بۆ پێکهێنانی حکوومەت لە ساڵی 2014 تاقی کردەوە و باش نەبوو، گۆڕان لەنیوەی ڕێگا پارتی لە حکوومەت جێهێشت و خۆپیشاندانەکانی سلێمانی دۆخی ڕێککەوتنی هەڵوەشاندەوە، یەکێتیش لە ڕێککەوتنی ساڵی 2012 و 2015 واتە (ڕێککەوتنی دەباشان) لەگەڵ گۆڕان ئەزموونێکی تاڵی هەیە، چونکە هیچ یەکێک لە بەند و خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرا و هەڵوەشایەوە، سەرجەم ئەمانە وا دەردەخەن کە گۆڕان لە ڕێککەوتنی سیاسی سەرکەوتوو نەبێت، بەڵام بۆ داهاتوو چۆن دەبێت ئەوە گۆڕان خۆی دەبێت وەڵام بداتەوە.

لەبارەی بەغداشەوە من باوەڕم وایە کە یان دەبێت ئەم پرسە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی چارەسەر بکرێت، یان ڕێککەوتنێک لەنێوان حزبەکان بکرێت لەوبارەوە. خۆ ئەگەر بکرێت ڕێککەوتنی 2006 لەنێوان پارتی و یەکێتی و دەوڵەتی یاسا و حزبی دەعوە زیندوو بکرێتەوە بۆ دۆخی ئێستای کوردستان خراپ نابێت و دەکرێت ئەویش گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵام لە هەموو ئەگەرەکاندا ناکرێت بۆشایی سیاسی لە کوردستان دروست ببێت و خەڵکێکی دەرەوەی کوردستانیش ئەو دەرفەتە هەڵقۆزێتەوە، بەتایبەت لەسەر پرسی ڕۆژئاوای کوردستان کە دووجەمسەری دروست کرد.



ئازاد وەلەدبەگی

# کەرکووک لەنێوان بەرداشی پارتی و یەکێتی

بێگومان کێشەی کەرکووک بە جەوهەری کێشەی کورد دادەنرێت لە عێراقدا. بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو کەرکووک گرێکوێرەی چارەسەری کێشەی کورد بووە لەم وڵاتەدا، ڕێکنەکەوتن لەسەر چارەنووس و ئایندەی کەرکووک گرفتی سەرەکیی بووە لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا. هەتا پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003، کێشەی کەرکووک لە نێوان بەرداشی عەرەبی- کوردی بە هەڵواسراویی مایەوە، بەڵام لایەنە کوردییەکان لانیکەم لە وێستگە گرنگ و ستراتیژییەکاندا هاودەنگ بوون بەرامبەر بە بەغدا، ئەمەش تا ڕادەیەک کاریگەریی هەبووە لەوەی کە پرۆسەی تەعریب سەرکەوتنی تەواو بە دەست نەهێنێ و، ڕۆحی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوە لە ناو کوردی کەرکووکدا بە زیندووی بمێنێتەوە.

پاس ساڵی 2003 بۆ یەکەمجار کورد بووە دەسەڵاتداری کەرکووک و پارتی و یەکێتیی هەتا 15/ئۆکتۆبەری/2017 حوکمڕانیی ئەم شارەیان کردووە، بەڵام بە داخەوە هەر دوو لا سیاسەت و پلانێکی ستراتیژییان نەبوو بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان و لەوانەش کەرکووک. لایەنە کوردییەکان هەموو ئۆمێدی خۆیان لەسەر ماددەی 140 هەڵچنیبوو، کە ئەویش بە هۆی پیلانە هەرێمی و ناخۆییەکان هەتا ئێستا هیچی لێ سەوز نەبووە و لە بەرامبەریشدا، لایەنە کوردییەکان پلان و بەرنامەیەکی جدی و پراکتیکییان نەبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پیلانانەی کە بەردەوام دژ بە کەرکووک و ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان لە ئارادابوون.

پاش ڕووداوەکانی 16/ ئۆکتۆبەری/2017 کێشەی کەرکووک پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، کە بێگومان هەر چرکەیەکی لە زیانی کوردە. هەڵەی ستراتیژیی لایەنە کوردییەکان و بە تایبەتی یەکێتی لە کەرکووک، وایکرد کە کەرکووک لەسەر سەوەتەیەکی زێڕین تەسلیم بە عێراق و هێزە هەرێمییەکان بکرێت و کورد بخرێتە دەرەوەی ئیدارەدانی کەرکووک. گومان لەوەدا نییە کە ئەو هەڵە ستراتیژییە زیانی زۆری لە کورد داوە، بەڵام چارەسەری ئەو هەڵەیە بەوە ناکرێت کە کەرکووک جارێکی تر لە بەرداشی ململانێکانی نێوان پارتی و یەکێتیدا بکرێتە قوربانی و زیانەکان فراوانتر ببن، بەڵکوو کورد وتەنی زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە.

جاران کێشەی کەرکووک تاکڕەهەندی بوو، ئەویش کێشەی کورد بووە لەگەڵ بەغدا، بەڵام پاش 16ی ئۆکتۆبەر ئەم کێشەیە جگە لە ڕەهەندی یەکەم کە هێشتا هەر بەردەوامە، ڕەهەندێکی تریشی وەرگرتووە، کە ئەویش ناکۆکیی کورد- کوردە و بریتییە لە جیاوازیی بۆچوونەکانی پدک و ینک لەسەر چارەسەرکردنی دۆخی ئیداریی کەرکووک و دانانی پارێزگار و کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا. ئەوەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسیی کەرکووکدا دەبینرێت، بە حیزبیکردنی کێشەی کەرکووکە لە نێوان پدک و ینک، ئەم دوو لایەنە بە کۆمەڵێک داخوازی و دروشمی ناواقیعی، بە کردەوە چارەسەرکردنی دۆخی ئیدارەی کەرکووکیان گەیاندووەتە بنبەست. نە ئەو داخوازییەی یەکێتی لۆژیکی تێدایە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات پارێزگاری ئەو شارە هەر دەبێ بۆ ئەوان بێت، نە ئەو دروشمەی پارتیش واقیعییە کە پێیوایە کەرکووک داگیرکراوە و بایکۆتی چارەسەری سیاسی کردووە بۆ دۆخی ئیداریی کەرکووک، هەتا داگیرکاری لەو شارە کۆتایی نەیەت. ئەزموونی یەک ساڵی ڕابردوو، سەلماندی کە ئەو دروشمەی پارتی کارتێکی گوشاری بەهێز نییە دژ بە بەغدا و، حکومەتی عێراق لەو ڕووەوە نازی پارتی هەڵناگرێت کە کەرکووک بە داگیرکراو دەزانێت، بە پێچەوانەوە ئەوە بە سیاسەتێکی بێ مەترسی دەزانێ. دوورکەوتنەوەی پارتی لە ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکان و لەوانەش کەرکووک، لە قازانجی هێزە هەرێمییەکان و هەروا ڕەوتی عەرەبییە بە شیعە و سوننەوە و، لەو ڕووەوە هەست بە ئاسوودەیی زیاتر دەکەن کە پارتی لەو ناوچانەدا نییە و، تەنانەت نەبوونی پارتی لەو ناوچانەدا بە دەستکەوت و سەرکەوتن دەزانن بۆ خۆیان.

چارەسەری دۆخی ئەمڕۆی کەرکووک تەنیا بە دوو ڕێگەی سیاسی یا سەربازی دەکرێت، لەوانەیە گرتنەبەری ڕێگەی سەربازی لەم دۆخەدا بۆ کورد مومکین یا گونجاو نەبێت، کەواتە تەنیا ڕێگەچارەی سیاسی لە بەردەمدا دەمێنێتەوە، کە ئەمەش بە دروشم و بایکۆت و ململانێی حیزبی ناچێتەسەر. بێگومان لایەنی عەرەبی و هەرێمی کە ڕۆڵیان هەبووە لە خولقاندنی دۆخی نوێی کەرکووک، خۆشحاڵن بەوەی کە پدک و ینک لە پێناو کۆمەڵێک بەرژەوەندیی تەسکی حیزبی دەمیان ناگاتە یەک و ناتوانن پێکبێن و، کەرکووکیان کردۆتە نێچیرێکی ئاسان بۆ ئەوان، هەتا بتوانن بە هێمنی و بە ئاسوودەییەوە پرۆژە و پیلانەکانی خۆیان لە کەرکووک پیادە بکەن.

ڕاستە دانانی پارێزگار و کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا، بە واتای چارەسەری هەموو کێشەکانی کورد نییە لە کەرکووک، بەڵام ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە لانیکەم ڕۆڵی دەبێت لە شکستپێهێنانی بەشێک لەو پیلانانەی کە ڕۆژانە لەو شارە دژ بە کورد پیادە دەکرێن. هەنگاوی یەکەم بۆ شکاندنی ئەو تەوقەی کە بە زۆر کراوەتە ملی کەرکووک، کارکردنی پێکەوەیی هەموو لایەنە کوردستانییەکان و گەڕانەوەیەکی بەهێزە بۆ کەرکووک، کە بەرپرسیارێتیی سەرەکیش لەم قۆناغەدا لە ئەستۆی پدک و ینکە. قووڵترکردنەوەی ناکۆکی و ململانێکانی نێوان پدک و ینک هەروەک چۆن لە ڕابردوودا 16 ی ئۆکتۆبەری خولقاند، ئەوا لە داهاتووشدا دەتوانێ کارەساتی لەوە ترسناکتریش بخولقێنێت. قۆستنەوەی هەموو هەلێک بۆ یەکخستنی هێز و توانای لایەنە کوردستانییەکان لە پێناو بەدەستەوەگرتنی ئیدارەی فەرمیی کەرکووک، کلیلی کۆتاییهێنانە بە دۆخی سەربازیی سەپێنراو لەو پارێزگایە. نابێت پدک و ینک لە نێوان بەرداشی ململانێ حیزبییەکانی خۆیاندا، ئایندەی کەرکووک بدەنە دەست قەدەر و چارەنووسێکی نادیار، کە تێیدا لایەنە نەیارەکانی کورد ببنە ئەکتەری سەرەکی و ڕۆڵی بنەڕەتی بگێڕن بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەم شارە کە بێگومان کورد تێیدا زیانمەندی سەرەکی دەبێت.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# بەو حاڵەوە حکومەت!

## 1

بەدەر لەو ڕووداوانەی کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دیمەنەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی و باڵادەستیی دەسەڵاتی ئەمنی بەسەر سیاسەت و قانوونیان لە زاکیرەی میللەتدا زیندوو کردەوە، دەرکەوت کە یەکێتی و پارتی داخیلی قۆناغێکی نوێ لە ململانێی نەوەیەکی دیکە لە دوو مەدرەسەکە بوونە.

ئەگەر بۆ پارتی ئەمڕۆ پێکهێنانی خێرا و بەپەلەی کابینەی نۆیەم بووەتە تەحەددی، ئەوا لایەنی یەکێتیش تا بۆی بکرێت ڕێگری لەوە دەکات کە ئەو پرۆسەیە وا بە ئاسانی تێپەڕێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە پارتی لە پێکهێنانی حکومەتدا، خۆی خستووەتە هەڵوێستێکەوە وەک ئەوە وایە، چەندین ساڵ بێت حوکمڕانی بەدەست حیزبێکی دیکەوە بووبێت و پارتی ئەمجارە لە هەڵبژاردنەکان بردوویەتیەوە و دەیەوێت حکومەتی ڕادەست بکرێتەوە! ئەگەرنا ئەم هەموو پەلەپەلەی بۆ چییە؟

تا پێش سێی 12ی پارساڵ، یەکێتی و گۆڕان بە مەمنوونی چاوەڕێی ئەوە بوون کە پارتی مەرحەبایان بکات و دەرگای دانوستاندنیان لەگەڵدا بکاتەوە. دوای ئەوە ئیتر تیر لە کەوان دەرچوو! بەڵام دیسانیش پارتی دەیتوانی لەبری ئەو شاندەی ئێستای شاندێکی وەها بڕیار بەدەست دروست بکات کە توانای دانوستاندن لەسەر هەموو مەلەفێکی هەبێ، بەتایبەتیش کە نەبوونی بەرپرسێکی سەرۆکایەتیی حکومەت لەناو شاندی پارتیدا، لای لایەنەکان جێگەی پرسیار بووە و لە جدییەتی دانوستانەکانی کەم کردووەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە دەڵێی هێشتا پارتی لەو واقیعە نوێیەی دوای 16ی ئۆکتۆبەر تێنەگەیشتووە! مەرکەزییەتی بڕیاری ناو یەکێتی کە لە دوای نەخۆشکەوتنی تاڵەبانییەوە کەوتە دەست دایک، دوو کوڕ و چەند وەسییەک، ئیتر کۆتایی هاتووە، ئیتر بە تەلەفۆنێک و چاخواردنەوەیەک لەگەڵ هێرۆ برایم ئەحمەد، بڕیار نادرێت. یەکێتی ئێستا چوار باڵە، باڵێکیان وەکو داشە هارە بەناو باڵەکانی دیکەدا تەراتێن دەکات، لەکوێ حەزی لێبێت پێکیدێنێ و لەکوێ حەزی لێنەبێت تێکیدەدا، ئەویش باڵی لاهورە کە ئێستا بەسەر حیزب و دەزگای ئەمنیدا زاڵە و، حیساب بۆ کەسیش ناکات. بۆیە ئەوانەی لەو حکومەتە نوێیەدا بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە بەر مەترسی، ئەستەمە وا بەئاسانی تەحەددییەکانی پارتی لەناو جەرگەی سلێمانی قەبوڵ بکەن و، ڕێگەش بدەن حکومەتێکی بەهێز دروست ببێت.

---

# دکتۆر بەرهەم دێتە هەولێر؟

## 2

پێناچێ ئیتر یەکێتی لە دانوستاندنەکاندا پێداگری لەسەر ئەوە هەبێت کە پارتی مامەڵە لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح وەک سەرۆککۆماری وڵاتی بەناو عێراقدا بکات، بەڵام ڕاستییەک هەیە کە ڕاگرتنی پەیوەندییەکان لە نێوان بەرهەم ساڵح و پارتیدا لە قازانجی هەردوولادا دەبوو. پارتی ئەگەر ئارگۆمێنتی خۆی هەبێت، بەرهەم ساڵحیش وەکو هەموو سیاسییەکی دیکە تموحی هەبوو بگاتە ئەو شوێنەی ئێستا لێیەتی. بەرهەم ساڵح ئەگەر پشتیوانیی سەرۆک بارزانیی هەبێت، بە دڵنیاییەوە سەرۆکێکی بەهێزتر دەبێ و لە بەغداش نوێنەرایەتییەکەی لە نوێنەری حزبێکەوە دەبێ بە هی نەتەوەیەک ، بەرهەم ساڵحیش دەیتوانی بۆ پارتی ببێتە واجیهەی سلێمانی و ئەمڕۆ پارتی بەدەست ئەم پاشاگەردانییەی ناو یەکێتییەوە گیری نەخواردبایە.

ئەوەی ڕوویداوە تازە ڕوویدا و، لە سیاسەتدا مەحاڵ نییە. بەڵام پارتی دەبێ ئەوە بزانێت کە ئەمڕۆ باجی هەڵەکانی ڕابردووی لەبەرامبەر دۆخی ناوخۆیی یەکێتی دەدات. ئەوانەی دەکرا وەکو (ناوەندی بڕیار) بڕیار بەدەستی یەکێتی بن و وەک پرۆسەی ڕیفراندۆم پشتیوانیی لێ بکەن، ئەمڕۆ تەنها باڵێکن، ئەو باڵەیش کە پارتی پشتی گرتن، ئەمڕۆ لە ڕاکەڕاک بۆ سەر مەزاری تاڵەبانی و پەیمان نوێکردنەوە زیاتر قسەیەکی دیکەیان پێ نییە. ئەوانەیش کە بە هەماهەنگی هەردوو بنەماڵە قوت کرانەوە و کران بە بەرپرس و چەک و پارەیان کەوتە دەست (وەک کوڕانی جەنگی)، ئەمڕۆ لە قاچوقولی پارتی و هەموو یەکێتییەوە ئاڵاون.

هەقە پارتی توانای خوێندنەوەی واقیعە ناوکۆییەکانی یەکێتی هەبێت، بەرهەم ساڵحیش ئەمڕۆ باڵێکی دیکەی ناو یەکێتییە و لە ڕێگەی پۆستەکەیەوە تا ڕاددەیەک کۆکەرەوەی بەرژەوەندیی باڵەکانی دیکەشە، دەتوانێ هەم لە ئاستی ناوخۆیی و هەم لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش فاکتەرێکی یاریدەدر بێت، چونکە بە خۆشی بێت یان بە ناخۆشی سەرۆکی هەرێمی داهاتوو، مەجبورە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت وەکو دوو سەرۆک لە وڵاتێکدا.

---

# ئەو دەرزییەی سوپا لێیدان

## 3

زۆر باش بوو کە یادی دامەزراندنی سوپای وڵاتی بەناو عێراق، ڕێک کەوتە ناو ئەو گێرمەوکێشەیەی لە نێوان پارتی و یەکێتیدا ڕوویدا. گلەیی کورد لە سوپای داگیرکەر ئەوەیە کە کورد لەو سوپایەدا ڕێژەی بەشداریی نزیکەی دوو لەسەدە و ئەو سوپایە تەمسیلی هەموو نەتەوە و ئایینەکانی وڵات ناکات، ئەو سوپایە بۆ کۆمەڵکوژیی کورد بەکارهاتووە، کودەتای کردووە و ئەنفالی کردووە و زۆر شتی دیکەش کە هەموویان ڕاستن. ئەی باشە ئەی کوردەکانی بەرەی 16ی ئۆکتۆبەر و ئەی دەوڵەتییەکانی بەرەی 25ی ئەیلول، بۆ ناپرسن کە پتر لە نیو سەدەیە بۆچی ئێمە نەمانتوانی سوپایەکمان هەبێ؟ بۆچی وا بۆ 26 ساڵ زیاترە کە حکومەت و ئیدارەمان هەیە، نەمانتوانیوە هێزی پێشمەرگە، ئاسایش و پۆلیس لەژێر دەستی حزب دەربێنین و بیانکەین بە هێزی نیشتمانی؟

ئەو کاتە دەبوو خەڵک دڵیان بە یادنەکردنەوە یان بە پشووڕانەگەیاندنی ڕۆژی شەشی کانوون خۆش بێت کە خۆی سوپایەکی هەبوایە و خۆیشی ڕۆژێکی هەبوایە بۆ ئەو یادکردنەوەیە.

---



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# زلهێزەکان دێنەوە هەولێر

بەپێی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەم هەفتەیە پۆمپێیۆ گەشتێکی درێژی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دەبێت. ناوی ئەو وڵاتانەش نووسراوە کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانیان دەکات و عێراقی تێدا نییە، بەڵام وەک من ئاگادارم دەچێتە ئەوێش و کۆتایی هەفتەی داهاتووش هەم پۆمپێیۆ و هەم وەزیری دەرەوەی فەرەنسا میوانی کوردستانن و لە هەولێر دادەبەزن.

سەردانی پۆمپێیۆ پێش بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزە ئەمریکییەکان لە سووریا پلانی بۆ دانرابوو، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و ئەجێندای سەردانەکەی ئەویش گۆڕانی بەسەرداهاتووە. کاتی خۆی ئۆباما لە قاهیرە وتارێکی دا و تێیدا هەوڵی دا وێنە جوانەکەی ئەمریکا بە وڵاتانی موسڵمان و بەتایبەتیش عەرەب پیشانبدات. پۆپمێیۆ دیسان لە قاهیرە هەمان کار دەکاتەوە، بەڵام بەشێکی دیکەی سەردانەکەی بۆ تەواوکردنی ئەو سەردانەیە کە جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، بۆ ئیسرائیل و تورکیا کردوویەتی و ئامانج لێی سنووردارکردنی ئەو زیانەیە کە بڕیارەکەی ترەمپ لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکای داوە. لە ڕۆژانی ڕابردووشدا پاشەکشەیەکی بەخشکەیی بە بڕیارەکەی ترەمپەوە دەرکەوتووە، بەتایبەتیش بۆ کوردی ڕۆژئاوا، وێنەی هاوپەیمانێکی بەجێهێڵدراو خەریکە کاڵ دەبێتەوە و هەم بۆڵتن و هەم پۆمپێیۆش ئەوەیان بەئاشکرا پشتڕاست کردووەتەوە.

هاتنی پۆمپێیۆ و لەگەڵیشیدا وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ هەولێر، تەنانەت ئەگەر بەناوی هەماهەنگی بۆ درێژەپێدان بە شەڕی داعشیش بێت، بەڵام لەڕووی سیاسی و مەعنەوییەوە بۆ کوردی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان سەردانێکی گرنگ دەبێت. فەرەنسا بە سەرۆک و وەزیری دەرەوەیەوە لە ساڵ و نیوی ڕابردوودا هەڵوێستی کورددۆستانەی زۆری هەبووە. هەرچەندە لودریانی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەر لە ئەنجامدانی گشتپرسی هۆشداریی دایە هەولێر و داوای کرد دوابخرێ، بەڵام هەم وەک وەزیری پێشووی بەرگریی فەرەنسا لە قۆناخی دەستپێکردنی شەڕی داعش و هەم وەک وەزیری نوێی دەرەوەی فەرەنساش کۆششی زۆری کرد بۆئەوەی پاش شازدەی ئۆکتۆبەر هەموو دەرگاکان، بەتایبەتی لەڕووی دیپلۆماسییەوە، بەسەر هەولێردا دانەخرێن. ئێستاش کە فەرەنسا و ئەڵمانیا بەئاشکرا باسی جیاکردنەوەی ڕێگەی خۆیان لە سیاسەتی بەرگری و دەرەوەیاندا لە ئەمریکا دەکەن، فەرەنسا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا وەک هێڵی نێوەڕاست و نێوانکار لەنێوان ڕووسیا و ئەمریکادا دەردەکەوێت. پۆمپێیۆش کە داکۆکیکارێکی سەرسەختی سیاسەتەکانی ترەمپە و بەپێچەوانەی تیلەرسنەوە کۆتایی بە بانێک و دوو هەوای سیاسەتی دەرەوە لەنێوان کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەتایبەتیش سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هێناوە، وەک کەسێکی بڕوادار بە دژایەتیی ئێران و لە هەندێک هەڵوێستی لێزاندراویشیدا وەک دۆستی کورد ناسراوە. بۆیە سەردانی ئەو دوو کەسە بۆ هەولێر، لەم دەستپێکی ساڵی 2019 یەدا، سەردانێکی گرنگ دەبێت.

ئەوەی لە گوتاری گۆڕدراوی ئەمریکادا لەدوای بڕیارەکەی ترەمپەوە دەخوێندرێتەوە، ئەوەیە کە دەیانەوێ تورکیا ڕازی بکەن، بەڵام دەشیانەوێ کوردی ڕۆژئاوا پارێزراوبێت. واتە نالێین دەبێ یەپەگە یان پەیەدە یان هەسەدە پارێزراوبێت. کاتێک پۆمپێیۆش گوتی: نامانەوێ کورد لەلایەن تورکەکانەوە قەتڵوعام بکرێن، نەیگوتبوو نامانەوێ ئەو هێزانەی سەر بە پەکەکەن لە سووریا لە شەڕدا بەرامبەر تورکیا بدۆڕێن. ڕەنگە بۆ هەموو لایەکیش باشتربێت کە لە کۆتاییدا ڕێگەیەکی نێوەڕاست بدۆزنەوە هەم تورکیا ڕازی بکات و هەم کوردیش ئەوەی هەیانە لەدەستیان نەچێت. لەوەشدا، ئەگەر پەکەکە هەنگاوی هەڵە نەهاوێژێت، دەکرێ هەولێر هەم بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەنقەرە و هەم بۆ هەماهەنگیش لەگەڵ ئەمریکا و فەرەنسای دۆستی کورد ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. ئەمەش تەنیا بەوە دەکرێت کە پەکەکە تێبگات لەوەی چیدیکە ناتوانێ درێژە بە حوکمی تاکحیزبی بدات لە ڕۆژئاوا و دەبێ هەم هەولێر ڕازی بکات و هەم بیانووش بۆ ئەنقەرە نەهێڵێتەوە تا دژایەتیی بکات.

---



د. نەوزاد هێتوتی

# ڕۆژاڤا پاش بڕیارەکەی ترەمپ

پاش ئەوەی ئەمریکییەکان دەستبەرداری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عەرەبی سوننی بوون لە سووریا ، بیریان لە سوودوەرگرتن لە هێزی یەپەگە کردەوە، وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ شەڕی دژی داعش. بەرپرسانی ئەمریکا پێیان وابوو کە بۆ لەناوبردنی داعش لە عێراق، زۆر گرنگە بەرەیەکی تری شەڕ لە سووریا دژی ئەم گرووپە بکرێتەوە. ئەمەش سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیی سەربازی بوو لەنێوان ئەمریکا و یەپەگە. ئەم ستراتیژەی ئەمریکا توانی سەرکەوتنی گەورە لە ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکانی باکووری سووریا تۆمار بکات و داعش تووشی شکستی گەورە بکات.

بەڵام ئەوەی بەردەوام لە ناوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکاندا جێگەی پرسیار و گومان بووە، ئەوە بووە کە ئەمریکا هیچ پرۆژەیەکی سیاسی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە سووریا نەبووە و تەنیا لە ڕوانگەیەکی سەربازی و بۆ تێکشکاندنی داعش پەیوەندییان لەگەڵ یەپەگە سازکردووە. ئەمەش بە پێچەوانەی خواست و داواکارییەکانی کورد بووە کە دەیانەوێت ئەمریکا لە ڕوانگەیەکی سیاسی و ستراتیژیی درێژخایەنەوە سەیری پرسی کورد بکات. ئەمریکییەکان لە زۆربەی لێدوانەکانیاندا زۆر بە ڕاشکاوی ئاماژەیان بەوە کردووە کە پەیوەندییان لەگەڵ یەپەگە پەیوەندییەکی کاتی و تاکتیکییە و مەبەستی سەرەکیش لەوە تێکشکاندنی داعشە. بۆیە هیچ کاتێک، هیچ بەرپرسێکی ئەمریکی بە ئاشکرا باسی ئەوەی نەکردووە کە پاڵپشتی لە کیانێکی سیاسی کوردی لە ڕۆژئاڤا دەکەن.

ئەوەی زیاتر ئەم ڕوانگەیەی ئەمریکای سەلماند، بڕیاری لەناکاوی ئیدارەی ترەمپ بوو لە 19ی دیسەمبەری 2018، بۆ کشانەوەی بەپەلەی تەواوی هێزەکانی لە سووریا، بەبێ ئەوەی هیچ حسابێک بۆ چارەنووسی کورد و ڕۆژئاوای کوردستان بکات، یان قسەیەک لەگەڵ بەرپرسەکانی کورد بکات. بەتایبەت لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا، کورد ڕووبەڕووی هەڕەشەی ڕاستەقینە دەبێتەوە و ئەگەری زۆر هەیە لەلایەن تورکیا، ڕژێمی ئەسەد و هاوپەیمانەکانی و داعشەوە هێرشیان بکرێتە سەر و هەوڵی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بدەن.

ئەم بڕیارە لەناکاوەی ترەمپ، ڕووبەڕووی شەپۆلێکی فراوانی گلەیی و ناڕەزایەتی لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکا و لەسەر ئاستی دەرەکی، بەتایبەت لەلایەن هاوپەیمانەکانی بووەوە. زۆربەی گلەیی و ڕەخنەکان بەو ئاراستەیە بوون کە ئەم بڕیارە، لە دەرەوەی ڕاوێژکردن بە بەرپرسە باڵاکانی ئەمریکا وەک وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ، کۆنگرێس و هەروەها دۆستەکانی لە ناوچەکەدا دراوە.

لەلایەکی تریشەوە، ئەم بڕیارە، دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنە نەیارەکانی ئەمریکا، بە تایبەت ئێران، ڕووسیا و ئەسەد بەهێزتر ببن و دەبنە تاکە هێزی بڕیاردەر لە گەمەی سیاسی و سەربازیی سووریادا و تەنانەت کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕینی هاوسەنگی لە بەرژەوەندیی ئێران لە تەواوی ناوچەکەدا. وێڕای ئەوەی زۆربەی چاودێران پێیانوابووە کە ئەم هەنگاوەی ترەمپ، دەبێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش کە هێشتا بە تەواوەتی لە سووریا تێکنەشکاوە و دەتوانێت دووبارە خۆی ڕێکبخاتەوە. هەروەها بەشێکی زۆر لە بەرپرس و سیاسییەکانی ئەمریکا و تەنانەت مێدیاکانیان، ئەم سیاسەتەی ترەمپیان بە خیانەت لە کورد پێناسە کرد و پێیانوابوو کە کورد نزیکترین دۆست و هاوبەشی ئەمریکان لە ناوچەکەدا و قوربانییەکی زۆریان داوە لە شەڕی دژی داعش و نابێت بەو ئاسانییە پشتیان تێبکەین.

گوشارەکان ترەمپیان ناچار کرد کە سەبارەت بە چۆنێتی کشانەوەی هێزەکانی لە سووریا نەرمی پێشان بدات و ڕازی بێت بەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و بە بەرنامە پاشەکشە بکەن. بەشێوەیەک وەک سێناتۆری کۆمارییەکان گراهام ئاماژەی پێکردووە، گەرەنتی سێ خاڵی سەرەکی بکات: یەکەم، دڵنیابوون لە تێکشکاندنی هەمیشەیی داعش. دووەم، ئێران ئەو بۆشاییەی پاش کشانەوەی ئەمریکا پڕناکاتەوە. سێیەم کشانەوەکە بەشێوەیەک بێت زیان بە کورد نەگەیەنێت و پارێزراو بن.

ترەمپ لە دووی کانوونی دووەمی 2019 بەشێک لە قسەکانی گراهامی پشتڕاست کردەوە، وێڕای جەختکردن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکشێنێتەوە، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە کورد دەپارێزن.

هەرچەندە لێدوانەکانی لیندسی گراهام و ترەمپ بۆ پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان جۆرێک لە گەشبینی دروست کردووە، بە تایبەت بێ پاڵپشتی ئەمریکا، ڕۆژئاوای کوردستان هیچ بژارەیەکی لەبەردەمدا نییە و ناچارە بۆ ڕێگری لە دووبارەبوونەوەی سیناریۆی عەفرین ڕوو لە ڕژێمی ئەسەد و ڕووسیا بکات. بێگومان ئەمەش وادەکات کە کورد لە پێگەیەکی لاوازەوە گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد بکات و پێناچێ دیمەشقیش ئامادە بێت دان بە کیانێکی کوردیدا بنێت.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هێزەکانی ئەمریکا چ بەشێوەیەکی خێرا یاخود لەسەرخۆ لە سووریا بکێشنەوە، مەسەلەی پاراستنی کورد وەک ترەمپ ئاماژەی بۆ دەکات، زۆر گومان و پرسیار هەڵدەگرێت. بە تایبەت لە کاتێکدا کە ئەمریکا هیچ پرۆژەیەکی سیاسی نییە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، چۆن و بە چ شێوەیەک دوای کشاندنەوەی هێزەکانی، دەتوانێت کورد بپارێزێ؟ ئایا ئەمریکا ئامادەیە ناوچەی دژەفڕین لە ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، یان لە ڕێگەی هێزی ئاسمانییەوە پاڵپشتیی کورد بکات؟ بەتایبەت کە ڕووسیا بەتوندی دژی هەر جۆرە پرۆژەیەکی لەو جۆرەیە و ئامادەیە لە ئەنجوومەنی ئاسایش ڤیتۆ لەدژی بەکاربهێنێ. ئەمە بەدەر لەوەی ناوچەی دژەفڕین پارەیەکی زۆری تێدەچێت، کێ ئەو خەرجییە لەئەستۆ دەگرێت؟ یان هەندێک سەرچاوە باسی ئەگەری دورستکردنی ناوچەی دابڕاو دەکەن، بەڵام دیار نییە بەبێ هێزەکانی ئەمریکا ئەم ناوچە دابڕاوە چۆن دروست دەکرێت و کام هێز ئەم ناوچەیە دەپارێزێ؟

بەڕاستی ئەو پرسیارەش هەیە، ئەمریکا ناتوانێت هەتا هەتایە کورد بپارێزێ، کەوایە بۆچی پێش کشانەوەی لە سووریا، پێگەی سەربازی و سیاسیی خۆی بەکارناهێنێ بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و تەنانەت قەیرانی سووریا بەگشتی، بە شێوەیەک کۆتایی بە شەڕی خوێناوی لەو وڵاتە بهێنێ؟.. بۆچی ئەم پرسە بۆ ڕووسیا، ئێران و ئەسەد و تورکیا بەجێدەهێڵێ، لە کاتێکدا ئەم دەوڵەتانە هیچ دیفاکتۆیەکی کوردی قەبوڵ ناکەن؟

بۆیە ئەمریکا بە شێوەیەکی خێرا بکشێتەوە یان لەسەرخۆ، بۆ ڕۆژئاوای کوردستان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە پاڵپشتیی کورد نەکات و کار نەکات بۆ چارەسەری پرسی کرد لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵی یان هەر فۆرمێکی تر.

RÛDAW



## زارین
## بە لایڤ میوزیک دەژیت

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالْح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

# بەریتانی تەڵە بۆ کۆچبەران دەنێنەوە

**رووداو- هەولێر**

پۆلیسی بەریتانیا کۆچبەرێکی کوردی دەستگیرکرد بە تۆمەتی ئەوەی لە رێگەی فەیسبووکەوە نامە و وێنەی بۆ کچێکی تەمەن 13 ساڵان ناردووە.

ئەو کۆچبەرە کوردە کە ناوی (ک)ە و لە بەریتانیا دادەنیشێ، بەپێی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لەلایەن دوو کەسەوە دەستگیر دەکرێ و بەر لەوەی بخرێتە نێو ئۆتۆمبێلی پۆلیسەوە، بۆ ماوەی زیاتر لە چارەکە سەعاتێک لە پەنا دیوارێک لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ. دوو کەسەکە تۆمەتی ئەوە دەخەنە پاڵ گەنجە کوردەکە کە لەڕێگەی فەیسبووکەوە وێنەی نەشیاو و نامەی بۆ کچێکی 13 ساڵان ناردووە و داوای سێکسیشی لێکردووە، بەڵام گەنجەکە ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە و داوای بەڵگەیان لێدەکات. پاشان قۆڵی گەنجەکە دەگرن و دەیخەنە نێو ئۆتۆمبێلێکی پۆلیسەوە.

"کوردانی بەریتانیا" کە پەیجێکی فەیسبووکە، روونکردنەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا هاتووە: "ماوەیەکە هەندێک کوردی دانیشتووی بەریتانیا تووشی کێشە و سووکایەتی لەلایەن چەند گرووپێکی نهێنی بوونەتەوە کە خۆیان دەکەنە کچی خوار 16 ساڵان و تەڵە دادەنێنەوە. رەسم دەنێرن و داوای پەیوەندی دەکەن، بەڵام راستییەکەی ئەم پرۆفایلانە هی ئەو گروپە نهێنیانەن کە ئیش لەگەڵ پۆلیس دەکەن". بۆیە "ئەگەر add یان message لەو جۆرە کەسانەوە بۆ هات، وەریمەگرە، چونکە ئەمە کارێکی نایاساییە و رەنگە 2-4 ساڵ بەند بکرێی و ناویشت دەچێتە لیستی ئەو کەسانەی دەستدرێژییان کردووەتە سەر منداڵان".



# سەردەشتی دەبنە حکومەت

**رووداو- سەردەشت**

هاووڵاتیانی دانیشتووانی گوندێکی سەر بە شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانە لە جیاتی حکومەت رێگای گوندەکەیان چاک دەکەنەوە کە بەهۆی بارانەوە زیانی پێدەگات.

رێگای سەرەکی گوندی (سپیدارە نەلین)ی سەر بە شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی بارانەوە زیانی زۆر بەرکەوتووە، خەڵکی گوندەکە دەڵێن حکومەت بۆیان چاک ناکاتەوە، بۆیە ساڵانە خۆیان نۆژەنی دەکەنەوە.

کامەران چاوشین کە دانیشتووی گوندەکەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند "ساڵانە بەهۆی بارینی بارانەوە زیانێکی زۆر بە رێگەی گوندەکەمان دەگات و هاتوچۆ ئەستەم دەبێ، لەبەرئەوەی حکومەت بۆمان چاک ناکاتەوە، بۆیە ناچار دەبین لەسەر ئەرک و گیرفانی خۆمان چاکی بکەینەوە".

رێگای سەرەکی زۆربەی گوندەکانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، خۆڵن، لە وەرزی زستاندا بەهۆی باران و لافاوەوە زیانی زۆریان پێدەگات، کاتێک حکومەت رێگاکان چاک ناکاتەوە، هاووڵاتیان ناچارن خۆیان پارە کۆبکەنەوە و رێگاکانی پێ چاک بکەنەوە، یان پەنا دەبەنە بەر بەڵێندەران بۆیان چاک بکەنەوە.





# تووڕەکانی بارزان بەشی عەشیرەتێک دەکەن

**رووداو – بارزان**

هاووڵاتییەکی دەڤەری بارزان کە سەوزەی لە ماڵەکەیدا چاندووە، دەڵێت تووڕێک لە باخچەکەیدا رواوە کێشەکەی شەش کیلۆ دەبێ.

سەرباز هۆستانی دانیشتووی گوندی هۆستانی دەڤەری بارزان کە خاوەنی تووڕە شەش کیلۆگرامییەکەیە، بە (رووداو)ی راگەیاند "لە مانگی ئەیلوولی ساڵی رابردوو هەندێک سەوزەم لە باخچەی ماڵەکەمدا چاند کە بەشێکی توور بوو".

دوای سێ مانگ سەرباز تووڕەکانی هەڵدەکێشێ و یەکێک لە تووڕەکانی تووشی سەرسوڕمانی دەکات کە بە گوتەی خۆی "قەبارەی تووڕەکە زۆر گەورەیە و کێشەکەی شەش کیلۆگرامە".

پێشتریش جووتیارێکی کورد کە بایی 500 دینار تۆوی شێلمی لە زەوییەکەی چاندبوو، توانیبووی سێ تۆن شێلم لە زەوییەکەی هەڵبگرێتەوە کە کێشی یەکێک لە شێلمەکانی چوار کیلۆ بوو.



**رووداو- هەولێر**

یوسف چەلیک، هاوڕەگەزخوازێکی تەمەن 31 ساڵی کوردە، لە شاری ئۆتاوای پایتەختی کەنەدا هەڵمەتێکی بۆ پشتگیری لە هاوڕەگەزخوازانی وڵاتانی ئیسلامی دەستپێکردووە و دەڵێت چەوساوەترین گرووپن لە جیهاندا.

یوسف خەڵکی ناوچەی سەمسوورەی باکووری کوردستانە و لە ساڵی 2009 وە تورکیای جێهێشتووە، لە ساڵی 2018ش لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی کەنەدی بۆ پەرەپێدانی فیدرالیزم لە عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە.

یوسف کە خۆی بە موسڵمانێکی پابەند دەزانێ، بە ماڵپەڕی (ئۆتاوا سیتیزن)ی کەنەدی گوتووە کە حکومەتی کەنەدا دەبێ بەرگری لە هاوڕەگەزخوازەکانی وڵاتانی ئیسلامی بکات، چونکە بەبۆچوونی ئەو "چەوساوەترین گروپن لە جیهاندا".




زانکۆی ستراتفۆردی ئەمریکی کە 8 لقی لە ئەمریکا هەیە و دوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی لە حکومەتی هەرێم، لقی خۆی لە هەولێر دەکاتەوە و تاکە زانکۆی راستەقینەی ئەمریکی یە لە ئێراق و کوردستان. ئەم زانکۆیە خاوەنی 10 دانپێدانانی ئەمریکی و جیهانی یە و سەرجەم سیستمی خوێندن، مەنهەج، کامپێسی ئەلکترۆنی و بڕوانامەکانی لە ئەمریکاوە دێن. ئەم زانکۆیە ئەمساڵ 2 سکول بە چەندین بەشەوە دەکاتەوە:

- سکولی بیزنس و بیزنسی نێودەوڵەتی بەم بەشانەوە:
- ژمێریاریی و دارایی
- سەرچاوە مرۆیی یەکان
- بەڕێوەبردنی کار
- بەڕێوەبردنی گاز و نەوت

**سکولی ئەندازیاریی کۆمپیوتەر بەم بەشانەوە:**
- ئەندازیاری پرۆگرامەکانی مۆبایل و وێب
- ئەندازیاری سایبەر سکیوریتی
- ئەندازیاری تێلێکۆمیونیکەیشن
- ئەندازیاری نێتوۆرک
- ئەندازیاری داتابێیس
- ئەندازیاری سۆفتوێر

هەروەها ئەم زانکۆیە ئینستیتوتی زمانی ئینگلیزی کردۆتەوە بۆ خوازیارانی فێربوونی زمان کە 6 ئاستی هەیە و قوتابییان ئامادە دەکات بۆ خوێندنی ئاکادیمی، بیزنس، گفتوگو یان بۆ تاقیکردنەوەی ئایل و تۆفل.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارانەی خوارەوە:**
1616 970 750 00964
1616 980 750 00964

ئادرێس: هەولێر- شەقامی گوڵان